



## ژمارە ١٠

# ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

سەرنووسەر: ک. د. ئازاد

کاناڵی تێلگرامی: @Le_Daweni_Arbebawe

خاکەلێوەی ٢٧٢١


| وتاری ئەدەبی، مێژوویی... | لاپەڕە | شێعر، پەخشان... | لاپەڕە | چیرۆک | لاپەڕە |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| بەیاننامەی ئەنجومەن | ۲ | کرماشان. پەری نەجەفی | ۶ | بانە. ژیرۆ | ۴۹ |
| کرماشان. کوچەر | ۳ | مەهاباد. سووتاو | ۷ | ک.د.ئازاد | ۵۱ |
| سلێمانی. عومەر کەریم بەرزنجی | ۸ | بۆکان. ئاسۆ | ۱۰ | بانە. قادر خدرزادە | ۵۶ |
| بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی | ۱۲ | سەقز. لەتیف عەلەوی | ۱۰ | عەلی مەحموودی (ئاودێر) | ۵۷ |
| هەولێر. ڕۆستەم خامۆش | ۱۵ | هەولێر. ڕۆستەم خامۆش | ۱۱ | | |
| بۆکان .سەعدەدین خوسرەوی | ۱۹ | بانە. قەڵا | ۱۱ | | |
| سنە. پەرەستوو ڕەحمانی (سایدا) | ۲۳ | بروجرد. سەعید فەلاحی | ۱۳ | | |
| سنە. نەسرین کەریمی | ۲۸ | سنە. ئیقباڵ بەرقی | ۱۳ | | |
| ئەمین خۆشناو | ۳۳ | سەقز.فرمێسک | ۱۴ | | |
| شەیدا ئەحمەدی(خان) | ۳۷ | مەریوان. ڕانا | ۱۴ | | |
| سمایل عەزەمی | ۴۲ | سەقز. غەفور کەس نەزانی( ژاکاو) | ۱۸ | | |
| | | مەریوان. جەماڵ مەریوانی | ۲۲ | | |
| | | بۆکان . هیدایەت ئازەری (خەمبار) | ۲۲ | | |
| | | عەلی مەحموودی (ئاودێر) | ۲۷ | | |
| | | سەقز. عەتا ساڵح پوو | ۲۷ | | |
| | | ک.د.ئازاد | ۳۲ | | |
| | | جەلال مەلەکشا | ۳۶ | | |
| | | مەهاباد. هۆگر | ۳۶ | | |
| | | سەید سمایل شاهۆیی | ۳۹ | | |
| | | بۆکان. موحەممەد حسێن پوور (ڕێزان) | ۳۹ | | |
| | | بێتوش. سابیر بێتوشی | ۴۰ | | |
| | | ئەمین گەردیگلانی | ۴۱ | | |
| | | ئیرەج عیبادی | ۴۱ | | |
| | | بانە. ئاگرین | ۴۵ | | |
| | | محەممەد ڕەسووڵنیا | ۴۵ | | |
| | | غەفوور ساڵحی | ۴۶ | | |
| | | بانە. کامژین | ۴۷ | | |
| | | ڕەبەت. غەفوور قادری(بروا) | ۴۷ | | |
| | | مامۆستا دافعی و فیدایی | ۴۸ | | |
| | | بۆکان. محەممەد بێهرەوان | ۵۳ | | |
| | | بانە. ئەسرا ئەحمەدپوور | ۵۳ | | |
| | | مەریوان. عوسمان شێرزاد | ۵۴ | | |
| | | ئارمردە. ڕامین فەرەجی | ۵۴ | | |
| | | سەردەشت. گزنگی خۆر | ۵۵ | | |
| | | بۆکان. پەروین نازری | ۵۵ | | |
| | | باوکی نیشتمان | ۶۲ | | |
| | | مەولوود خوانچە زەرد | ۶۳ | | |

**گەلێک بیهەوێت بە ئامانجەکانی بگات دەبێت ڕێز لە ئوستوورە و نەریتەکانی بگرێت**

بەناوی یەزدانی مەزن
ئێمەی کورد، خاوەنی گەلێک بۆنە، جێژن ، داب و نەریتین. هەر ئەم هۆکارە بە نرخانە یەکگرتوویی و فەرهەنگ و کلتووری لە مێژینەی ئەم گەلەیان پاراستووە، وەک دیارییەکی بە نرخی مێژووی نەتەوەکەمان بەدەست ئێمە گەیشتووە و ئەرکی ڕاسپاردەکردن بە چینی داهاتووش وەئەستۆی ئێمە کەوتووە.
پێویستە بە جوانترین شێوە ئەو ئەرکە گرینگانە ڕادەستی چینی نوێ بکەین.
**نەورۆزی کوردەواری** یەکێکە لەو بۆنە بە نرخانە و جێژنێکی هەرە گەوری نەتەوایەتیمانە. هەر بۆیە نابێت کۆڕۆنا و هیچ ڤایرۆسێک لە پاراستنی ئەو بۆنەیە ساردمان کاتەوە یان ڕێگامان پێبگرێ و لەمپەرێک بێت بۆ دوورخستنەوە لە نەریتی نەتەوایەتیمان.
پێویستە هەر بنەماڵەیەک بە کردنەوەی ئاگرێکی هەرچەند بچووک ئەو نەریتە بەجێبێنێ. ئەگەر کەش و هەوا ڕوخسەت با لە ناو سروشتا باشترە و پارێزراوترە بەڵام لە بیرنەکەین کە نابێت بە ڕێژەیەکی زۆر لە دەوری یەک کۆوەبین و سلامەتی خۆمان بخەینە مەترسیەوە.
هەر لێرەوە گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی سەرجەم گەلی کورد لە جیهاندا بەگشتی و لە هەر تاکێکی کورد بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین. هیوادارین ساڵی داهاتوو ساڵێکی پڕ خێر و بەرەکەت بێت بۆ هەموو تاکێکی کورد. ساڵێک بێت بۆ گەیشتن بە ئاوات و ماڤەکانمان و ساڵێک بێت پڕلە تەندروستی و سلامەتی بۆگشت لایەک.
خوای گەورە و دلۆڤان، بەڵا و مەینەتەکانمان لە سەرلابات.

"ڕێکەوتی٢٩ ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ کۆچی ـ هەتاوی"

**دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە**



## نه‌وروز کوردی

کرماشان. کوچه‌ر

هه‌ڵوه‌س یا به‌یتیگ هه‌س ک مه‌ردم وه‌رجه وه‌هار له ئاخره‌یل چله‌گه‌ورا ئۆشنه‌ی :

کەیکڤ(که‌یکوو)* دروزن، بایه‌م ته‌ڕاله
وه‌ن قوپکه بکه‌ی، ئه‌وسا وه‌هاره

که‌یکڤ یا که‌یکوو داریگه ک له رووژهه‌ڵات کوردستان له کویه‌یل و جه‌وه‌ڵه‌یل زاگروس سه‌وز که‌د .

ئی به‌یته وه جووریگ تریش ئۆشنه‌ی :

ته‌نگز دروزن، وایه‌م ته‌ڕاڵه
که‌ڵه‌وه‌ن بچه‌قی، ئه‌وسا وه‌هاره

ته‌نگز بنجگیگه ک له کویه‌یل کوردسان و زاگروس سه‌وز که‌د و وه‌رجه گشتی داره‌گان گوڵ که‌د و مزگانی و هه‌واڵ وه‌هار ئه‌ڕا ئیمه تیه‌رد . که‌ڵوه‌نیش هه‌ر ئه‌و دار وه‌نه‌تاق یا قه‌سقه‌وانه‌سه .

یا له هه‌ورامان ئوشن

چواڵه درۆزن، به‌ڵاڵوک عه‌یار
که‌وته پشکوت، به‌هار هه‌ی به‌هار

چواڵه یا چه‌قاڵه کویه‌یی هه‌ر ئه‌و ته‌نگزه‌سه ک به‌ر یا میوه‌یگ وه‌ک چه‌قاڵه بایم دیرد وه‌لیگان تاڵه‌و ئه‌ڕا داک ده‌رمان خاسه .

ئه‌وڵقادر پاوه‌یی شاعر هه‌ورامی ئۆشد :

ته‌نگه‌ز درۆزن، براڵوو ته‌یار
سیای وشکه دار، نیشانه‌ی وه‌هار
ئه‌شکۆفه‌ی وه‌ش بۆ، ته‌نگه‌زان وه‌شه‌ن
سه‌یر توول توڕ، وه‌هاران وه‌شه‌ن
...

دیاره وه بوونه‌ی یه ک چ گژگیایگ له کام شوون سه‌وز بیه شیعره‌گه ته‌وفیر داشتیه . کورده‌ماڵه‌یل هه له قه‌دیمه‌و له ڕه‌نگ و ڕۆ چه‌م و دووڵ و که‌ژ و کویه و دار و بنجگ و گه‌وه‌ڵ، له هاتن وه‌هار ڕه‌سینه‌سو؛ له وه‌رجه وه‌هاره‌و کورده‌یل، خوه‌شڵه خوه‌شی ده‌س که‌نه ناوماڵ ماڵین و دۆده گردن و قالی و گلیم و نه‌و ته‌کانن و په‌ڵاسه‌گانیان ده‌نه وه‌ر خوه‌ره‌و تا خوه‌ر تازه‌یانه‌و بکه‌د و نمرچیان نه‌مێند؛ دو هه‌فته وه‌رجه نه‌ورووز مه‌ردم له گه‌نم یا نخه‌و و نژی، سه‌وز که‌نه ئاو تا چوکه‌ره بیه‌د یا کونجی که‌نه قه‌ی کۆزه‌وه .

ئاگر نه‌ورووز و مه‌شخه‌ڵ دوروس کردن :

شه‌و ٢١ مانگ ئادار یا نه‌ورووز مانگ ک بووده ٢٩ یا ٣٠ ڕه‌شه‌مه یا ئسفه‌ن مانگ خوه‌ری، ئیواره، وه‌ختیگ لێڵه زه‌وی گرد، مه‌ردم ئاگر نه‌ورووز که‌نه‌و؛ وه ڕێ خستن ئاگر نه‌ورووز گه‌وراته‌رین شایی و جه‌شنه له دیرووک کورد و پشته‌ڵ پشت هاتیه تا ڕه‌سیه‌سه ئیمڕوو .

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

داگێرسانن ئاگرەگەیش وەیجوورە بیە ک لە چەن ڕووژ وەرجە ئەوەوە دار بەڕۆ بڕینەسەو لقویق و پەلوپوو لەلی کردنەسەو بیەسە تەڕگە؛ تەڕگەی دار بەڕو ئەڕا سزیان فرە خاس بیەو جوور دار مازگ نەویە ، [گڵا مازگ وەکار لەوەڕ پەس هاتیە]؛ ئەڕا بڕین تەڕگە چینەسە شوونیگ دار فرەیگ داشتۊ و ئەو شوونە وەپی وەتنە ناودار . ئەوسا سەر تەڕگەگان وە چوو یا تەوەر کوتانەس و وەی کارە تەڕگەگان شیی و تاڵ تاڵەو کردنە و بیەسە شیرەجاو (یا شیرەچراخ)؛ وەی جوورە مەخشەڵ دوروس کردنە؛ شیرەچراخ یا شیرەجاو [یا مەخشەڵ] و چوار دەور هەوش و هەسار یا لە بان خانگ چقاننەو وەل داگرساننی بان ماڵ کردنەسە مەخشەڵان یا مەشخەڵان ئاگر نەورووز [ شیرە جاو لە شوون تاریکیش وەک مەخشەڵ بڕیاسە کار ] .
هەڵبەت دویاجار ک دار کەمەو بی و بڕین دار قەیەخە بی، مەردم وە پەڕووپیتە مەشخەڵ یا مەخشەڵ دورووس کردن و وە تەل و مەچیر پیچننەی کوڵەچوو و نەنەی ناو تەنکە و پووت و تا نیمەقە نەفت کەنە تی تا ئەڕا خوەی جوور مووم بسوزیەد.

هەڵپەڕکەو بەزم نەورووز:
کوردەیل خوارین ئەو شەو ئاگرنەورووزە وە ئاگر دەم داین ڕووژەو کەن و لە ڕووژ عەید وە عەی بمارکی چنە ماڵ یەکتری . خواردەمەنیەیل خوەش خوەش نەنە بان و دانەوێڵەیەلیگ جوور بەنگ و گەنمەشیرە و زڕات و چنجگ بەرئەفتاو و گردەکان دەنە یەکەو دویای یە لە خواردنی زگیان تیر بی، پڕ گیفانیانیش لەلی کەن و دەنە دەیشت و لە شوون هاماریگ یەکەو گرن؛ سازنە ژەند و دەوڵژەن و دومەک چی کوتن و بەزم هەڵپەرکەی فەتاپاشای و چەپی و قەڵایی و گەڕیان مەرزنن؛ ئەوانەیگ هەڵپەڕکەی دودەسماڵە زانن وەل دەوڵەگە یا دومەکەگە بازی کەن و هەرکامیگیانیش فرە بازیوازە چدە جەنگ دەوڵ و جارجاریگ دەوڵەگەیش دڕن . بڕیگ تر لە مەردمەگە لەولاترەو گەمەی کڵاوان و پەڵان و قولقولان و قەمچان کەن و تا ئیوارەو وەو بەزمە بەنەی سەر . ئی کەرنەڤاڵ خوەشیە تا س چوار ڕووژ پووقەی تیەد و چوپی کیش و فیکە کیش کەنەی بڵخە و شرپە یەهوو.

گەورا و بۆچگی :
لە نەورووز بوچگەیل هەر ماڵیگ جەمەو بوونە ماڵ گەوراتر [فرەتر ماڵ داڵگ و باوگ] و هەرکەیش ئەگەر قەوم و کەس و کار لەلی ڕەنجیاس چدە گەردن ئازایی و کەسیگ ئەزیزیگی مردیە لەو ساڵە، ؛ لە ڕووژ جەشن چن هاوخەمی خوەیان وەگەردیا نیشان دەن وە تەنیا نیەیلنەی . کوردەیل وەیجوورە نەیشتنە وڕاوەو ئاژاوە یا کووس کەفتن پارەکە بوودە خوتوورەی ساڵ تازەیان .

سینزە وەدەر :
سینزە ژمارەیگە لە قەدیمەو لای کوردەیل دیزە بیەو نابمارک ؛ تازە چشتیگیش ژمارە کردنە، وەختیگان ڕەسینەسە سینزە وەتنە زیادە. مەردم سینزە ڕووژ لە دویای ئاگر نەورووز لە ماڵ دانەسە دەیشت ئەڕا یە وزەی گەن و دیزەیی لە ماڵ بوەنە دەیشت؛ سەوزەیگ ک وەرجە نەورووز کردنەسە ئاو و ڕەوزەو داس و وەش تەرەکانیەو بەرزەو بیە وەل خوەیانا بەنە دەیشت و سینزەیان وەدەر کەن و خوەیان ئامادەی ساڵ تازە کەن .

وە باوەڕ من ئەگەر هەرکام لەی چشتەیلە لە شوونەوارەیل تر دۆنیمن لە ماڵ و میلکان کوردەو چیەسە ئەورا و کوردەیل وە بوونەی ڕەو لە پەلامار دوژمەن و باربار و ئاوارە بیین و شارەوەدەر کریان و دەس زوور، لە سامان خوەیان بڕیانە ، وەلیگان لە هەرکوورە بینە شوون و دوون خوەیان نەشاردنەسەو و

نەورووز گردیان کردیەسە دەور یەکەو؛ داب خوەیان هەڵگردنە و لە ناو گورگەقاڵ دوشمن نەیشتنە بمردو و ڕەسانسەی دەس ئیمە؛ ئیمەیش بایە لە گلینەی چەومان خوەشتری بتوایم و وەدیار ئاگر نەورووز شەونەخەفی بکیشیم تا نەکوشیەدەو .

## نەوروز کوردەوار

کرماشان. کوچەر

هاتیە وەهارکوردەوار.مەنزڵ وەناو بوستان بخەیم
تەزبشکنیم وەڕێ وەهار.وەدەیشت ودەرسەیران بکەیم

هەڵس هەچۆپەپۆلەگان هەکوو ڕەنگینەسەربیەیم
وێرانەماڵ دەردوخەم .بەتروەخوەی وێران بکەیم

هاتیەوپەیامێ هادەمی.سروەی سەرای گوڵ ودەم
ئۆشێ هەڵس نەوروزە دی . ئاگروەئاگردان بخەیم

زەنجیر زوڵم ناکەسان. هەچۆپەتگ شیتاڵ وشی
سەریان بکەیمەگووی حەچان.تۆش دەردگران بکەیم

سازودێوڵ بارن وەخوەش.چوپی بکیشین دەم وەدەم
نەوروز کوردی هاتیە . شادی وەدڵ هەرمان بکەیم

ئی ڕوژە ڕوژ ئازادیە . نەوڕوژ ڕوژە هاتیە
سەوزی چەمەن سورخی گوڵان.خوەروەدڵی نیشان بکەیم

تابودە ئاڵای دڵخوەشی.دوژمن تەزن بو گڕ گەشی
باین وهەتاوێگ هەڵ بکەیم ئاگروەدڵ زمسان بخەیم

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە



## دۆیەتی ک پەژارە وە بان لیوی نـۆسریاس

کرماشان. پەری نەجەفی

دەم ئیوارانیگ، دۆیەتیگ وە لیو چەمیگ دانیشتیە. یەی جار چڕی و یەی جار خەنی. خەنە ک نە بزگە خەنەی تییەیە بان لیوی و زۆ شاریدەیەو، لیوی کە پەژارە وە بانی نـۆسریاس.

وەختی چڕی وا هەڵ کەی، مەڵەگان دۆرەو کەفن و ماسیەگان چنە ژیر ئاو و خوەیان شارنەو جوور کەسیگ کە دەنگ هەور و تریقەی غەریب ڕمە بەیە لای و نەزانی خوەی وە کوو بشاریەو و تەنیا ڕی فەرار بگری و خوەی دۆرەو بکەی.

هەمیش چڕی تەنیا یەی کەس قسەگان دۆیەتی کە پەژارە وە بان لیوی نـۆسریاس، زانی. ئیمە کە نیەزانیم ئەوە چە ئۆشی ئەما شوون کرەیلی کە وەبان دەم چەوی نەقش گردیە و شەو سیەی وەری و چەویل پڕ وە ئەسری خەوەر وە خەم و خوسەی دەی ک وە دەنگ پڕ وە سووز و پەژارە ئرا چەم ئۆشی.

چەویلی ها شوون لنگە کەوشی کە وە سەر ئاو خوەی لەقنییەو.

ها شوون چەن گلە کاغەز کە خوەی خستیەسەی ئاو و عەکس کەسی وە بانی دیارە.

هاشوون چەن تیکە شەو کە بوو ڕەنج و زامەت وە پی تییەی و شایەدیش بوو باوگ.

شەو، کەوش و کاغەز کەفتنەسە سەر ئاو و دیرن دۆرەو کەفن، ئەوقەرە دۆر ک وە وەر چەو دۆیەت نوقمەو بوون.

ئرا دەقەی ئارام گردیدن نە ئەسری تکنی و نە چڕی و نە بزگە خەنەی ک زۆ بشاریدەیەو دەی.


تەنیا گووش تەکنی، گووش تەکنیە دەنگ چەمەگەی سیروان. سیروانیش جوور دۆیەت، سەرە لی شیویاس، یەی جار لاڵەی خەیر کەی و یەی جار ئامووژاری. ئامووژاری دۆیەتی کە پەژارە وە بان لیوی نـۆسریاس.

دۆیەت ئرا دەقەی دەنگ سیروان نیەژنەفی و چوو ناو خەویگ کە چەن شەو پیش دیە. خەو ئەو شەوییە جوور خەویلی مینی ک وە دوای کەفتن کەلەمەیگ تیەنە دین. یەکیگ خەوەگە ئرای مانا کوردۆ و پی وتـۆ باوگد وە ناو ئاو پاکی وە ناو ئاو ڕاسی نوقمەو بیە. وە خەو دەر تییەی و چوو نزیک گور باوگی نیشی و یەی مشت خاک نەیە بان قەڵبی. چەن جاری جوور مناڵ وە دەور قەور باوگ وە گامولکی کەفیە ڕێ و گریدە باوش و لاوونییەو، دەنگ هەڵ دەی و ئەما باوگی ک خامووشی وە بان لیوی نـۆسریاس، نیەتـۆنی دەنگ بکەی.

دەنگ بکەی و دۆیەتەگەی بچری و جوور دەفەی ئاخری کە چەویلی وارانی بین و وت دەردە بان سەرم رووڵە.

وە لای گوور باوگیش هەڵسی و خوەی وەلای سیروان پیا کەی. دۆیەت مشت پڕ وە خاکی ئارام نەیە بان سیروان و چنگی واز کەی. سیروان خوەی کیشنیە ناو قەپاڵ دۆیەت و خاک وە دەس دۆیەتی کە پەژارە وە بان لیوی نۆسریاس بەی.

گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە



# دیــــل

مەهاباد. سووتاو

چارەیی ئەو دڵـــــە بێمارە دەکـــەی تۆ؟یانا؟
یادی لەو دیلـــە گـــــرفتارە دەکەی تۆ؟یانا؟

کــــاتی ســـەیر و سەفـــەر و دڵ خۆشیت
بیرێ لەو یارە وەفا دارە دەکـــــەی تۆ؟یانا؟

ئەو دەمەی ناڵەیی دیلێکی دەبیسی گوڵەکەم
بەزەیی بەو دڵە بێمـــارە دەکـــەی تۆ؟یانا؟

دێتە بیرت کە بە عیشقت دڵ و دینم سووتا؟
هەست بە دیلی منی بێچارە دەکەی تۆ؟یانا؟

بێ تۆ رووناکەمــە نێوباغی بەهەشتی یەزدان
ڕەحمێ بەو شێتە ئەویندارە دەکەی تۆ؟یانا؟

من نە کۆیلەی هەوسم ،عاشیقی دڵپاکی تۆم
ئەی گوڵم یادێ لە ئەو خـارە دەکەی تۆ؟یانا؟

بۆتە قەقنەس دڵی(سووتاو)ی سیاچارەی تۆ
دڵی بۆ جـارێ تریش پارە دەکـــەی تۆ؟یانا؟

***

## لە دڵنووسەکانی شاملووی نەمر

وەرگێڕ:سووتاو

زمانی ئەوین
ئەوکەسەی پێت دەڵێ:
خۆشتم گەرەکە
دەلوویەکی غەمبارە،
کە گەرووی بێ نەوایە
خۆزگە ئەوین ئاخافتنی هەبوایە
هەزار چورە پۆپنەکیشاد
لەچاوانت دایە...
هەزار زەردە زێڕەی بێدەنگ
لە ئەوکم دایە..
خۆزگە ئەوین زمانی وتاری هەبوایە....

## تێهەڵکێشی سووتاو لە شێعری حەزرەتی حافز (شازی عالەم)

ئە ی شازی هەموو عالەم هـــــاوارە لە تەنیایی
دل بی تو بە جـــــان آمد، وقت است کە بازآیی

دایم گوڵی ئەو باغە هـــەر وا گەش و سوور نابێ
درياب ضعيفـــــــان را در وقـــت تـــــوانایی

دوێ شەو بە شەماڵم کوت باسی سەری زولفیتۆ
گفتا: غلطـــی بگـــــذر زين فـــکرت ســـودايی

هەر تاڵێ ســــــــەری زولفی داوێکە لە بۆ عاشق
اينست حـــــــــريف ای دل تا باد نە پيمـــايی

دەردی غـــــــــەمی تۆ بەندی دڵی من دەبڕێ
کز دست بخـــــــواهد شد پاياب شکيبايی

ئەو دەردە بە کێ بێـــژم ، بۆکێ غەمێ هەڵڕێژم
رخسارە بە کس ننمــــــــود آن شاهد هرجايی

ئەمڕۆ چەمن و گــــوڵشەن بێ ڕەنگی تۆ ژاکاوە
شمشـــــاد خـــرامان کـــن تـــــا باغ بيارايی

ئەی دەردی ئەوینی تـۆ دەرمانی هەموو دەردم
وی ياد توأم مـــــــونس در گــوشە ی تنهايی

من بەندی ئەوینێ تـۆم ،بێ تاو و گــوڕ و تینم
لطف آنچـــە تو انديشی، حکم آنچە تو فرمايی

من خاکـــــی بەری پێتم، گەر بمکوژی ناتۆرێم
کفراستدر اين مـذهب خود بينی وخود رايی

جە رگم پری خوێناوە ،بۆم تێکــە شەڕابی ئاڵ
تاحل کنـــــم اين مشکل در ساغـــر مينايی

ڕۆیی شەوی ڕەش،سووتاو دێ بۆنو بەرامەی یار
شاديت مبـــــارک باد، ای عاشـــق شيـدايی



# جەنگ لە پێناو مانەوەدا

بۆ ئەوەی بژیت دەبێت ببیتە جەنگاوەر

سلێمانی. عومەر کەریم بەرزنجی

دەقی چیرۆکی (چۆن فێری ڕقت دەکەن) لە نووسینی نووسەری ڕیالیستی سۆشیالیستی بەناوبانگی رووسیە، "میخائیل شۆلۆخۆف"ە، وەرگێڕانی فەلەکەدین کاکەییە کە لە زمانی فارسیەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و دوو جار چاپکراوە، چاپی یەکەمی لە ساڵی ١٩٨٤لە خواکورک وەکو یەکەمین کتێبی (کۆمەڵەی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندانی پێشمەرگە) چاپکراو، چاپی دووەمی لە ٢٠٠٧لە هەولێر لە لایەن دەزگای ئاراسەوە لە قەبارەیەکی بچوکی کتێبی گیرفانی و بە دیزاین و چاپێکی جوانەوە بڵاوکراوەتەوە.

شۆلۆخۆف کە نووسەری ڕۆمانی "دۆنی ئارام"ە ئەم ڕۆمانەی نووسەر یەکێکە لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی نووسەر و وەرگری دوو خەڵاتە:

١ـ خەڵاتی ستالین ١٩٤١

٢ - خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب ١٩٦٥

(ئایا نووسەری شەرەفمەند دەتوانێ لە ئاستی ئەو کەسانەی دەیانەوێ مرۆڤایەتی بەرەو خۆکوژی و نەمان ببەن، بێدەنگ رابوەستێ) ئەمە وتەیەکی شۆلۆخۆفە لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبلدا پێشکەشی کرد، کە لە ساڵی ١٩٦٠ لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبلدا کە بۆ ڕۆمانی "دۆنی ئارام" وەریگرت، میخائیل ئەلکساندەر ویچ شۆلۆخۆف ساڵی ١٩٠٥تا ١٩٨٤ ژیاوە لە گوندی کروژیلین لە هەرێمی دونتز، واتە لە ناوچەی ڕووباری (دون) لە (ڕوستوف) لە دایکبووە، واتە لەو ناوچەیە کە کازاخەکان ژیاون. لە بنەماڵەیەکی جووتیاری کازاخی لە دایکبووە، سەرەتای نووسینی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٥، واتە هێشتا تەمەنی بیست ساڵ بووە کە دەستی کردووە بە نووسین.

لە ساڵی ١٩٤١کاتێ شەڕی جیهانی دووەم هەڵایسا بوو، شۆلۆخۆف وەکو پەیامنێری ڕۆژنامەنووس چووەتە خەتی پێشەوەی شەڕ، لەوێ جگە لە ناردنی ڕێپۆرتاژ و هەواڵ و وتار بۆ ڕۆژنامەکان، چیرۆکی کورت و درێژیشی دەنووسی وەکو چیرۆکی (چۆن فێری ڕقت دەکەن) ئەم چیرۆکەی لە ساڵی ١٩٤٣نووسیوە، ماوەی چوار ساڵ لە هێڵی پێشەوەی شەڕ ماوەتەوە، چیرۆکی (چارەنووسی ئادەمیزاد)یش بەهەمان شێوە باس لە شەڕی جیهانی دووەم دەکات.

بەرهەمەکانی نووسەر هەڵقوڵاوی بیرو ئاوەزی کەسێکە کە خۆی لە مەیدانی جەنگدابووەو لەگەڵ خەم و نیگەرانی و ترس و دڵەڕاوکێی جەنگاوەرەکاندا ژیاوە، بەرهەمەکانی ڕەنگدانەوەی واقیعی تاڵی بەرەکانی جەنگە، ئەو مەیدانەی کە هەموو بەها مرۆڤایەتیەکان پێشێل دەکرێن و مرۆڤەکان بەرگێکی دڕندانەیان بەبەردا دەکرێت، کاتێک دەچیتە ئەو مەیدانەوە پێویستە لەپێناو مانەوەی خۆتدا دڵڕەقانە مامەڵە بکەیت، دڵڕەقانە بجەنگیت، مرۆڤ خۆی لەناو ڕووداوەکاندابێت جوانتر و باشتر هەست بە ڕووداوەکان و ئازارەکان دەکات و دەتوانێت جوانتر وێنایان بکات.

چیرۆکی (چۆن فێری ڕقت دەکەن) چیرۆکێکی درێژەو دەربارەی جەنگی جیهانی دووهەم و مەینەتیەکانی جەنگ دەدوێت، ئەو ڕقەی نووسەر باسی دەکات لە ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕی خۆماندا بە ڕقی پیرۆز ناوبراوە، ئەم ڕقەی نووسەر لە پێناو مانەوەدایە بۆ ئەوەی بژیت دەبێت ببیت بە جەنگاوەر و لە کوشتنی نەیارەکانت سڵ نەکەیتەوە، ئەم چیرۆکە باسی مەینەتیەکانی جەنگ و تراژیدیای بەدیلگیراوەکان دەکات، وێنای ئەو مامەڵە نامرۆڤانەیەمان بۆ دەکات کە دوژمن لەگەڵ دیلەکاندا دەیکات، دیل واتە زەلیلی ژێر دەستی دوژمن، بۆ ئەوەی نەکەویتە ڕەوشی زەلیلیەوە دەبێت دڵڕەقانەو بە ڕقەوە بەرەو ڕووی داگیرکەران و نەیاران بوەستیتەوەو بوێرانە بجەنگیت.

ڕووداوەکانی ناو ئەم چیرۆکە گێڕانەوەی بەسەرهاتی مولازم گراسیمۆفە کە یەکێک بووە لە جەنگاوەرەکانی سۆڤیەت و یەکێک بووە لە دیلەکانی ژێردەستی سوپای ئەڵمانیا و لە ئۆردوگایەکی تایبەت بە دیلەکاندا ژیانێکی سەختی گوزەراندووە لە سایەی توندوتیژی و ڕەفتاری شەڕەنگێزانەی سەربازە ئەڵمانیەکاندا، نووسەر لە باسی شوێنی دیلەکاندا لەسەر زاری گراسیمۆفەوە دەنووسێت: "ئەگەر بڵێم ئەم ئۆردوگایە کتومت دۆزەخ بوو، درۆم نەگوتووە. ئاودەستی دیلەکان هەر ئەوێ بوو کە تیا ڕاوەستابوون، لەوێ لەسەر پێشاو دادەنیشتین و هەر لەناو

گڵ و قوڕ بەتەنیشت پیسایی خۆیانەوە دەنوستن. ئەوانەش کە لە هێز کەوتبوون .ئیدی لە جێگەی خۆیان هەڵنەدەستان، لە شەو و ڕۆژێکدا تەنیا یەک ژەم نان و ئاویان پێ دەدراین. ئەویش گلاسێک ئاو و مشتێک هەرزنی کاڵ، یا تۆمی هەڵپرووزاوی گوڵەبەڕۆژە و هیچی تر. هەندێک ڕۆژ لەبیریان دەچوو ئەوەش بدەن.

باسی برینداره‌کان دەکات کە برینەکانیان کرم تێیداوەو تەرمی دیلە مردووەکانیش لە تەنیشت بریندارەکانەوە بەسەریەکدا فڕێ دراوە، مولازم گراسیمۆف لەکاتێکدا کە لەگەڵ دیلەکانی هاوڕێیدا بێگاریان پێدەکرێت و سەنگەریان پێهەڵدەکەنن، هەلێک دەقۆزێتەوە یەکێک لە سەربازە ئەڵمانیەکان دەکوژێت و چەک و تەقەمەنیەکانی دەبات و ڕادەکات، تا خۆی دەگەیەنێتە ناو دارستانێک و لەوێ پارتیزانە ڕووسەکان دەیدۆزنەوە، هەرچەندە سەرەتا متمانەی پێناکەن تا لە چالاکیەکانیاندا بەشداری دەکات و دەبێتە جێی متمانەیان، دواتر دەگەڕێنرێتەوە ریزەکانی سووپای ڕووسی.

مولازم گراسیمۆف دوای گەڕانەوەی بۆ ریزەکانی سوپای سۆڤیەتی مامەڵەیەکی دڵڕەقانەی دەبێت لە بەرامبەر نەیارەکانیدا، بەپێچەوانەی سەرەتای جەنگەکەوە کە مامەڵەیەکی مرۆڤ دۆستانەیان هەبووە لەگەڵ دیلە ئەڵمانیەکان و بە هەڤاڵ بانگیان کردون و بەچاوێکی مرۆڤ دۆستانە سەیریان کردوون و لە بەشە خۆراکی خۆیان بەشیان داون، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێش جەنگ ئامێر و کەرەسەی ئۆتۆمبیلی ئەڵمانی هاوردەکراوە بۆ ئەو کارگەیەی کە مولازم گراسیمۆف کاری تیاکردووە و کەرەسەکان هیچ عەیبێکیان تیانەبووەو دەستی کارزان و کارامە دروستی کردوون، لەلایەکی دیکەوە کاریگەری نووسینی نووسەرە ئەڵمانەکان لەسەر مولازم کاریگەری هەبووە لەسەر مامەڵەکردنی بەرامبەر دیلە ئەڵمانیەکان، تەنانەت باسی کارزانی و کارامەیی سوپای ئەڵمانی دەکات لە مەیدانی جەنگدا، وەلێ دوای بەدیلگیرانی لەلایەن ئەڵمانەکانەوە، دنیابینی مولازم ئاوەژوو دەبێتەوە، ئەو ترسەی لە ناخیدا سەرهەڵدەدات ترسی دیلی و ژێردەستەیی دەبێتە پەرچەکردارێک دژی سوپای داگیرکەران، ئەو ترسەی دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەدڵڕەقانە بجەنگێت و ڕووبەڕووی نەیارانت ببێتەوە.

شۆلۆخۆف لە ڕێی ئەو دەقە ئەدەبیانەوە، ناوەرۆکی جەنگ و مەترسیەکانی دەخاتەڕوو، لەڕێی وێناکردنی کاولکاریەکانی جەنگەوە، ئیدانەی جەنگ و مەترسیەکانی جەنگ دەکات، ئێمە ئەوەندەی گرنگیمان بە ناوەرۆکی چیرۆکەکەو باری سایکۆلۆژی کەسی سەرەکی ناو چیرۆکەکە داوە، گرنگیمان بە لایەنی تەکنیکی و هونەری چیرۆکەکە نەداوە.

نەفرەتی تەیمور و جەنگی ئەڵمانیا و سۆڤیەت

تەیموری لەنگ کەلەسەدەی چواردە ژیاوە، ٦٨ ساڵ ژیاوە، بەر لەوەی بمرێت بڕیاریدا ئەو وتەیە لەسەر گۆڕەکەی بنوسرێت: "کاتێک من لەمردن هەڵدەستمەوە، جیهان لەرزینێک بەخۆیەوە دەبینێت، وە هەرکەسێک گۆڕەکەی من تێک بدات، ڕوبەڕوی داگیرکەرێک دەبێتەوە کە زۆر لەمن توندتر و ترسناکتر دەبێت"

ستالین بڕیاریدا گۆڕی تەیموری لەنگ هەڵبدرێتەوە، لە ١٩٤١/٦/٢٠، دوو ڕۆژ دواتر لە ١٩٤١/٦/٢٢دا ئەدۆلف هیتلەر بڕیاری ئۆپەراسیۆنی باربۆسای دەرکرد و هێرشی کردە سەر یەکێتی سۆڤیەت، ڕەنگە ڕۆحی تەیمور لە هیتلەردا سەریهەڵدابێتەوەو بەوجۆرە تۆڵەی تەیموری کردبێتەوە کە سۆڤیەت داگیرکات و کوشتارێکی زۆر لەو گەلە بکات، هەرچەندە لەو جەنگەدا سۆڤیەت بوێرانە بەرەنگاری سوپای نازی بووەوە، کە بووە هۆی شکاندنی هەژموونی ئەو سوپایە بەسەر جیهاندا، وەلێ کەسانێکی زۆر لە جەنگاوەران و کەسانی سڤیل بوونە قوربانی

جەنگی جیهانی دووەم بە شەڕێکی گشتگیر دادەنرێت، چونکە بەشێکی فراوانی جیهانی گرتەوە، زۆرترین قوربانی هەبوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، لەبەر فراوانی ڕووبەری شەڕەکە و زۆری بەرەکانی جەنگ، زیاتر لە ١٠ملیۆن سەرباز بەشداربوون تیایدا، چەندین دەوڵەت بەشدار بوون و زیانە گیانیەکان زۆربوون، نزیکەی ٦١ ملیۆن کەس بوونە قوربانی لە سەربازی و مەدەنییەکان.




## دەردی کۆچی هاوەڵان

بۆ ڕۆحی م ئەحمەدیانی

بۆکان. ئاسۆ

داخی کۆچی هاوەڵان دەردێکە دەرمانی نیە
باسی ئەولاش گەردەکەی بەحرێکە سامانی نیە
ئەو خەیاڵانەی بەشادی لەو هەواڵانەت هەیە
گەر فەرامۆشیان بکەی،ڕێ ورەسمی ئینسانی نیە
حەیفە ناکێشرێتەوە شادی لەسەر سەفحەی وتار
ئاخ لەبۆ نەققاشێ ماهیر،کاری سەد مانی نیە
ئەوەدەمەی تاڵیی لەیەک هاوەڵ وەبیرت دێتەوە
قەت بەقەت دەس هەڵتەکانی یار لەسەر کانی نیە
ئەوەدەمەی ماچێ،دەکادەرمانی دەردی مەینەتت
پوری سیناش دوکتۆرت بێ هێندە دەرمانی نیە
تۆ خودا هەر دەرسی پاکیی و بێ غەشیی تەمرین بکەن
بۆغزوکین و بوخل وشت قەت نەخشی چازانی نیە
دەستی خۆت بۆ هەر مەجازی وپووچەڵێ قەت ڕوو مەکە
زۆر کەسی وایە دەڵێی شایە،کەچی شانی نیە
جوانە یار، ،ئان، ،ی هەبێ نان ونەسەب هەرهیچ نیە
هەر وەکوو حافز دەفەرمێ هەر کەسێ،ئانی نیە[١]
من فیدای ئەو هاوەڵ ویارەم ئەگەر بارت کەوت
زۆرترت ڕوو تێدەکاو هەرگیز پەشیمانیی نیە
داخی کۆچی هاوەڵانە،دڵ لە دنیا ساردەکات
خۆ دەنا تووباش لە جەننەت ،سێوی لوبنانی نیە
دۆزەخ وجەننەت عەتاب ولوتفی یارە بابەکەم
بۆیە ئاسۆ قەت خەمی باری گونا هانی نیە

١ـ تەلمیحە بەم بەیتەی خواجە حافز
شاهد آن نیست کە موئی و میانی دارد
بندەی طلعت آن باش کە ، ، ، آنی ، ، ، دارد



## تاتۆ

سەقز. لەتیف عەلەوی

گیانە وەرە کۆری ئەدەب کۆک کەوە !
کەم بەتەنێ داخ وکەسەر کۆ کەوە

پەنجەرە ئاواڵەیە بۆ هەڵفرین
تاوێ وەرە تۆش بەکەژ وکۆ کەوە

بەرژەوەنی خۆشە بەهاری وەتەن
تاکوو بەهارە تەمەنت خۆکەوە

تاڤگە بەڕاکردنەوە دێتە خوار
قاسپە بەقاسپەی کەوە لەم ڕۆکەوە

کانیی دلێ پڕلەشەپۆلی حەزە
نایەوێ ژین هێند بەخەم وشۆکەوە

شانەئەکا پرچی گوڵان بای شەماڵ
مەرهەمە بۆ دەردی دڵان بۆکەوە

تاوی لەئاسۆی ئەدەبی ئەم گەلە
خۆت مەخە ژێر هەور و سەر ئاسۆ کەوە

وانەیێ وەربگرە لەباغی گوڵان
شین بە لەسەر عەهدو بەڵێن ڕۆکەوە

نیوئەوە سەرقاڵی بەتاتۆی بڕۆت
بیرێ لەحاڵی گەلی ناخۆکەوە

لابە غوبار وتەمی ڕۆحی" لەتیف"
دەس دەقەڵەم تا هەلە پەرجۆ کەوە.

## دوو شیعر بۆ منداڵان



هەولێر. ڕۆستەم خامۆش

### نەورۆز

نەورۆزە ئەمڕۆ گیانە
وەرزی بەهاری جوانە
سەری ساڵی کوردییە
ڕۆژێکی پڕ شادییە
سەیری دەشت و دۆڵ و شاخ
ببینن گوڵی نێو باخ
تەماشا کەن خەڵکینە
کوردستان چەند ڕەنگینە
دڵگیرە، ئاوەدانە
کاتی گەشت و سەیرانە
یاخوا هەر ئاوەدان بێ
هەمیشە سەوز و جوان بێ

### وەرزی بەهار

لە وەرزی جوانیی بەهار
سەیرکەن دەشت و کۆسار
هەمووی هەر گوڵستانە
خاکی ئەم کوردستانە
زۆرم خۆشدەوێ بەهار
لەگەڵ خۆی دێنێ گوڵزار
نامێنێ سەرماو شەختە
شادییە و کاتی گەشتە
وەرن بڕۆین بۆ سەیران
بۆ تەماشای دەشتی جوان
هەموو پێکرا هەڵپەڕین
گۆرانیی شادیی بچڕین

## نەورۆز



بانە. محەممەد عەزیزی (قەڵا)

وا دیسانە وە نەورۆزی پیرۆز
بوو بە میوانی سەرجەم گەل و هۆز
تا پێمان بڵێ ڕۆژتان پیرۆز بێ
هەموو ڕۆژێکتان وەکوو نەورۆز بێ

یاخوا پیرۆز بێ نەورۆز لە کوردان
دوور بن لە خەم و مەینەت و دەردان
نەورۆز جەژنێکی کۆنی کوردانە
هێمای یەک بوون و مان و ژیانە

یانی سەر هەڵدان، ڕاپەڕین لە خەو
بێدار بوونەوە و ژیانەوەی نەو
هاتنە دەرەوەی گژ و گیا لە خاک
بووژانەوەی ژین لە بۆ هەموو تاک

گەڕدن ئازایی و پێکەوە ژیان
شاد بوونی هەست و جەستە و دڵ وگیان
ئاشتی کردنەوە لە گەڵ چیاو دۆڵ
ئاوەدان بوونی سارا و شیو و چۆڵ

سڕینەوەی ژەنگ و چڵکی نەزانین
خاوێن کردنەوەی بە ئاوی زانین
بەڵێ لای کوردی پاک و موسوڵمان
ژینگە پاراستن پێویستە وەک نان

هەرچەند نەورۆزیش گەلێ پیرۆزە
لای گەلی کوردان خاوەنی ڕێزە
بەڵام پێویستە و ئەرکە لە سەرمان
باش بیپارێزین جوانی وەتەنمان

لای کێ شیاوە لاستیک سووتاندن
فەوتانی ژینگە و سروشت شێواندن
تەرەقە و دووکەڵ دیاری بیانییە
لای خاوەن هەستان قەت ڕەوا نییە

## كاریكاتۆر

## بۆكان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی






























سنە. ئێقباڵ بەرقی

ئەو خاڵە لە ئەو ڕوومەتە گوڵنارە کەپشکووت
سەد گوڵشەنی نەخشاندووە ئەو خاڵە لە سەر ڕووت

ئەوتاڵە لە بسکت سەری لەم عالەمە شێوان
یەعنی هەموو ئەم عالەمە بەسراوە بەیە ک مووت؟

ئەو تاقی برۆێ گونبەدی کەسرا کە دوو شەق بوو
دوو تاقە خوداوەنی جیهان کردی بەئەبرووت

دوو چاڵی تەبەسوم لەپەنای گەوهەری گۆنات
دانیشتووە یەکسەر لەزینەخدانی تەرازووت

ئەو لێوە قەڵەم خوایە بشوبهێنی بە کامیان
دوری یەمەنی لەعلی گران یا زەڕ و یاقووت

خوێنین وەکوو گێلاسی بریقەی بی لەهاوین
نەخشین وەکوو پەروانەیە شیرینە وەکوو تووت

باوەڕ بکە سەدها وەکوو بلقێس کەلە ئیقلیمی سەبا بوو
دە کرێ کە بخولقێنی لەئێسکێکی پەراسووت

وەسفی بکە زاهید توبە تەسبیح وزونارت
یادی بکە دەروێش تۆ بە یاحەقق و بە یاهووت

فەرمووتە کە ئەو شاعیرە لەو شارە وە دەرخەن
توخواگوڵەکەم جائەوە فەرمانە کە فەرمووت

ئەو ئاگرە خستووتە دڵی پڕخەمی ئێقباڵ
دەر ناچی هەتا ئەو دەمە وا ئەیخەنە تابووت



بروجرد. سەعید فەلاحی (زانا کوردستانی)

هەرکاتێک کە بێت،
مانگەشەو یا خۆرەتاو؛
من... شێعرەکانم،
بۆ ئەو شەمعانە دەنووسم؛
کە لە شەڕی تەک تاریکی
شەهید کران.

❋❋

وشانی زۆر نێو دەمم تلۆقە کرانە!
بەڵام،
تەنانەت نێوی تۆس
کە لەگەڵ هەر شێعرێک دا
ـ دیتە دەر!!! ـ

بروجرد
در گویش بروجردی وُوری یرد dreyirūv
و در لری خرمآبادی وُروگرد dregūrov
بروگرد dregūrob نام روستایی آن

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە



سەقز .فەرانەک کەریم ئابادی"فرمێسک"

لە دووری تۆ ژیان لام بۆتە مۆتە
بەڵێنی من ئیشارەی دوو برۆتە

لە تیشکی ڕوومەتت سووتا کەماڵم
کە ماڵی چۆڵی من پڕ پڕ لە خۆتە

❋❋

بڕیار مەدە بڕۆی لە دڵ
شاری دڵم نیشتمانتە
لە زێدی خۆم من غەریبم
بەڵام گیانە
تۆ هەست بە غەریبی مەکە
دڵم بۆ تۆ ئاوەڵایە
مەرگی دڵم مەرگی هەستە
دوور لە تۆ بم
ژیانی شێتیم مەبەستە



مەریوان. ڕانا

دڵم تۆریان
جە گردوو کات و ساتەکا
هەست بە غوربەتێوی کەروو
جەگرد شاروو وڵاتەکا
بە چ زوانێ و پەنەت واچوو
وەشەویستەر
جە گیانەنی
بەرەو دڵی ئەوەکریاو
خیاڵمەنە
مێمانەنی



## نووسین بۆ منداڵان کارێکی سەخت و دژوارە

چاوپێکەوتن لەگەڵ(د. هاوژین سلێوە) سەبارەت بە ئەدەبی منداڵان



هەولێر. ڕۆستەم خامۆش

چەند گرنگ و پڕ بایەخە، کەسانێ هەبن خەم لە نەوەکانی دوارۆژی نیشتمانەکەیان بخۆن، وە دڵسۆزبن بۆ ئەوەی پەروەردەیەکی باش بکرێن و ئاشنا بن بە فەرهەنگ و کەلتوور و زمانی نەتەوەکەی خۆیان، پاشان وەک تاکێکی هۆشیار و پێگەیشت و دەروونددروست بە جوانترین شێوە پێشکەشی کۆمەڵگەکەیان بکەن، بۆ ئەوەی ئەوانیش لە داهاتوو بە پاکیی و دڵسۆزیی و وەفاداریی خزمەتی گەل و خاکەکەیان بکەن.

دەربارەی ئەم باسە و بە گشتی سەبارەت بە ئەدەبی منداڵان، بە پێویستمان زانی ئەم دیدارە لەگەڵ بەڕێز( د. هاوژین سلێوە )ی شاعیر و نووسەر و مامۆستای زانکۆی کۆیە ئەنجام بدەین.

هەڤپەیڤین: ڕۆستەم خامۆش

**پ: د. هاوژین سلێوە، پێشتر بەڕێزت شیعری گەورانت دەنووسی، چۆن بوو بیرت لەوە کردەوە، کە شیعر بۆ منداڵان بنووسی؟**

د. هاوژین سلێوە: بەرلەوەی شیعرو چیرۆکی منداڵان بنووسم، خوێنەرێکی بەردەوامی ئەم بوارە بووم, چ بەرهەمی خۆماڵی، یان بێگانە، بە تایبەتی شیعر و چیرۆکی فارسی و عەرەبی. بەرلەوەی شیعر و چیرۆکی منداڵان بنووسم، توێژینەوەم هەبوو لە بارەی شیعری منداڵان. لە زانکۆی ڕاپەڕین لە بەشی باخچەی ساوایان وانەی(چیرۆک و ئەدەبی منداڵان)م وتۆتەوە. ئەوانە وایان لە من کردووە، کە بیر لەو بابەتەش بکەمەوە، سەرەتا شیعری منداڵانم نووسی، سەبارەت بە نووسینی چیرۆکی منداڵانیش تاکە هۆکار ئەوە بووە، کە من دوو کچم هەیە (ڕین)، کچە گەورەکەم زیاتر ئارەزووی وێنەکێشانی هەیە، بەڵام کچە کچکەکەم (ژین) زۆر حەزی لە چیرۆک و حیکایەتی فۆلکلۆرە. ماوەیەکی زۆر هەموو شەوان بەرلە نووستن دەهاتە لام و داوای لێدەکردم چیرۆکی بۆ بگێڕمەوە، ڕۆژەکو دوان و دەرۆژ نەبوو، ئەوەندە حەزی لە گوێگرتنی چیرۆک بوو، وای لە من دەکرد ئەو چیرۆکانەی کە پێشتر خوێندومەتەوە، بۆی بگێڕمەوە، جاری واش هەبوو، لەو ئان و ساتەدا شتێکی وام بە بیرنەدەهاتەوە، بۆیە بۆخۆم چیرۆکێکم هەڵدەبەست و بۆم دەگێڕایەوە. دواتر هەستم کرد، بەشێک لەو چیرۆکانەی کە خۆم دروستیان دەکەم و بۆی دەگێڕمەوە، لە ڕووی هونەری و بابەتی پەروەردەیشەوە، بێ کەم و کوڕین و باشن. بۆیە ئەو شەوی چیرۆکی (چۆلەکەی ڕەنگاوڕەنگ)م بۆگێڕایەوە، بۆبەیانییەکەی تایپم کرد و مشت و ماڵم کرد و ڕێکم خست و دڵم پێی خۆش بوو. بەم شێوەیە لە ماوەیەکی کورت لە ڕێی گێڕانەوەو دواتر تۆمارکردنی توانیم پازدە چیرۆکی منداڵان بنووسم، دواتر لە دووتوێی کتێبێک بەناوی ((تووتییەکی ژیر)) ساڵی ٢٠١٩ چاپم کردن.

**پ: تۆ، جگە لە شیعر، چیرۆکیش بۆ منداڵان دەنووسی، ئایا کاریگەری چیرۆک چییە بۆمنداڵ؟**

د. هاوژین سلێوە: چیرۆکی منداڵان گەشە بە بەهرەی منداڵان دەدات، ئاسۆی ڕوانینیان فراوان دەکات، فێرە شێوازی دەربڕییانیان دەکات، فێری وشەی نوێ و دەربڕینی نوێیان دەکات. ئەزموونی ژیانیان دەداتێ، فێرە دان بە خۆداگرتن و بیرکردنەوەیان دەکات. ئەنشتاین دەڵێت: (ئەگەر دەتانەوێ منداڵەکانتان زیرەک بن، هەمیشە چیرۆکی خەیاڵاویان بۆبخوێننەوە، ئەگەردەتانەوێ زیرەکتربن، زیاتر چیرۆکی خەیاڵاویان بۆ بخوێننەوە). هەرچەندە ئەنشتاین کەسێکی داهێنەر بوو لە ڕشتەی فیزیا، کەچی ئەو جۆرە لێکدانەوەی

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

هەبووە بۆچیرۆک. زانستەکان یەکتر تەواودەکەن. خانمە چیرۆکنووسی سویدی (سەلما لاغرلوف ١٨٥٨ ـ ١٩٤٠)کە خاوەندی جائیزەی نۆبلی بواری ئەدەبیاتە لە ساڵی ١٩٠٩ لە نووسینی چیرۆکی (گەشتی نیڵس)توانی وابکات، کە منداڵان زیاتر ئاشنای جوگرافیای سوید بن. کەواتە چیرۆک و بابەتی ئەدەبی بەشێکی دانەبڕاو نییە لە کایە مەعریفەکانی دیکەی ژیان.

**پ: هەندێ کەس پێیان وایە نووسین بۆ منداڵان شتێکی سادەو ئاسانە، بەڕای بەڕێزت نووسین بۆمنداڵ کارێکی ئاسانە؟**

د. هاوژین سڵێوە: نووسین بۆمنداڵان کارێکی سەخت و دژوارە، کاتێ شتێک بۆگەورەکان دەنووسی، بە شێوەیەکی سروشتی بابەتەکە خۆی دەدا بەدەستەوە، بەڵام نووسین بۆمنداڵ بەرپرسیاریەتییەکی گەورەیە، دەبێ بزانی چی دەنووسی، ئەو بابەتەی کە دەینووسی بەقازانج، یان بە زەرەر بۆ منداڵ دەکەوێتەوە. (لەتیف هەڵمەت) دەڵێت: کاتێک بۆمنداڵ دەنووسم، وادەزانم هەر منداڵم گەورە نەبوویم. واتە دەبێ بگەڕێیتەوە سەردەمی منداڵی، بزانی منداڵ چی گەرەکە، ئەو کەسەی کە بەرهەمی منداڵان دەنووسێ، دەبێ لە سایکۆی منداڵ بزانێ و خوێنەرێکی باشی بابەتە دەروونییەکان بێ، لە پاڵ ئەوەش بەرهەمی منداڵان بخوێنێتەوەو بیر لە بابەتی نوێ بکاتەوە. نەک هەر لەسەر پاشخانە مەعریفییەکان ئیش بکات. ئیشی دکتۆری منداڵان زۆر سەختترە لە دکتۆری گەورەکان. چونکە، کە منداڵ نەخۆش بوو زمانی دەربڕینەکەی تەنها گریانە. وەکو گەورەکان ناتوانێ قسە بکات و بڵێ ئەو ئەندامەم دێشێ و ئەوە کێشەکەمە، بۆ ئەوەی یارمەتی پزیشک بدات. بەو پێودانەش ئەدەبی منداڵان ئەدەبێکی هەستیار و قورسە.

**پ: تا ئێستا چەند کتێبت بە چاپگەیاندووە، وە چەندیان بۆ منداڵانن؟**

د. هاوژین سڵێوە: تا ئێستا (١٨)کتێبم بەچاپگەیاندووە. (٣) کتێبم بۆمنداڵانن. بەڵام لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیش زۆر چیرۆکی وەرگێڕدراوی بواری منداڵانم بڵاوکردۆتەوە.

**پ: تۆ، سەرپەرشتی لاپەڕەی منداڵان دەکەی لە گۆڤاری کەکۆن، کە ئەم گۆڤارە لە شاری کۆیە دەردەچێ، چۆن بوو ئەم بیرۆکەیەت بۆ دروستبوو، ئایا پێشتر شیعری منداڵان لە گۆڤاری کەکۆن بڵاوکراوبۆوە؟**

د. هاوژین سڵێوە: مێژووی ڕۆژنامەگەری لە کۆیە، زیاتر دەکەوێتە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ تا ئێستا نزیکەی دە ڕۆژنامەو گۆڤار لە کۆیە بڵاو بوونەتەوە. بەڵام هیچیان گۆشەیەککیان بۆمنداڵان تەرخان نەکردبوو، بۆیە بیرم لەوە کردەوە، کە گۆشەیەکی منداڵان دابنێین و لەو گۆشەیەش شیعر و چیرۆک بڵاو بکەینەوەو هەروەها ئەو نیگارانەی کە منداڵان دەیکێشن ئەوانیش بڵاو بکەینەوە. ڕاوێژم بەزۆرکەس کرد و بابەتم لێوەرگرتن، چەند ناوێکم دانابوو، مامۆستا کازم کۆیش سێ ناوی دامێ ئەگەر حەز بکەم گۆشەکە بەوناوە دابنێم. دواتر گۆشەکەم بەناوی ((نەوەکان))چەسپاند. کە لە ژمارە (٤٨)ی گۆڤاری (کەکۆن)ـەوە تاکو دواژمارە، کە ژمارە (٦٠)ـە هەربەردەوامە. یەکەم شیعری منداڵان شیعرێکی (ڕۆستەم خامۆش) بوو، بە ناوی ( قوتابخانە ) لە ژمارە ( ٤٤) لە مانگی ئەیلولی ساڵی ( ٢٠١٦ )، کە بەرلەوەی گۆشەی منداڵانمان هەبێ، بڵاومان کردۆتەوە.

**پ: ئایا کتێب و نامیلکە و گۆڤاری تایبەت بە منداڵان، لە ئاست خواست و پێویستی منداڵاندا هەن؟**

د. هاوژین سڵێوە: بەرلەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، حەزم لێیە لەوە دەست پێبکەم، کە خوێنەری کتێب بە شێوەیەکی گشتی کەم بۆتەوە، جا منالانیش بەشێکن لەو کەلتوورە، ئەگەر گەورەکان کەوتبنە بەرلافاوی فەیس بوک. ئەوا گچکەکانیشمان زۆر سەرقاڵی پۆبجی و ئایپاتن. بەداخەوە، خوێندنەوە لای ئێمە نەبووە بە کەلتوور. زیاتر خوێندکارانمان حەزیان لەوەیە تەنها کتێبە مەنهەجییەکان بخوێننەوە. نەک کتێبی دیکە. لە هەمان کاتیش کەسانێک هەن دەخوێننەوە، لە ئێستادا هەست دەکەم کتێب و نامیلکەو گۆڤاری منداڵان زۆر کەم بۆتەوە، بەداخەوە ئەم قەیرانە کاریگەری خۆی هەبووە، چونکە بابەتی منداڵان وەک کتێب و

بابەتەکانی دیکە نییە، واباشترە دیزانی زۆر جوان بکرێن و بە ڕەنگاوڕەنگی بڵاو بکرێتەوەو لەسەر کاغەزی باش چاپ بکرێ ئەوانەش مەسرەفی زۆری دەوێ.

**پ: بەڕێزت، لە شیعر و چیرۆکەکانتدا، دەتەوێ منداڵانی کورد، بەچی ئاشنا بکەی؟**

د. هاوژین سڵێوە: شێوازی نووسینی من لە بواری منداڵان بەتایبەت لەبواری شیعر، هەوڵێکی زۆرم داوە منداڵ ئاشنا بکەمەوە بە کەلتووری کوردەواری، بە سروشتی کوردستان، بە فۆلکلۆر.

**پ: چۆن بوو، شیعر و چیرۆکی منداڵانت لە زمانی فارسی وەرگێڕاوە بۆ زمانی کوردی؟**

د. هاوژین سڵێوە: لەبەرئەوەی زۆر گرینگیم بەبواری ئەدەبی فارسی داوە، لە کاتی خوێندنەوە، شیعرێک یان چیرۆکێکی سەرنجڕاکێش ببینم حەزدەکەم وەریبگێڕمە سەرزمانی کوردی.



# بە پێشوازی نەورۆزەوە

غەفور کەس نەزانی(ژاکاو)

خۆر لە (وەنەوشە)ی ئاوات ئەدرەوشێت
ناز بە گوڵانی ناسک ئەفرۆشێت
دەس لە سەر ماشەی تفەنگ و قەڵەم
قڵمۆ دەداتۆ مەنجەڵی ستەم
بەهارە هاڕەی تاڤگەیە لە شاخ
سروە سەرخۆشە بە کەیف و دەماخ
ورتە ورتی دێ مەل لە چیا و دەشت
هەلە بۆ سەیری چەمەن زار و گەشت
سەدای قەوانی سینەی بولبول دێ
پاساری دێت و دەچێ لەو پەڕ دێ
هەر گوڵە و دێتە پێشوازی شایی
چەپڵە ڕێزانە لە لای ئاوایی
خەرمانەی داوە پۆلی خاڵ خاسان
لەرەی مێخەکبەند لە سەر کراسان
چەپی، سێ پێیی، گەڕیان گەریانە
سەمای نەورۆزی ئازادیانە
خەم و هەتوان و پەژارە لە کوێن؟
هەموو سەرخۆش و لە شادی ئەدوێن
پەستەک و ڕەشتی سۆرانی لە قۆڵ
کەوتنە خۆڕادان بە زرمەی دەهۆڵ
جارجاری چاوێ دەترووکێ بە ناز
دەرەخا بۆ دۆس هەزار ڕەمز ڕاز
چارۆکە و هەوری کراسی ڕێ ڕێ
پاموورەی نەخشین هەر لە خۆیان دێ
فەڕشی ڕازاوەی سروشت دڵشادە
لە خەم ڕەخسیوە، دیلی بەر بادە
خاکەلێوە هات بە تەپڵ و دەفی
بوورجی پیرێژن لە دوور دەگەفی
بردی چەق و چۆی چلە بای مەحاڵ
کانیاوان تۆقین ، زناو کەوتە باڵ

ژان و برکی نان ئەگەر لێ گەڕێ
دێتەوە باوی ئەم هۆزەش گەڕێ
کاوەی بوێری بۆسەی ویژدانی
دێتەوە ڕۆژێ کاتێکت زانی
هۆردووی بە سام و هەیبەتی بەهار
خێوەت هەڵدەدات لە دێهات و شار
بەرامەی عەتری سۆزەی ڕاپەڕین
دەنگێوێ لووتکەی بەرزی شانشین
شێعر و هەڵبەست و وشەی دڵرفێن
بۆپێشەنگی کار دێن و هەڵدەقوڵێن
هونەر و جوانی دەبارێ ئەو دەم
مۆسیقای هەستان دەڕتێنێ ماتەم
گوڵواژەی زێڕین، هەوای سەربەستی
ئاواتی گەلان دەدرێتە دەستی
شاعیر و خامە ، خەت و دەفتەری
نابنە قوربانی ،دەگرن ڕێبەری
هەرچی ژاکاوە دەگرێت گاوانی
سروود دەخوێنێ بۆ نیشتمانی

❋❋

من و شێعر و گوڵ و جوانی وڵاتم
لە عالەم دوور، لە نێو جەرگەی خەباتم
بە دووربینی دیەم جوانی دەبینم
لە ڕەش بێزارو بێزراوی خەتاتم
من و ئایین و دین و مەزهەبێ شیک
چ دەربەستی گرێ دۆژە و مەماتم
چرای ڕێمە گوتەی پیرۆزی خاسان
تکەی زێڕی دەمی خامە و دەواتم
بە بیری تەسکی توند ئاژۆی لە ڕێیە
چیای سەختی نەڕووخاوی سوباتم
خەڵاتە شاعیری بۆ چاری هۆزم
جنێویشی لەلام ، نوقڵ و نەباتم
وەڕێنە پیشەیان هەر دەم تولە و سەگ
لە مێژ ساڵە ئەوەش بۆتە بەراتم
من و کورد بوون هەوێنێکە مەحاڵە
بشێوێ پێی کزەی لا با سێراتم

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



# نەورۆز

بۆکان . سەعدەدین خوسرەوی

**بزەی‌نەورۆز :**

نەورۆز مزگێنی توانەوەی سەهۆڵی خەم و سڕینەوەی بیرۆکەی تنگەژەی ژینە.
بەهیوام هیماکانی جەژنی ڕزگاری و هەڵدانەوە(ئاگر ، شینکە ، گەزیزە ، نەورۆزە و....)؛ دەستە چیلەی زانست و هزری نوێ بن بۆ هەموو خۆشەویستانم و هۆگرانی نەورۆز
ئینشاڵڵە ئەم نوێ بوونەوەیە، لە هەمووان پیرۆز بێت.
دیسان بەهار میوانی نیشتمانە و خۆر تیشکی نوێ دەخاتە سەر بەژنی چیا.
هەزاران ساڵە لە وڵاتی ئێمە ئاخرئێوارەی زستان، واتە ئەوەڵ شەوی بەهار لە سەربەرزاییەکان بە نیشانەی‌مزگێنی هاتنی نەورۆز، ئاور دەکرێتەوە. مناڵان، لاوان، ژنان،پیاوان، (هەمووان....) پووش و دار کۆدەکەنەوە، ئاورهەڵدەکەن ولە دەوری‌ئاور کۆڕی‌ئاهەنگ و خۆشی‌دەگێڕن.
هاتنەوەی نەورۆز بە یەکتر پیرۆزبایی‌دەڵێن....

**نەورۆز و ئاگر:**

نەورۆز، نوێکردنەوە و ناساندنی جەژنی بەرزی نەتەوەییە.
وەبیرمان دێنێتەوە، پێشینیانمان چۆن لە سەر پێی خۆیان ڕاوەستاوەن، لەحاند سەخڵەتی سرووشت و دەسەڵات، دانەماون و سەرکەوتنیان دەستکەوتووە.
چلۆن لە زمان و خاک و داب و نەریت پارێزگاریان کردووە.
بەرگ و پۆش و کەرەسەی تایبەتی شان و شکۆی ژیانیان بۆ خۆیان چۆن ساز و دابین کردووە و.....؟!
ئاگر: هێمای نەورۆزە، دیاردەی ڕووناکی، گەرما، شاڵاو، مزگێنی، خاوێنی و دڵخۆشیە. ئاگر کردنەوە، نیشانی پەرەستش نییە. بڵکە هێمای جوانی و سەرکەوتن و دەرکەوتن و ڕاگەیاندنە.

**نەورۆز (ڕۆژی نوێ)**

لە نێو زۆرینەی گەلان و خەڵکی ئیران، دوای‌کۆتایی‌هاتنی‌مانگی ڕەشەمە، ئاخری زستان، ئەوەڵ ڕۆژی خاکەلێوە(سەرەتای بەهار) پێی‌دەڵێن: نەوزۆز. نەوزۆز دیاردەی نۆێ بوونەوە، بووژانەوە، هەڵدانەوە و هیوا بە سبەینێە. مزگێنی لە ناوچوونی سەخڵەتی زستان و دڕانی بەرگی مەینەتی ژیانە...
لە سەر هۆکاری بەدی هاتنی نەوزۆز، زۆرن بیر و ڕای جیاواز لە نێو هۆز....

ئەوەی بەر چاوە، بیرەوەریی نەوزۆز لە نێو هێندێ لە کۆمەڵانی خەڵکی جیهاندا ڕێزی لێدەگیرێ و جێگە و پێگەی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام بە هۆی ئاڵ وگۆڕی ژیانی شارنشینی، زۆر داب و نەریتی ئەم جەژنە مێژوویە خەریکە لە بیردەچنەوە و بەداخەوە زۆربەی خەڵک و مناڵانی ئەمڕۆ  نازانن یا ناتوانن وەک شیاوە بەڕێوەی بەرن. بەڵام نەورۆز لە زۆر جێگە، شوێنەواری هەرماوە.خەڵک بایەخی زۆری بۆدادەنێن و بۆ زیندووڕاگرتنی بەردەوامن.
دەنگ و ڕەنگی نەورۆز لە وڵاتی ئێران و تایبەت لە کوردەواری زۆربەهێزە. بانگەشەی نەورۆز لە وتاری زۆربەی‌نووسەران و شاعیران و هونەرمەندانی کوردا بەڕێز و پێزە.
ڕووپەڕی مێژوو هەڵدەداتەوە، ڕابووردوو بیردێنێتەوە و چاو و گوێی خوێنەر دەکاتەوە و... هەر بۆیە زۆریی لە سەرنوسراوە، جوانی پێداهەڵگوتراوە، چاکی ڕێز لێگیراوە .بەباشی پارێزراوە، وەک خۆی هەرماوە...

داب ونەریتی تایبەتی‌نەورۆز لەناوچەی موکریان: (بە کورتی)

ماڵ خاوێن کردنەوە، چاندنی شینکە ـ جل و بەرگی نۆێ کڕین، سەردانی ماڵی کەس و کار، خۆڕازاندنەوە ـ ئاورکردنەوە ـ شایی و خۆشی لە دەوری ئاور ـ هەلاوە مەلاوە ـ هەتەرێ مەتەرێ ـ هێلکە ڕەنگ کردن ـ کۆستە ساز کردن ـ میری نەورۆزی ـ هێلکە شکێنە ـ و...

**هەلاوە مەلاوە:(هلیاوە، ماڵ ئاوا)**

لەدوای کرانەوەی ئاوری ئێوارەی نەورۆز لە گەڵ تاریک بوونی هەوا، لاوان و مناڵان تاک تاک و پۆلپۆل خۆسازدەکەن بۆ هەلاوەمەلاوە، بۆئەمکارە، پشتوێنیکیدرێژ لە سەتڵ یا کرەسەیەکی شتخڕکردنەوە دەبستن، عەتر و ئاوێنە و شتیی جوانی تێدەخەن بۆ کەڵک لێوەرگرتنی ئەو ماڵانەی دەچن. لە کولانکە و گوێسوانەوەی سەربانی ماڵانەوە، ڕایدێڵنەخوارێ و هەرادەکەن:

هەلاوە مەلاوە

شتێکمان بۆ بخەنە بنتاوە

کچتان ببێ بەبووک، کوڕتانبەزاوا

پێویستە بگوترێ: هەلاوە مەلاوە، سواڵ نیە، داب و نەریتە، بە واتای: هاودڵی وهاوبەشی و پێکەوەبوونە که بە هوێ دڵخۆشی و مزگێنی هاتنەوەی نەورۆز لە کوردەواری بەڕێوە دەچی..

**هەتەرێ مەتەرێ:**

زۆرجاربۆ وەرگرتنی نەورۆزانە، لاوان و مناڵەکان ناچنە سەرڕۆچنە، لەدرکەیماڵەکان دەدەن و هەرا دەکەن؛

هەتەرێ مەتەرێ

لە خۆشی نەورۆز هاتووینە دەرێ(بۆ شۆخی دەیانگوت:سەری ئاواڵم بە قوونی کەرێ)

شتێکمان بۆبخەنە پشت چەپەرێ.

**هێلکە ڕەنگ کردن:**

مناڵان و لاوان بەر لە نەورۆز یا شەوینەورۆز هێلکەدەکوڵێنن و دواییبەتێکوڵەپیواز و... ڕەنگی دەکەن وهەڵیدەگرن و دیقەدیقەی هێلکەی جوان و ڕەنگاوڕەنگ بە یەکتری دەکەن.

**هێلکەشکێنە:**

لەدوایتەواوبوونیهەلاوەمەلاوە و هەتەرێ مەتەرێ، مناڵان و لاوان، بەو هێلکانەی لە ماڵان یا لە ماڵی خۆیان دەستیان کەوتووە، هێلکەشکێنەی پێدەکەن. سەر و بنی هێلکەکان لەیەکتردەدەن، هێلکەی هەرکەس بشکێ، دەدۆڕێنی و ئەویتر دەیباتەوە بۆخۆی...

**کۆستە ساز کردن :**

بەزمی کۆستە ساز کردن و میری نەورۆزی نەریتی تایبەتی نەورۆزە و تا ساڵانی پێشوو لە شار و دێ لەگەڵ هاتنی نەورۆز بەڕێوە دەچوو. کوستە، بەرگی سپی لە بەردەکەن، کەوش یا کاڵەی سپی لەپێدەکەن، بە شێوەی دیمەنی زستان، سپیپۆش دەیڕازێننەوە.

ڕواڵەتی کۆستە، سەرنج ڕاکێشە.ئەو کەسەی دەبێ بە کۆستە، زۆرجەفەنگی و عۆینە...

بە کوڵانانداا دەیگێڕن. لاوان گۆرانی بۆ دەڵێن، گۆنگەڵ سازدەکەن. مناڵان و خەڵک بە چەپڵەڕێزان دوای دەکەون و دەچنە بەردەرکی ماڵان، وێڕای پیرۆزبایی و بە ئاوات خواستنی پیت و بەرەکەت و دڵخۆشی لە ساڵی نوێدا بۆ بنەماڵەکان. داوای مزگێنی هاتنی نەورۆز دەکەن.

میری نەورۆزی :

بۆ ئەم بەزمە، کەسێکی تایبەت هەڵدەبژێرن، پێکەنینی نەیە، توانای شانۆگێڕی هەبێت و....بەرگی تایبەتی (میران)لە بەردەکا، لە سەرتەختێک دادە نیشێ و بە ئیشارە دستووردەدا. قسەناکا و متەقی لێوە نایە.

هەردەستووریێ دەیدا، دەبێ زوو جێبەجێ بکرێ. بۆ ماوەیەک(شەوڕۆژێک، یا کەمتر و زیاتریش) دەمێنێتەوە.

زۆرجار فەرمانییوا دەردەکا، جێبەجێکردنی ئەستەمە و کێشەیە! هەربۆیەدوایماوەیەک، هەرئەوانەی کە بۆخۆیان



گۆڤاری ئەلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

سازیان کردووە، لە جێی بە جێ کردنی فەرمانەکانی وەڕەز دەبن، لێیهەڵدەگەڕێنەوە، ئیدی بە قسەیناکەن، لەتەختەکەی دەهێننەخوارێ، و جاری وایە تۆڵەی ئەرکەکانی لێدەکەنەوە و....

پێویستە بگوترێ: لە شەوی نەورۆز، زۆر لە بنەماڵەکان لە دەوری یەکتر کۆدەبنەوە، سفرەی هەموو ماڵان دەڕازێتەوە. لەسەرسفرە هێلکە، ئاوێنە، گوڵ، شیرینی و شینکە و.....دادەنێن. بە قسە و باس و ڕووخۆشی بیرەوەری نەورۆز نۆێ دەکەنەوە.خەڵک سەردانی یەکتری دەکەن؛ دەچنە بۆلای خزمان و دۆستان و سەر قەبران و گەڕان و.......

واتای هێندێ لە وشەکان:

هەتەرێ :ئاگرانە........ مەتەرێ:ئەی دایە......... کولانکە،کولانچکە، کولاوکە،(ڕۆچنە)

کۆستە، کۆسە،(پیاوی بێ ڕیش و سمێڵ، کەم موو) ......... چەپەر : دەرکەی ناوماڵی قەدیم

عۆین : کەسێ کە فێڵەزان و شۆخە، ئەتواری سەیر لەخۆی نیشاندەدا

میری نەورۆزی : لاسایی کردنەوەی دەسەڵاتدارانی قەدیمە، (کاوە و زووحاک و... )

نەورۆز، جەژنی
بیرۆکەی ژیانەوەیە
تەوژمی هەستانەوەیە
هەردەمێنێ؛ نەریتی بێ ڕانەوەیە
باخوێندنەوەی نوێمان هەبێ
لەپای ئەم لێکدانەوەیە
تا منالەکان بزانن :
نەورۆز جێژنی؛
مێژوویی،
نەتەوەیی،
ڕزگاری،
سەرکەوتن و هەڵدانەوەیە.

بەهار.
بۆنی باران، بۆنی جوانی، بۆنی یار
بۆنی ئاگر، بۆنی لادێ، بۆنی شار
(پێک دەڵێن: پیرۆزە پیرۆز،
جێژنی نەورۆز و بەهار
**
چاو دەقرتێنی هەتاو
پرچی دادێنێ شەتاو
چپە و چرپەی خیز و ئاو
تین دەدا هزر و هەناو
هەست دەکا کەیل و کەلاو
خۆشە بەرخۆر و هەوار
شۆڕە لاوە، دێ بە لەنجە نارە نار
سەیرکەن باڵا ڕوانە!
بووکی ئەمساڵی بەهار

قاسپە قاسپە، دۆزە دۆزە
بیر وەک پوورەی هەنگ ئاڵۆزە
گرمە گرمە، گاڵە گاڵە
دەنگەدەنگی، ماڵ بە ماڵە
ها گەزیزە، ها نەورۆزە
جەژنانەی سرووشت بۆ هۆزە
شۆخ و شەنگە، شانۆی ڕەنگە
بەژن و بەروانکەی بەهار ...
**
چاو بە گریان، ڕۆی کرێوە
خێڵی هەڵدا، خاکەلێوە
ماچی جوانی لێو بە لێوە
ئێستە وەرزی شین و شێوە
کۆشی پڕ کردوە منالّ
دەیلێ گۆرانی خەیالّ
گوڵ بەدەست و کوڵمەسوور و بێ قەرار
وا بە تارای ئەرغەوانی، هات بەهار.
**
بۆنی باران، بۆنی جوانی، بۆنی یار
بۆنی ئاگر، بۆنی لادێ، بۆنی شار
(پێکەوە پیرۆزە پیرۆز،
جەژنی نەورۆز و بەهار.

بۆکان ـ ـ سەعدەدین خوسرەوی

## حاڵی پەشێوم



هیدایەت ئازەری (خەمبار)

**ئەگەر دەتزانی حاڵم چەند پەشێوە***
بەلەنجەولار دەهاتی تۆ لە ڕێوە
دەزانی تۆی , هەمووی ویست و نیازم؟
کە تۆش تەرکم بکەی دەمرم لە جێوە
خەمی دووریت چەماندی پشتی لاویم
لەسەر دوندی دڵم قورسایی کێوە
ئەوا ئەمڕۆ ئەوین خۆیدا نیشانم
لە نێو دڵدا , هەرایەو باسی سێوە
کە تۆ لوتفت نەماوە یاری یاغی
دڵ وزامت بەجارێ دا لە خوێوە
بەشێتم دامەنێ یاری کەژاڵم
ئەوەندەی لادەدەم بۆ ماڵی ئێوە
بەلاّم کوا شەرتی دڵداری و وەفاکەت ؟
ئەتۆشادی و ئەمن ڕۆحم پەشێوە
ئەتۆم شاجوانی لەم شارە و وڵاتە
غەریب ماوم بە سەدجۆر ڕەنگ و شێوە
دەترسام دڵ بەلاڕێدا ببەیتوو
لە پاش مندا بگۆڕێ دڵ لە ڕێوە
چ خاکێک کەم بەسەرما من لە تاوت
ئەمان لەو هەستە لەو لێوە بزێوە
شەوێک (خەمبار) بە ئازادی لەلات بێ
بەرەو لوتکەی ئەوین دەفڕێ لەوێوە

**

**پێشوازی لە غەزەلی " لە جێژوان" مامۆستا (ک.د.ئازاد)**

ئەگەر دەتزانی حاڵم چەند پەشێوە
قالب : غەزەل
بەحری : هزج مسدس محذوف
کێش : مفاعیلن مفاعیلن فعولن
هێما : U— — —/U— — —/U— - - -

## مزگێنی



مەریوان. جەماڵ مەریوانی

بەهار لێرە گوزەر دەکا و
وا دێتەوە!
پەڕەسێلکەی ئاشق وتی!
پاییز لێرە تێدەپەڕێ و
دەبڕێتەوە!
گەڵای سەوزی دارهەنارێک،
چرپاندیە گوێم!
نەبا هیچ کات دڕدۆنگت کەن!
نەبا هەرگیز،
بتخاپێنن!
بڵێن: شەوگار زۆر درێژە!
من لە ورشەی ئەستێرەم بیست،
دەیگوت:
شوێن پێی مۆتەکەی شەو
گەلێک لێژە!
نەبا هەرگیز،
بڵێی نا نا، تا هەتایە!
وەرزی شەختە دوایی نایە!
تیرێژی ڕۆژ، ئەم سپێدە،
سروودی مانەوەی دەچڕی!
ئەوەی لە ژان بێبەری بێ و
دەردی شەوی نەچێشتبێ و
تیری زەردی وەرزی ستەم،
خوێنی جەستەی نەڕشتبێ!
هەر دەبێژێ و هەر دەبێژێ!
وەرزی "ئازار" شای وەرزانە!
ئەوەشی وا،
دەمێک ساڵە، زریانی دەرد
گەڵای عومری دەوەرێنێ!
چاوەڕوانە؛
بووکی نەورۆز؛
مژدەی بەهاری بۆ بێنێ!!

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



# ڕەخنەی ئەدەبی

سنە. پەرەستوو ڕەحمانی (سایدا)

کارناسی باڵای زمان و ئەدەبی فارسی

## پێشەکی

لەزمانی کوردیدا، وشەی ڕەخنە بەرامبەر وشەی (نقد) ی عەرەبی و وشەی (Criticism )ی ئینگلیزی بە کار دەهێنرێت، هەرسێ وشەکەش لەبواری ئەدەبیدا بۆ یەک وتار و مەبەست بەکاردەهێنرێن و هەڵگری چەمکێکی دیاریی کراون.

ڕەخنە ی ئەدەبی لەم چەند دەهەی کۆتاییدا هەم لە ڕووی میتۆدەوە، هەم لە ڕووی گۆشەنیگاکانیش گۆڕاوە و پەرەسەندنێکە گەورەی بە خۆیەوە بینیوە.

لە سەدە کۆنەکاندا ڕەخنە ملکەچی زانستەکانی تر، جگە لە زمانەوانی و زانستی ئەدەبی کرابوو . جارێک دەبرایە ناو فەلسەفە وفیلەسوفەکانەوە، جارێکی تر دەبرایە ناو مێژوووەوە، ناو دەروونزانییە وە، ناو کۆمەڵناسییە و ناوئابوورییەوە و ... .

لە سەدەی ڕابردوودا چەند دەنگێک بەرز بوونەوە. یەکەم جار مارسیل پرۆست (prost) ڕەخنە لە سانت بێڤ (beave) دەگرێت و دەڵێت: گەڕان بە دوایی ژیاننامەی نووسەر یا خۆد شاعیردا و لێکۆڵینەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکی لە ڕوانگەی ئەمەوە فەرامۆشکردنی ئەدەب و بایەخدانە بە ئەدیب.زۆرڕەخنەگەرو نووسەریش گومانیان لە ئەوە دەکرد دەروونناسیتوانای شیکردنەوەی دەقیان هەبێت. مارکسییەکانیش بیرۆکەی فرۆیدیان بە خۆرافە دەزانی، کە دوورە لە ڕاستییەوە. ئیلهام و بەهرەی تاکەکەسیش لە فەرهەنگی ڕیالیزمەکاندا واتایەکیان نەبوو.

ڕەخنەی ئەدەبی نوێ گرنگی بە وڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە ئەدات،کە فۆرم لە کارە ئەدەبییەکەدا ورووژاندوونی، هەروەها بایەخ ئەدات بە هەر یەک لە گونجان و ڕازاندنەوە، ڕەمز و زمانی ئێحیا بەخش، ئەفسانە، وێنەی هۆنەری، کە واتای لێ شێوەگیر دەبێت.

فۆرمالیستە ڕووسەکان ئەم پرسیارانە یان ورووژاند کە : بۆچی زمان و زانستی زمان نەکەینە بناخەیەک بۆ لیکۆڵینەوەدەقی ئەدەبی؟ ئایا دەقبە شێوەوناوەڕۆکەکەیەوە بریتی نییە لە نیشانە زمانییە کان بەبێ زیاد و کەم؟ ئەگەر زمان مادەی ئەدەب بێت. بۆچی لە لیکۆڵینەوەی ئەدەبیەتی ئەدەبدا، سوود لە زانست و زمان و پێدراوەکانی وەرنەگرین؟

## ڕەخنە چییە؟

ڕەخنە (Criticism)هۆنەری هەڵسەنگاندن، شیکردنەوەی کارە ئەدەبی و هونەرییەکانە لەسەر بنەمایەکی زانستی.

وشەی ئەدەب بە وشەی ڕەخنە زیاد کراوە(Literary Criticism )، ئەمەش بە مەبەستی گەیاندنی ئەو شێوازانەی بۆ جیاکردنەوەی چاک لە لاواز چ هی نووسەرە کۆنەکان بێت یا نووسەرە نوێکانبە مەبەستی دەرخستنی ڕووە جوانەکا نی داهێنانی ئەدەبی، هەروەها بە مەبەستیی خستنە ڕووی زانیاریی ورد، کە بە هۆیەوە حوکم بەسەر بەهێزی و لاوازی بەرهەمەکان ئەدرێت.

ڕەخنەی ئەدەبی بریتییە لە هەڵسەنگاندن و تەتەڵەکردن و ڕاڤەکردنی دەق، یاخود ڕاڤە لێکدانەوەی کارە ئەدەبییەکانەو چێژو توانستی ڕەخنەگەر کاریگەری زۆری لەسەر پرۆسەکە ولایانە نێگەتیڤ وپۆزەتیڤەکانی دەبێت، هەموو ئەمەش لەپێناوی دیار کردن، یان بڕیاردان و جیاکردنەوەی باش و باشتر لە خراپ و خراپتر،

وشەی ڕەخنە لە کوردیدا واتە ( ڕەخنەی تێبووە، ڕەخنەی لێدەگرێ، خەوش وعەیب وناتەواویەکانی دەخاتە ڕوو) لە ڕەوشتی کەسێک،یان لە سیفەتی کەسێک، یان کارەساتێک،لە بەرانبەر وشەی ڕەخنەشدا، مامۆستا عەلائەدین سەجادی زاراوەی "نرخ شناسی" و د.کامل بەسیر " ڕەخنە سازیان" بەکارهێناوە.

### کار و مەبەستی ڕەخنە

ڕەخنە زانستە، چونکە بە پێی ڕۆشەنبیری و ئاگاداریەکی فراوان و قووڵ، لە سەر ڕەوشتێکی دیار دەڕوات لە بەرهەمی ئەدەبی ئەکۆڵێتەوەو پێوانەیەکی بابەتی هەڵیئەسەنگێەێ و هەموو لایەکانی ڕچاوەدەکات و بڕیار لە سەری ئەدات. بە یارمەتی ڕەخنە گەرانی ئەدەبی، خوێنەرەکان هەندێک پێوەریان وەدەست دەکەوێ کە بتوانن بەرهەمە پڕبایەخەکان بناسن وبەم شێوەیە گرینگی بە بەرهەمە لاوازەکان نەدەن.

١- لێکۆڵینەوە لەدەقی ئەدەبی، دەروونی، کۆمەڵایەتی...
٢-دیارکردنی پێگەو ڕۆڵی دەقەکە لە ڕێڕەوەوە هاوشێوەکانیدا.
٣-دەرخستنی تایبەتمەندی ولایانە باشیەکان.
٤-دیارکردنی ئاست و ڕادەی کاریگەری و بەسوود لەسەر کۆمەڵگا.
٥-دەرخستنی ئاست و ڕادەی توانستی نووسەر لەبوارەکەی خۆیدا.
٦-ڕێگە نیشاندەرەو کار ئاسانکەرە بۆ خوێنەر.

### تایبەتمەندییەکانی ڕەخنەگەر:

ئەفەلاتون دەڵێت: "ڕەخنەگەری ڕاستەقینە کە بە خاوەن حیکمەت و ئازایەتیی جیادەبێتەوە، توانای ئەوەی هەیە ئەوانی تر بەرەو ئەوە ببات، کە ڕەخنە لە یەکتر بگرن."
ڕەخنەگەر هەڵسەنگێنەری هەمەلایەنی جۆرە بابەتێکە، بە مەبەستی خستنەوەی ئاستەکەیو دیارکردنی لایەنە باش وخراپەکانی دەق بۆ خوێنەر.بۆیە ڕەخنەگەر دەبێ تواناو خاوەن ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیری و زانیارێکی فراوان بێت تا بتوانێت لە ڕاستی بیر و بۆچوونەکانی خاوەن دەقە هەڵبژێراوەکان بگات و بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە دەقەکان بۆ پرۆسەی ڕەخنەکەی هەڵبژێرێت.
توانایی باشی هەبێت لە لێکدانەوەی ئەو دەقە یان وتار و بەرهەمەی ڕەخنەی لێ دەگرێت و هەوڵبدات پسپۆڕی و تایبەتمەندی بۆ خۆی لە بواری مەعریفەتدا درووستبکات و لایەنی و مزاج و هەڵسوکەوتی لە گەڵ خاوەن دەق و بەرهەمەکان بخاتە لاوە.
ڕەخنەگەر دەبێت ئاگاداری تواوی میتۆدە کۆن و نوێکان وهەموو ئەو ڕێبازو ڕوانیانە ببێت، کە بەردەوام لە سەر ڕەخنە بڵاو دەکرێتەوە.

### ڕەخنەی ئەدەبی نوێ

زاراوەی ڕەخنەی نوێ (New Criticism)بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩١١م دەرکەوت ئەو کاتەی کە " جۆن سینگارن" کتێبە ڕەخنەییکەی دەرکرد بە ناوی (The New Criticism). هەر وەها "جۆن کرۆو ڕانسۆم (Ransom)یش ئەم گۆزارەیەی کردە ناونیشانی ئەو کتێبەی خۆی، کە لە ساڵی ١٩٤١م دەرچووە.
لە نێو ئەم دوو مێژووە زۆر ناوی تر هەیە کە هەموویان دەستوەردانی زانستە مرۆییەکانی وەک مێژوو و سۆسیۆلۆجیا و سایکۆلۆجیا فەلسەفەیان لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییە کاندا ڕەت دەکردەوە وگرنگییان بە ئەوە دەدا کە خۆدی کارە ئەدەبییەکە دەیوت و جەختیان لەوە دەکردوە بە کارهێنانی وشەکان لە ئەدەبدا جیاوازە لە بەکارهێنانیان لە زانستەکاندا.
لە ئەدەبدا وشەکان واتای ئاشکرا و واتای شاراوەیان هەیە، ئێمەش کاتێک بەرهەمەکان دەخوێنینەوە زۆر لە ئەوە زیاتر، کە ڕواڵەتەکەی دەلالەتی لێ دەکات شتی لێ وەر دەگرین. وشەکان لە شێعردا جیاوازن لەوەی لە زمانی زانستدا بە کار بێنن ، چۆن لە شێعردا توانایەکی بێسنووری بەخشینە ئیحایان هەیە. زانین لە شێعردا زانینێکی ئیستاتیکییەوە تەنیا لە میانەی وشەکانەوە دەرنابڕێت، بەڵکووڕێگای بینایی بەرهەمەکە دەردەبڕێت.بۆیە ڕەخنەگەرە نوێکان دابەشکردنی کلاسیکییەکەی شیعر بۆ ڕۆخسار ناوەڕۆک ڕەتدەکەنەوە .
لای سۆزان لانگەر(Langer) شیعر دەنگ و نەغمەو هەست و وێنەو لێشاوی واتایە. ئەوەی وادەزانێت دەتوانێت جیاوازی لە نیوان ڕۆخسارو ناوارۆکی شێعردا بکرێت، بەهەڵەدا چووە.

ڕەخنەی نوێ تەنها گرنگی بە سیاقی ناوەکی دەقی ئەدەبی دەدات جگە لەمە بایەخ بە هیچ سیاقێکی دیکە نادات.
لەبەر ڕۆشنایی ئەمەدا ڕەمزەکان هەڵدەوەشێنرێنەوەو خۆیان و واتاکانیان ئاشکرا دەکرێن و لێکۆڵێنەوەش لەپەیوەندی ئەم ڕەمزانە بە ناوەڕۆکی شێعرەکەوە دەکرێت.
هەندێک ڕەخنەگەری نوێ وەک برۆکس (Brooks)شێعر ناکرێت لە دوو وشەی: "فۆڕم " و "ناوەڕۆک" دا کورت بکرێتەوە. بەڵکوو بونیادێکی درامییە لە سەر خواستن و خوازە دامەزراوەو پارادۆکسی تێدایە. لە ناو شێعردا لە جیاتی شاعیر ئاماژەبە کەسیەتی قسەکەر(Speaker) دەکەن.
ئاشکرایە ئیلیوت ( Eliot) تیۆرێکی تایبەتی هەیە سەبارەت بە سێ دەنگەکەی شێعرە:" یان دەنگی شاعیرە، یان دەنگی کەسێکی دیکەیە، کە پێ دەوترێت قسەکەر، یان دەنگی کۆمەڵە، کە ئەمەیان لە شێعری درامیدا هەیە."

پۆختەی قسە ئەوەیە خولیای ڕەخنەگەر نوێکان جەختکردنەوەیە، لەوەی چۆن ئەدەب واتاکەی خۆی دەگەیەنێت، نەک چۆن ئەوە دەگەیەنێت کە مەبەستیەتی. لە ماوەی نیوان هەر دوو جەنگەکەدا ڕەخنەی نوێ سەر کەوتنێکی گەورەی بە خۆیەوە بینی.
ئەو کەموکوڕییەی لە " ڕەخنەی نوێ" هەیە، ئەوەیە سیاقی مێژوویی و ئەو هۆکارانەی کاریگەریان هەیە لەسەر فۆڕمی ئەدەبی بە شێعر و پەخشانەوە، هەموویان پشتگۆی دەخات. هەروەها بایەخ بە دانەر نادات و نەیتوانی هزرەکانی خۆی بە سەر جۆرەئەدەبییەکانی تری جیاواز لە شێعری لیریکدا وەک شانۆنامەو ڕۆمان و کۆرتە چیرۆک بگشتێنێت.
ترسناکترین کەمووکۆڕی کە ئاراستەی ڕەخنەی نوێ کراوە، ئەوەیە ڕخنەیەکی هەڵبژاردەییە، بەو واتایەی ڕەخنەگەر تەنها ئەو بەرهەمە ئەدەبییانە هەڵدەبژێرێت کە بۆ پراکتیزەکردنە هزرەکانە گونجاون.

**"بنەما و میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی"**

هەمیشە قسەو باسێک هەیە لەنێو نێوەندی ڕۆشنبیریی کوردیدا هەیە کە ڕەخنەی کوردی بنەما و میتۆدی نییە، یان زۆرجار تۆمەتی ئەوە دەدەنە پاڵ نووسەران و ڕەخنەنووسان کە پشتیان بە میتۆد نەبەستووە و ئاگاداری ئەلف و بێی ڕەخنە نین. بێگومان بەشێک لەم قسانەی دروستی تێدایە، بەو پێیەی تا ئێستا بەشێک لە ڕەخنەگران نازانن میتۆد چییە؟ یان بە هەڵە میتۆدەکان بەکار دەهێنن و میتۆد لەبری ئەوەی ببێتە دەروازەیەک بۆ ناسینی دەق، بەڵکو لای ئەو کەسانە دەبێتە ڕووپۆشێک بۆ جوانکردنی سیمای تێکست. ئەمە بێجگە لەوەی بەشێک لەوانەی بە حساب میتۆد بەکاردێنن ناتوانن پەنهانەکانی تێکست بپشکنن و قووڵایی، یان بۆشی تێکست پیشان بدەن. میتۆد بۆ پەردەپۆشکردنی ڕووە پۆش و ناشیرینەکانی تێکست نییە، بەڵکوو بۆ ئاشکراکردنی هەموو دیوەکانی تێکستە.
لە ڕووکردی پڕۆسەی ڕەخنەی نوێدا، ئەمە "دەقە" کانن کە تاکە ژێدەر و سەرچاوەی تۆژکارین و دەبێ بخوێنرێنەوە و شەن و کەو بکرێن تا لە مردنیان بەرگری بکرێت، بەڵام ئەم کارە چۆن ئاستەنگ و دژوارە، نەکراوە. "مەم و زین" و " ماریفەتی پیرشالیار" و "دەقەکەی سەیدی" و... بە شێوەی زانستی و هێرمنۆتیکیانە شیکاری نەکراون تا لایەنە دراما، ناوەکی، تەغەزولی، حەماسی و مێژوویانەیان دەرکەوێ و لە گەڵ نموونە بیانییەکان بە چاوی ڕەخنە تاوتوێ بکرێن

لێرەدایە ڕەخنەی ئەدەبی ئێمەش ڕوو لە کزی و لاوازی ناوە و دەنێ. چوون هەر لە دەسپێکەوە تا وەکوو ئێستا لەوا کە هۆکارەکان ڕەخنەی ئەدەبی نەکراون، ڕەوتێکی سیستماتیکی نویساری و یەکگرتوو بۆ کورد ساخ نەبۆتەوە، پێکهاتە و سەرهەڵدانی دیالێکتەکان بەرچاونەگیراوە و وامانزانیوە و وایش ئەزانین ژێدەری زوانی ستاندارد، تەنیا یەک دیالێکتە و بەس. لەم حاڵەتەداکە بۆشاییەکی مەزن دەبینرێ لە ڕادەی سەرهەڵدان و پێکهاتەی مێژووی ئەدەبەکەماندا، لە ئەدەب و شیعردا مێژوویەکی پچڕپچڕ و ئاڵۆسکاومان هەیە. ئەم پەتا بە گشتی سیمای مێژووی ئەدەب و شێوازناسی و زوانەوانی کوردی بە گشتی، تەنیوەتەوە تا بگاتە ئەدەبی ئاوانگارد و پێشڕەومان.
"بەداخەوە هەتاکوو ئێستە کتێبخانەی کوردی خاڵییە لەم جۆرە کتێبانە و هەر هەوڵێکی لەم شێوەیە جێگەی دەستخۆشییە، چۆنکە بەبێ تێگەیشتن لە میتۆدەکان مەحاڵە بتوانرێت بە دروستی بەکار بهێنرێن، بۆیە ئەم جۆرە

کتێبانە دەستگیرۆییەکی باشی خوێنەر و ڕەخنەگران دەدەن بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە بنەماکانی میتۆدی ڕەخنەی ئەدەبی."

سەرچاوەکان
١- د. ئیبراهیم مەحموود خەلیل، ڕەخنەی ئەدەبی نوێ، وەرگێڕ:پ.ی.د. مەحەمەد تاتانی ، کارۆ ٢٠١٧
٢-د. لۆقمان ڕەئوف، ڕەخنەی ئەدەبی، کارۆ ٢٠١٧
٣- د. نەسروڵڵا ئیمامی، بنەما و میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، وەرگێڕ: د. هیمداد حوسێن و سەنگەر نازم" ناوەندی ئاوێر ٢٠١٨
٤- د. سیروس شمیسا، نقد ادبی، فردوس ١٣٨٣
٥-حمید رضا شایان فر، نقد ادبی، دستان ١٣٨٠
٦- وبلاگ عادڵ محەمەدپوور، سەرچاوە کتێب دیمانە، ، ئەوین ١٣٩٦

کتێبی تازە لەچاپ دراوی
#خاتوو پەرەستوو ڕەحمانی
[پ.ر.سایدا]
#هەنارستانی بێدەنگی
ناونیشان :
سنە : #شەقامی_فەرەح
#کتێب_فرۆشی_ئەمیرکەبیر (امیرکبیر)




گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە



## بەهار

عەلی مەحموودی (ئاوێر)

وەرزی بەهارە دنیا ڕەنگینە
ئاوێنەی کۆسار چین لە سەرچینە
جێژنی بەهارە پیرۆزبێ لە هۆز
ئەڕوا بۆ ئاکۆ پرشنگی نەورۆز
شەو شنەی شەماڵ دڵ ئەلاوینێ
بازنەی بێ دەنگی شەوگار ئەپسێنێ
پەخشانە زوولفی کازیوەی رووگەش
ئاسۆ روون دەکا شەبەقی مەهوەش
مەلی بەر بەیان گەردن هەڵدێنێ
فرمیسکی شەونم هەڵ ئەوەرێنێ
خۆر بە نازەوە لە ئاسمانی شین
شۆڕ ئەکاتەوە گزنگی ئەوین
سوورئەبێ گۆنای گوڵی دەم ئاسۆ
دەرازێتەوە دەشت و دەر و کۆ
شەستە و بارانی هەوری ئەویندار
ئەدا لە دەشت و کێو و لێرەوار
قاسپەی کەو لە شاخ دڵ ئەلاوێنێ
شووشەی ئەوینی دڵدار ئەشکێنێ
بولبول گوڵی خۆی لە باخ ئەستێنێ
بەسۆزی دەروون بۆی ئەچریکێنێ
شەماڵ دەی هێنێ بۆنی هەڵاڵە
تێکەڵ میخەکی گەردن بە خاڵە
پروانە دەڕوا لەم چڵ بۆ ئەوچڵ
ماچ دەکا گۆنای میخەک و سمڵ
دەنگی قەڵبەزەی بە فراوی دەم کێو
سروودی عەشق دێنێتە سەرلێو
شنەی بەر بەیان خۆی ئەلەنگێنێ
زوولفی پەخشانی گوڵ ئەشێوێنێ
پەرچەم دێنە خوار بە سەر گۆناوە
وێنەی تافگەی روون بە دەم چیاوە
دەرازێنەوە بەهاری خۆیان
گوڵان دەبەخشن بەرامە و بۆیان
بە ڕاستی بەهار وەرزی ژیانە
چەشنی بەهەشتە ئەم کوردستانە
بەهار هەڵیدە سروودی شادی
ئەی خوا بینێری سروەی ئازادی



## بەهارییە

عەتا ساڵح پوور .سەقز

گوایە چەن ڕۆژێکی تر ئێژن بەهاری جوانییە
ئەم تەوژم و تۆف و شەختە تازە عومری فانییە

گوێ لە هەر لایێکی شل کەی هەر چریکەی بولبولە
هاژە، هاڕ و قەڵبەزەی هەر کوێرە شیو و کانییە

دێ بەرامەی گوڕزی کاوە گەر گەزیزە دێتە دەر
زێدی"کاوە"بۆ"زووحاک"ی هەر دەمێ گڕکانییە

دەنگی خۆشی "خاسەکەو"هەر ڕاوکەری بۆ هان ئەدا
داخەکەم داو دۆز نیە خۆ ئەو مەلە کوێستانیە

چنگی واشە گەر هەرێمی کۆتری ئاشتی دەوێ
خۆ لە برسانا نیە هەر دەردی بێ ویژدانیە

خاکەلیوەی مێژوو بێ شک زۆر بەهاریەی پیوەیە
مەولەوی، زاری وەفایی، یەک لەوان "قائانی"یە

وا مەزانن خاکەلێوە لێوی هێمای خەندەیە
جار بە جارە شینی بارە گیانەکەم نا، وا نییە

خاکەلێوەی ئەم بەهارە بۆ "عەتا"دوو شیوەنە
شیوەنی شەوبۆی هەڵەبجە و سوورگوڵی"کۆبانی"یە


ئامادە کردنی: نەسرین کەریمی


## ژیاننامەی شاعیری نیشتمان و جوانی: "ڕەحیم لوقمانی"



### نەورۆز

ڕۆژ لــە ئـاســۆی ســوور شەوق ئــەداتەوە
دەڵــێ ئـــەمـسـاڵیش نـــەورۆز هـــاتـــەوە
سروشت سەرپاکـی جـوانـی ئــەنـوێـنێ
وەک بــووکـــیـڕازاو خــۆی ئــەخــەمڵێنێ
دەشــت و کـوێستان و لووتکەی بەرزی کێو
بــزەی بــەهــاریـان کــەوتــۆتە سـەر لێو
بــەفـری تــواوەی ســەر شــاخـــی تـەمبار
ئــەبــێ بە فرمێسک چۆڕ چۆڕدێتە خوار
هــاژەی شــەتــاوی بــن کـوێستانی بەرز
گــابــەرد ئــەتلێـنێ کــەژ دێنـێتە لــەرز
کــیـژی دارستان لـــە شـایی چــەمــا
بـــە مـــۆسیـــقـای ئــاو، دێــنەوە سەما
بــاخ و ڕەزی شــاخ یـان مێرگ و چیمەن
خشــڵــیراڵاوەی بـــژوێنی دیـــمـــەن
سەوزایـــی دەشـــت و زنجیرەی کــوێستان
تـــاریـــف نـــاکـــرێ جـــوانی کوردستان
کــــەوی دڵـــداری ئــازادی و جـــوانـــی
دەروونـــی کــەیـلـــی ســۆزی گــۆرانی
بـــەری حـــەســرەتی دڵ ئــەکــاتــەوە
بــانــگی پــەراوپــەڕ دەنـگ ئـەداتەوە
لــە سەر قەندیــل و شــاهۆ و نــەکەرۆز
ئــەڵــێ گــەلــی کــورد نەورۆزتان پیرۆز.......
"کتێبی زامستان و پشکۆی هاوار لاپەڕەی ٨"





❋❋

خاوەنی ئەو بەرهەمە بەرز و پیرۆزە کە هەر ساڵە لە دوایین ڕۆژەکانی ڕەشەمەدا ئەیبیسین، شاعیری پایە بەرزمان مامۆستا "ڕەحیم لوقمانی" یە ..مامۆستا ڕەحیم لوقمانی ساڵی١٣٣٨ ی هەتاوی لە گوندی سەڵتەکەڵتوو لەناوچەی سەرشیوی سەقز لەدایک بووە .شاعیرونووسەری سەقزی سەرەتا لە گوندەکەیانەوە چووەتە بەرخوێندن پاشان لەشاری سەقز دیپلۆمی لەدانشسەرا وەرگرتوە و لە گوندەکانی



ناوچەی، خورخوڕ، سەرا، گەورک، سەرشیوی سەقز بووەتە مامۆستای قوتابخانە ؛ دواتر لە زانستگای پەیام نوور وەک خوێندکار وەرگیراوە و لیسانسی ئەدەبیاتی فارسی وەرگرتووە ؛لە ساڵی ١٣٨٠ی هەتاوی چووتە بەر بناری کێوی ئاویەر واتە شاری سنە و تا چند ساڵ پێش لە شاری سنە مامۆستای قوتابخانە دواناوەندی و دەرسی فارسی بوون. مامۆستا دەڵێ:





گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

"پێش وەختە خۆم لە کاری مامۆستایی خانەنشین کردووە و ئێستا بە مووچەیەکی ناتەواوی خانەنشینی لە شاری سنەم و بەردەوام سەرقاڵی کاری ئەدەبیم، شانازی ئەوەم هەیە کە هەمیشە بە دەستی پڕەوە چوومەتە سەر پۆلەکان و بەردەوام بە کوردی قسەم کردووە و لەگەڵ وانەی ئەدەبیاتدا، ئەدەب و زمانی کوردیشم بۆ منداڵان شی کردووەتەوە پێم ناساندوون.

مامۆستا ڕەحیم لوقمانی نەک هەر قەڵەمی ئەدەبی وهونەری بەدەستەوە بووە بەڵکوو هەربە هۆی ئەشق و هۆگریەکی زۆر کە بەمۆسیقای ڕەسەنی کوردی هەبوو فێری ئامێری مۆسیقایش بووە و سازی تەمبوور لێدەداو وتەنانەت قوتابیشی لە ماڵی خۆیدا وەرگرتووە.

لە سەر زۆر بەی قاڵب وکێشی شێعری کوردی کاری کردوە و شێعری هەیە.لە سەرەتای دەهەی ٦٠ ی هەتاوی لەسەرهەندێ لەوشێعرانە لەسەرکار لابراوە، دواتر چەند جارگیرو گرفتی بۆ پێش هاتووە،تەنانەت لەزیندانی شاری سەقزیش بووە.

مامۆستا دەڵێ :"بەڵام تێکەڵ و بەشداری هیچ حیزب و لایەنێکی سیاسی نەبووم. دواتر چەند شێعرێکم وەک "من پشکۆیەک لەو ئاگرەم کە ئاسنیش دەتاوێنێ ..." و سروودی نەورۆز "ڕۆژ لە ئاسۆی سوور شەو شەوق ئەداتەوە/ دەڵێ ئەمساڵیش نەورۆز هاتەوە..." کران بە سروود و بڵاوکرانەوە. لە سەر ئەوانە و شێعری دیکەشم کە لە ڕادیۆ کوردییەکانەوە بێ ئاگاداری من بڵاو ببوونەوە."

دواتر بە کەفالەت ئازاد کراوە ودوای ئەوە چووتە ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیووبی "سروە" لە شاری "ورمێ" و لەوێ لەگەڵ ئەندامان وکادری نووسەران دەستی بەکارکرد: مامۆستا لەو بارەوە دەڵێ: جیا لە کاری چەندین ژمارەی سروە، لە گەڵاڵە کردن و نووسینی یەکەمین کتێبی کوردی بۆ یەکەمی سەرەتایی، لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی ئەو کتێبە بووم. چونکە ماوەیەک دڵی هەندێ کەس بەوە خۆش بوو، کە بە پێی مادەی ١٥ی دەستوور گۆیا خوێندن و نووسین بە زمانی دایک ئازادە!! ئێمە ئەو کتێبەمان بە شێوەیەکی جوان داڕشت و نووسیمان و چاپمان کرد؛ بەڵام بە داخەوە تا ئێستاش هیچ کارێکی پێ نەکرا و نەکر.."

دواتریش ساڵی١٣٦٥ ی هەتاوی بانگ کراوەتەوە بۆسەر کارەکەی کە مامۆستایی لە قوتابخانەکان دابوو.

لەگەڵ ئەوەی کە هەرساڵەی لەگوندێکی ناوچەی سەقز مامۆستایەتی ئەکرد دەستیشی کرد بەکۆکردنەوەی چیرۆکی کوردی ونووسین و بابەت وبەرهەمی ئەدەبی..

" لەزۆربەی کونگرەو سمینارە ئەدەبی وکوردیەکاندا بەبەرهەمەوە بەشداری کردوە..لە کونگرەی مەولەوی لە شاری سەقزو هەروەها لە مێهرەجانی مەولەوی لەساڵی ٢٠٠٠ دا لە شاری سلێمانی کە وتارێکی باشی لەسەر ئیقاعی شێعری مەولەوی پێشکەش کرد.لەشاری سنەلە کونگرەی هەورامان وسمینارگەلی شێعری وئەدەبی کوردی بەشداری کردوە وبەرهەمی پێشکەش کردوە. ساڵی ٢٠٠٦ لەکونگرەی نالی لەسەنتەری ئێڵ بەگی جاف لە سلێمانی بەوتارەوە بەشداربووە.

مامۆستا دەڵێ:" لە هەندێ فستیواڵی باشووری کوردستان بە نووسینی وتار لێکۆڵینەوەی زانستی بەشداریم کردووە. گوتارەکانم لە گۆڤارەکانی ڕۆژهەڵات و باشوور چاپ و بڵاو کراونەتەوە. لە سەر هەموو شێواز و جۆرەکانی شێعری کوردی کارم کردووە. بە گشتیی شێعر بە بەشێکی سەرەکی و دانەبڕاوی ژیانم دەزانم. هەر وەها بەردەوامم لە وەرگێڕانی شێعر و بابەتی دیکەی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی لە زمانی فارسییەوە بۆ کوردی.

شان بە شانی کاری نووسینم، چەند خولی کارگەی ئەدەبی و تەجروبەکانی شێعر و وەرگێڕانم بۆ خوێندکار و هۆگرانی شێعری کوردی لە سنە داناوە و زۆر کەس بەشدارییان تێدا کردووە. وەک خۆیان دەڵێن کارگەکان بەسوود بوونە و زۆر تەجروبە و شتی تازەی لێ فێر بوونە."

### بەرهەمی چاپکراوی مامۆستا ڕەحیم لوقمانی:

١ـ زامستان ـ هەڵبژاردەیەکە لە شێعرەکانم کە یەکەم جار ئینیتشاراتی گۆران لە سنە ساڵی ٢٠٠٢، بە شێوەیەکی زۆر خراپ و ناشیرین لە جیاتی چاپ ریسۆگرافی بۆ کردبوو! ئەو کارە ناشیرینەی گۆران لە باری دەروونییەوە زۆری نیگەران کردم کە نەتیجەی دەیان ساڵی ژیانم و باشترین شێعرەکانم، ئاوا بە ناڕێکی و



گۆڤاری ئەلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

ناشیرینی بچاپێندرێ! دواتر چاپ و پەخشی "پەرتوبەیان" بە شێوازێکی باش ساڵی ٢٠٠٣ چاپی دووەمی خستە بەر دەستی خوێنەران.

٢ـ فاشیزم چییە ـ وەرگێڕانی کورتە چیرۆک بۆ منداڵان، بەرهەمی "یەڵماز گۆنەی" نووسەر و دەرهێنەری ناوداری کوردی باکوور، چاپ و پەخشی "پەرتەوبەیان" چاپ ٢٠٠٣ سنە

٣ـ چوارینەکانی باباتاهیری هەمەدانی ـ گۆڕینی بۆ سۆرانی، چاپی "کالج" سنە ٢٠١٣

٤ـ زامستان / پشکۆی هاوار ـ (دوو کتێب لە بەرگێکدا) چاپی تازەی "زامستان" لەگەڵ کۆمەڵێک شێعری تازەم کە لە راستیدا دوو کتێبن. چاپی "کالج" سنە چاپی ٢٠١٥

٥ـ شمشاڵی سێحراوی یان (کەرێک میداڵی وەرگرت) ـ وەرگێڕانی سێ کورتە چیرۆکە بۆ لاوان و تازەلاوان، چاپی "کالج" سنە چاپی ٢٠١٥

٦ـ بارهێنانی منداڵ ـ وەرگێڕان، نەشری جەوان، تاران چاپی ٢٠١٧

٧ـ چیرۆک و ئەفسانەی کوردی ـ کۆکردنەوەی کۆمەڵێک چیرۆک و ئەفسانەی فۆلکلۆری نایابی ناوچەی سەقز و بۆکان چاپ و پەخشی "ناوەندی خانی" ـ سەقز ساڵی ٢٠٢٠

٨ـ تاوانەکانی داعش لە سەر کوردانی ئێزدی، وەرگێران، چاپی ناوەندی خانی ـ سەقز ٢٠٢١

**بەرهەمی ئامادەی چاپ:**

١ـ کەشکۆڵێک لە ئەدەبی بێگانە، وەرگێڕانی چەند کورتە چیرۆک، لە فارسییەوە بۆ کوردی.

٢ـ کۆمەڵێک وتار و لێکۆڵینەوە ئەدەبی لە سەر شێعر و ئەدەبی کوردی.

٣ـ دەنگی ئاشتی ـ شێعر بۆ منداڵان، ئامادەی چاپ.

٤ـ سوکناییدەری فەلسەفە ـ وەرگێڕان، ئامادەی چاپ

٥ـ سروودەکانی ئاڤێستا ـ وەرگێران، ئامادەی چاپ

٦ـ پەندنامەی باستان ـ وەرگێڕان ئامادەی چاپ

٧ـ دیوانی تازەی شێعر ( چل ساڵە هاوار دەکەم) ...

٨ـ قاقای گریان، یادداشت و سەربوردەی تاڵ و شیرینی ژیانی خۆم، ئامادەی چاپ

٩ـ ئەفسانەی گەڵگامێش ـ وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە لە سەر ئیزەدانی هووری و سوومەری کە بناخەی مێژوویی زمان و فەرهەنگی دێرینی کوردستانن.

❋❋

"ئاگرەسوورە"

من پشکۆیەک لەوئاگرەم کە ئاسنیش ئەتاوێنێ
من دڵۆپێک لەوبارانەم کە دەریایەک بەدی دێنێ
من شەماڵم ئەوشەماڵەی پڕلە شنەی بەسۆزوتاو
دەمەو بەهاربەفری داگیرکەری وڵات ئەکەم بەئاو
من ژیلەمۆم ئەوژیلەمۆی دوای هەزاران ئاولێپژان
دیسانەوە گڕ دەهاوێم دەیلێمەوە گۆرانی ژیان
کاتێ ساوای باوک کوژراو فرمێسک ئەڕژێنێ بەتاسە
من بەسۆزتر لەوئەسرینەم بەقینترم لەوهەناسە
من باوەڕم بوومەلەرزەم، دڵی زەوی دەلەرزێنم
کێووتەلان لەبن دێنم هەموو جیهان دەهەژێنم
من رووناکی ئاسۆی ژینم وەک تاوهەڵدی بۆژێردەستان
من شۆڕشم ئاگرەسوورەم ئاگرەسوورەکەی کوردستان.
"کتێبی زامستان و پشکۆی هاوار لاپەڕەی ٩"



## چەند پرسیار لە بەڕێز ڕەحیم لوقمانی:

*بارودۆخی شێعری کوردی لە ئیستادا لە ڕوانگەی مامۆستا ڕەحیم لوقمانی چۆنە؟وە لە چ ئاستێکدا ئەیبینن؟

بارودۆخی شێعری کوردی: دەستەواژەی "شێعری کوردی" هەڵگری واتایەکی گشتی و بەربڵاوە. چونکە بە وردی ئاگاداری بەشەکانی دیکەی کوردستان نین لە باری ئەدەبییەوە. بەڵام تا ڕادەیەک لەسەر ڕەوتی شێعریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەتوانم ئەوە بڵێم کە چاپی چەند دیوانە شێعرێک کە شاعیر بۆ چاپ کردنیان بە ناچار هەندێ خۆسانسۆرییان تێدا کردووە، ئەمە نابێتە پێناسەیەکی گشتیی بۆ شێعری ئەم پارچەی کوردستان. بە داخەوە نە گۆڤارێکی ئازادی ئەدەبی هەیە نە ئەنجومەنێکی سەربەخۆ و کارامەی ئەدەبی، کە تێیدا دەنگی شاعیران و نووسەران بەرەی تازەتری تێدا ببیستین. تاک و تەرا لێرەولەێ جار و بارە لە جیهانی مەجازیدا هەندێ ڕوخساری شێعری و دەنگی تازە و جوان دەبینم. بەڵام بەرهەمی چاپکراوی وام بەردەست نەکەوتووە، وەک ڕچەشکێن و داهێنەر خۆی پێناسە بکات و بکەوێتە بەر دیدەی خوێنەرانی تامەزرۆ. شێعری زادەی خەیاڵی هونەرمەندی نەتەوەیە، کە وەختێ خودی نەتەوە لە کەشوهەوای ئازاد دا نەژی، چۆن بتوانین دەنگە ڕەسەنەکانی شێعری دیاری بکەین و بزانین چۆنە و بە چ ئاراستەیەکدا هەنگاو دەنێت؟ بە داخەوە هەندێ جار خاوەن بەرهەم ئەوەندەی گرنگیی بە وێنەی جوان و ڕازاوەی خۆی دەدا، قەت ئەوەندە بیری ناچێتە سەر تازەکردنەوەی بەرمەکەی و نیگەرانی ئەوە بێت کە داخۆ شێعرەکەی دەگاتە ئاستێ پەسەندی کۆمەڵگا یان ئەوەی بە ناو شێعر دەینووسێ بەشی چەند ساڵ دەکات؟ زۆر جار بە ناو شێعر بەرهەمی سەیروسەمەر دەبینم، کە نازانم لە کام هەسارەوە هاتووە! ڕەگی لە کام خاکدایە و هەناسەی کوێ هەڵدەمژێ و کام نەتەوە بەردەنگیەتی؟ ئاخر شێعر بەرهەمی هەناسەی ڕاز و ئازاری شاعیرێکە لە نەتەوەکەی خۆی. کە شێعر نەتوانێ لە ناو خەڵکی خۆیدا چەکەرە بکات ، چۆن دەتوانێ سنووران ببڕێ؟ کە شێعر نەتوانێ ببێتە زمانی سۆز و ڕازی دەروونیی هاوزمانانی خۆی، ناتوانێ لە هیچ شوێنێکی دیکەی جیهان چەکەرە بکات و ڕەنگە هەر نەبوونی باشتر بێت. ئاخر لە جیهاندا ئەو شاعیرانە بەرز و هەرمانی بوون کە دەنگیان بووەتە دەنگی خەون و خەیاڵەکانی گەلی خۆیان. دەنگی شاعیرێک لە ئێستای خۆیدا بەردەنگی خۆی وەری نەگرن و هاوسۆزی لەگەڵ نووسینەکانی نەکەن، ئەدی چۆن دەگاتە پەنجا یان سەد ساڵی داهاتووی خۆی؟

*ئەرکی گەورەی شاعیران و نووسەران و بە گشتی ساحێبانی ئەندیشە :

شاعیر و نووسەر پێش هەموو شتێک دەبێ ئەم پرسیارانە لە خۆی بکات: لە کام بەشی جوگرافیای ئینسانی دەژی؟ خوێنی کام نەتەوە بە لەشی شێعریا دەگەڕێت؟ چونکە شێعر زادەی نەتەوە و جوگرافیایە. چی دەنووسێت و چۆن دەنووسێت و بۆ کێ دەنووسێت...؟ ئەگەر جیا لە هەناسەی خەڵکەکەی بژی، ناتوانێ بەرهەمێک بەدی بهێنێت کە خەڵک بە هی خۆیانی بزانن ولە دنیای خەون و خەیاڵدا هاوسۆزیی لەگەڵ بکەن. بە تایبەت لە ناو نەتەوەی بندەست و هەژاری وەک کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ڕۆشنبیر و نووسەران گەورەترین ئەرکی ئینسانی و مرۆڤایەتییان لەسەر شانە. ناڵێم هونەر دەبێ ئەرکی سیاسەت بەڕێوە بەرێ، چونکە سیاسەت دیاردەیەکی جودایە و هونەر جیاوازتر. هونەری شێعر و چیرۆک زۆر لەوە بەرزترە ببێتە بارەبەری سیاسەت، بەڵکوو دەبێ لە سەر شاخی بڵندی هونەرییەوە بڕوانن بۆ هەموو دیاردەکانی ژیانی مرۆڤایەتی و بەردەنگەکانی هونەرمەند، وەک ژیان، بار و ئازاری کۆمەڵایەتی، ئایین، خۆشەویستی و ... ئەگەر شاعیر بە تەنیا و لووت بەرزی، بچێتە ناو قۆزاخەیەکی (پیلە) دوورەپەرێزی و خۆی بە شتێکی جیاواز لە خەڵک بزانێت، گومان ناکەم بتوانێ ببێتە زمانی ئەندیشە و خەیاڵی داهێنەرانەی مرۆڤی سەردەمی خۆی. شاعیری پێشڕەو یا ڕۆشنبیری نەتەوە، دەبێ ببنە چاوی گەل و ڕێگای پێشەوەچوون، بە جۆرێک کە دیاردە ناحەزەکانی دنیای سیاسەت و باوەڕە هەڵەکانی کۆمەڵگاش بدەنە بەر چرای ڕووناکبەخشی ڕەخنە و بە پرسیاری زیرەکانە و هونەرمەندانە بەردەنگی خۆیان وا ڕابهێنن کە هەمیشە ئازادە و دەم بە پرسیار بن. شاعیری داهێنەر دەبێ هەرمیشە ئاگاداری خەون و خەیاڵی خوێنەر و بەردەنگی خۆی بێت. چونکە داهێنان لە خەیاڵەوە بەدی دێت، ئەگەر دنیای شێعری شاعیرێک خەیاڵی ڕەهای تێدا نەبوو، گومان ناکەم هیچی تازەی بۆ وتن پێ بێت.

# چەند کورتە شێعر



ک.د.ئازاد

## کۆچ

چیتر لە لووتکە مەپرسن؛
بۆچی هەڵۆ
لەم کوێستانانە تۆراوە؟
لە من پرسن
پێتان دەڵێم؛
جێیەک خەرتەل
بیکا بە شوێنی خوێنمژی
هەڵۆ پێی شەرمە لێی بژی!

## دڵتەنگی

هەرچی
کە بۆ تۆم نووسیبوو
سڕیمەوە!
پوختەی هەموویان
یەک شت بوو:
دڵم تەنگە کەی دێیەوە!

## پرسیار

بڵێی ڕۆژێک؛
ـ خەڵکی جیهان ـ
هەموو بگەن بەو بڕوایە:
کە مافی هەموو ئینسانێک
ـ بێ جیاوازی ـ
وەک یەک وایە!

## تاک

دەڵێی شارێ، بە جارێ، چۆتە غوربەت
وەها چۆڵە جیهانی من بە بێ تۆ!

## خۆڕاگری

قەت ناهێڵم زامەکانم
بمکەن بە کۆیلە و ملکەچی
دوژمنانم!

## یادگاری

کاتێ ڕۆیشت
چەند یادگاری بۆ شار جێهێشت:
پێکەنینی دا بە گوڵ و
زەردەخەنەی دا بە خۆر و
هەناسەی بەخشی بە شەماڵ!

بۆیە کە سەیری شار ئەکەم
دەچمە دونیای خەون و خەیاڵ!

## بەهەشت

بەهەشت لای من،
ئەو شوێنەیە
کە من و تۆ
ـ بە هەموو کەین و بەینەوە ـ
بیر لە ماچێک دەکەینەوە!

## ئاگر

ئاگری کینە و ئاگری زاڵم،
دوو ئاگرن
بەسام ترن لە ناپاڵم
بە قین ترن
لە دوژمنی خاک وماڵم!

دوو ئاگریش هەن پیرۆزن
زۆر زۆر پیرۆز
ئاگری تۆڵە و،
ئاگری نەورۆز!



# ڕیزی ئا و بێ

ئەمین خۆشناو

(ئەلف) دە ڕیزی ئەلفوبێی عەرەبیی ـ فارسیی دا مەبەستە لە /ا/ و کۆمەڵێک نیشانەی سەر و ژێر و بۆر بۆ دەنگە بزوێنەکان. بەم پێیە (ئەلف) دەگەڵ (ئا)ی کوردیی جیاوازیان هەیە و چونکە ئەلفوبێی کوردیی شێواز و بیچمێکی دیکەی بە خۆوە گرتووە و (ئا) نوێنەری یەکەم پیتە و (ب) دووهەم، من زاراوەی ئاوبێ ـ م بۆ هەڵبژاردووە کە پێم گونجاوتر و مەنتقیترە.

بە هەڵدانەوەی فەرهەنگەکان چاومان بە کۆمەڵێک هەوڵی فەرهەنگنووسان دەکەوێ بۆ ساز دانی ڕیزێکی ئەلفوبێ. بە ڕوانینێکی کورت دەردەکەوێ کە جیاوازیی دە جێگر کردن و دانانی پیتە بزوێنەکان دایە و دەنگە کپەکان هەروەک ڕیزی ئەلفوبێی عەرەبیی و فارسیی ڕیز دەکرێن. دەنگە بزوێنەکان هەر لە سەرەتای ساز بوونی خەتی و نووسینی فینیقییەوە هەتاکوو ئێستاش گرفتێک بوون کە فارسەکان و عەرەبەکان بە دەستیەوە گیریان خواردووە. هەر لە سەرەتاوە نووسەرانی کورد شارەزایانە و بوێرانە نیشانەیان بۆ دەنگە بزوێنەکان دانا و خۆیان لەو گرفتە ڕزگار کرد بەڵام بەداخەوە ڕیزی ئەلفوبێ یا ئاوبێ و شێوە و نیگاری هەندێک پیت هێشتا جێگر و ستاندارد نەبووە.

بۆ وێنە: زمانی کوردیی چەند پیتی هەیە؟

فەرهەنگی خاڵ، خاڵ، ٢٧ پیت

قامووسی زمانی کوردی، زەبیحی، ٣٥ پیت + (ص)

هەنبانەبۆرینە، هەژار، ٣١ پیت

فەرهەنگی هەرمان، نانەوازدە، ٣٥ پیت

فەرهەنگی میدیا، ئاوڕەحمان حاجی مارف، ٣۶ پیت

ئەکادیمیای کوردیی (دە کتێبی: ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی ...) ٣۴ تیپ

ژمارەی هەرکام لە پیتەکان چەندە؟

بۆ وێنە پیتی (پ)، پیتی چەندەمی زمانی کوردییە؟

فەرهەنگی خاڵ: پیتی سێهەم

قامووسی زمانی کوردی، زەبیحی: سێهەم، چوارەم (زەبیحی بەس (ئا)ی بە یەکەم داناوە و ماباقی ژمارەی بۆ دانەناون)

هەنبانە بۆرینە، هەژار: سێهەم

فەرهەنگی هەرمان، نانەوازدە: سێهەم

فەرهەنگی میدیا، ئاوڕەحمان حاجی مارف، : پێنجەم

ئەکادیمیای کوردی: چوارەم

ئەوە جگە لەوە کە سەرەتا، هەمزە و بزوێنەکان دێن و هەموو بە یەک پیت بە ناوی هەمزە حیساب دەکرێن و پاشان (ب) دەست پێدەکا. هەروەتر جگە لە ڕیزی ئەلفوبێی خاڵ کە (ا) کردۆتە یەکەم پیت و بزوێنەکانی بەو بەستۆتەوە، ئیدی بزوێنەکان دە ڕیزی ئەلفوبێ دا نابیندرێن. ئەوانی دیکە یانی (هەژار و ئاوڕەحمان و ئەکادیمیا) هیچکامیان ئەوەیان لە بەر چاو نەگرتووە و سەرەڕای ئەوە کە هەمزەشیان نووسیوە بەشێک لە دەنگە بزوێنەکانیشیان بێ هیچ لێکدانەوەیەک هێناوەتە نیو ڕێزی ئەلفوبێوە.

زەبیحی هەمزەی وەک یەکەم پیت دە ڕیزی ئەلفوبێ دا نووسیوە بەڵام دە قامووسەکەی دا (ئا)ی وەک یەکەم پیت ناساندووە و لە ئاست ژمارەی پیتەکانی دیکە بێدەنگیی لێکردووە و بە ناوی دەنگێکی کوردیی ئاماژەی پێکردوون. بەم پێیە پیتی (پ) دە ڕیزی ئەلفوبێی زەبیحی دا چوارەمە بەڵام بە دانانی (ئا) وەک یەکەم پیت، (پ) دەبێتە سێهەم.

ڕیزی ئەلفوبێی کوردیی چۆنە؟

خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، ٢٧ پیت

ا، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، م، ن، و، هـ، ی

زەبیحی، قامووسی زمانی کوردی، ٣٦ پیت

ء، [ا]، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، ڵ، م، ن، و [ۆ]، [وو (تەقەڵی لە سەر داندراوە)]، هـ، [ە]، ی، [ێ]، [ی (تەقەڵی لە سەر داندراوە)]

هەژار، هەنبانە بۆرینە، ٣١ پیت

ئـ، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، ڵ، م، ن، و، ۆ، هـ، ی، ێ

نانەوازدە، فەرهەنگی هەرمان، ٣٥ پیت

ئا، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، ڵ، م، ن، و، ئو، ئۆ، ئوو، هـ، ئە، ی، ئی، ئێ

ئاوڕەحمان حاجی مارف، فەرهەنگی میدیا، ٣٦ پیت

ئـ، ا، ە، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، ڵ، م، ن، و (W)، و (بۆر)، ۆ، وو، هـ، ی (Y)، ێ، ی

ئەکادیمیای کوردیی (دە کتێبی: ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی ...) ٣٤ پیت

ئـ، ا، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، ڵ، م، ن، هـ، ە، و، ۆ، وو، ی، ێ

دە ڕیزی ئەکادیمیا دا، دوو پیتی ئو – ئی نیگار و شکڵیان نییە و دە ڕیزی ئەلفوبێ دا نابیندرێن. ناکرێ دوو دەنگی بزوێن هەروا لەبەر وێکچوونیان بە و – ی لە ڕیزی ئەلفوبێ دەرباوێژین. هەروەتر ڕوونیان نەکردۆتەوە بۆ پتیی (هـ)یان وە پێش (و) داوە

بە گشتیی، ئەگەر سەیری ڕیز کردنی ئەو قامووسانەی کە هەتا ئێستا نووسراون بکەین، دەردەکەوێ کە زۆربەیان پیتە بزوێنەکانیان بە هەمزە بەستۆتەوە و لە سەرەتا ئەو بزوێنانە دەنووسن و ماباقی وەک ئەلفوبێی عەرەبیی ـ فارسیی ڕیزیان دەکەن بەڵام دە پراکتیک دا وشەکان بە شێوەیەکی دیکە ڕیز دەکەن کە جیاوازە لە ڕیزی ئەلفوبێیەکەیان. بۆ وێنە چوار وشەی (بەرد)، (بادام)، (بێریی)، (بزن) کە بە پێی ڕیزی وان دەبا: (بادام، بەرد، بێریی، بزن) با؛ کەچی دە هەموو قاموسەکان دا بەم شێوەیە: (بادام، بزن، بەرد، بێریی). ئەم شێوەیە جگە لەوە کە ڕیزی وشەکان دەگۆڕێ ژمارەی پیتەکانیش دەگۆڕێ بۆ وێنە (ب) دەبێتە نۆهەم یا هەشتەمین پیت و ئەوسا (ئەلفوبێ و ئاوبێ)ێش بێمانا دەبن.

بە بڕوای من چونکە کورد قالبی پیتەکانی شکاندووە و وێنە و نیگاری بە بزوێنەکان بەخشیوە و هێناویەتە نێو نووسینەوە، ناچارین قالبی ڕیزی ئەلفوبێی عەرەبیی – فارسیی بشکێنن و لە سەر بنەمایەکی خۆماڵیی و زانستیی پیتە بزوێنەکان لە شوێنێکی شیاو جێگر بکەن. هەر پیتێک ڕێز و کارایی و مێژووی تایبەت بۆ خۆی هەیە و بەستنەوەی پیتە بزوێنەکان بە هەمزە بە ڕیزێکی گونجاو دادەنانێم. ئەو ڕێزەی خوارەوە من بۆ نووسینی فەرهەنگی هەرمان و فەرهەنگی ڕیشەی وشەی کوردیی کەلکم لێ وەرگرتووە.

٣٥ پیت

ئا، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، ڵ، م، ن، و، ئو، ئوو، ئۆ، هـ، ئە، ی، ئی، ئێ

پیت /دەنگ/ ناو

١ ـ ئا /ئا/ ئا

٢ ـ ب /ب/ بێ

٣ ـ پ /پ/ پێ

٤ ـ ت /ت/ تێ

٥ ـ ج /ج/ جێ (جیم)
٦ـ چ /چ/ چێ
٧ـ ح /ح/ حێ
٨ ـ خ /خ/ خێ
٩ ـ د /د/ دێ (داڵ)
١٠ ـ ر /ر/ رێ
١١ ـ ڕ /ڕ/ ڕێ (ڕێی قەڵەو)
١٢ ـ ز /ز/ زێ
١٣ ـ ژ /ژ/ ژێ
١٤ ـ س /س/ سێ (سین)
١٥ ـ ش /ش/ شێ (شین)
١٦ ـ ع /ع/ عێ (عەین)
١٧ ـ غ /غ/ غێ (غەین)
١٨ ـ ف /ف/ فێ
١٩ ـ ڤ /ڤ/ ڤێ
٢٠ ـ ق /ق/ قێ (قاف)
٢١ ـ ک /ک/ کێ (کاف)
٢٢ ـ گ /گ/ گێ
٢٣ ـ ل /ل/ لێ (لام)
٢٤ ـ ڵ /ڵ/ ڵێ (لامی قەڵەو)
٢٥ ـ م /م/ مێ (میم)
٢٦ ـ ن /ن/ نێ (نوون)
٢٧ ـ و /و/ وێ (واو)
٢٨ ـ ئو /ئو/ ئو (ئوی کورت)
٢٩ ـ ئوو /ئوو/ ئوو (ئووی درێژ)
٣٠ ـ ئۆ /ئۆ/ ئۆ
٣١ ـ ە ـ /هـ/ هێ
٣٢ ـ ئە /ئە/ ئە
٣٣ ـ ی /ی/ یێ (یا)
٣٤ ـ ئی /ئی/ ئی
٣٥ ـ ئێ /ئێ/ ئێ

بڵا هەمزە وەک نیشانە و دەنگێکی یارمەتیدەر بۆ خوێندنەوەی بزوێنەکان دابندرێ بەڵام خودی هەمزە نەیەتە نێو ڕیزی ئاوبێوە. هەمزە وەک نیشانە بە بزوێنەکانەوە بنووسرێ بۆ وێنە دە ڕیزی ئاوبێ دا نەنووسرێ (ۆ) بەڵکە بە هەمزەوە بنووسرێ (ئۆ) کە هەم خوێندنەوەکە هاسانتر دەکا و هەم بزوێنەکان لە دەنگە کپەکان جیا دەکرێنەوە و خوێندکاران لە ناسین و ناسینەوەی بزوێنەکان ڕادێن و هەمیش لێکدانەوە و جیاوازیی دوو دەنگی (و) و (ئو) یا (ی) و (ئی) باشتر دەردەکەوێ کە ناچار نەبین وەک دوکتور ئاورەحمان لاتینییەکەی بنووسین یا وەک ئەکادیمیا بیانقرتێنین.



جەلال مەلەکشا

چی خەمی دنیایە، لە دڵما وەک پووڕە
گاز ئەگرن لە ڕۆحم، خێڵی ژەنگە سوورە

مەکە، مە... باهەر خۆم بزانم کوێم ئەیشێ
پەتایە تۆش ئەگرێ، بڕۆ مەیە پێشێ

❋❋

لە ڕەوەتی مێژوودا
هێندێ کەس دەبن بە ئوستوورە و
سەمبولی بەرخۆدان
وەک شێخ و
بارزانی و
پێشەوا
هێندێ ناو دەبن بە ڕەمز و ڕاز
وەک بەردە قارەمان
ئاراز و
چوار چرا

❋❋

بەکووچەی
چارەنووسا ڕادەبووڕێ من لەخەودام و بەدی
ناکەم

کوا ئیتر هەمیسان بێتەوە
و بەم کووچەدا من دامەنی
بگرم

❋❋

شیرین گیان!
لە دووریت
بووگم بە پەیکەری ژان و ئێش
وەرەوە، بخزە نێو چاوانم
زوو بە زوو
دەترسم، کڵپەی ئاگری دڵ
بتکات بە خۆڵەمێش!

## گەمەی ژین



م.ئـ.هۆگر

لە مەیخـانـەی ،دڵ و هـەستم بەمەی دا
بـەوەی مەستم ئـەگەر مەیگیر بە مەی دا

ژیـانی من تـەژی گـاڵـتەو گـەمـەی بوو
بـەوەی چـابوو کـەپاڵم وەو گـەمەی دا

شەوی تاریک چ خۆش ڕابرد کـە واهات
بـەهەڵکـەوتە سەری دەستم لـەبـەی دا

دەمێکـە من موریـدی کۆڕی ژوانێم
هەمووی خۆشی ژیانـم لەو دەمەی دا

بـەسەر هاتی ئـەویـن و بـەزمی بادە
تـکـەی ئـارەق لـە نێوانی مـەمـەی دا

ژمێکی تێر لـە کوێستانی سپی سینگ
وچانێک و پشوویـەک لـەو ژەمـەی دا

وەکوو هەنگ وگوڵ وگوڵزاری کوێستان
گوڵاڵـەی من گوڵی کرد لەو دەمـەی دا

خـەم ودەردم بـەبـۆنـی گوڵ بــە بادا
کـە بـۆنم کرد ئـەلـەو ماوە کـەمەی دا

ژیان لای مـن خـەمە بـۆ خۆشـەویستم
ئـەتۆش هۆگر بسووتێ دەو خـەمەی دا

# فەرمانڕوایی یونس خان بانە

ئامادە کردن و نووسین : شەیدا ئەحمەدی(خان)


یۆنس خان و عەزیز خان

پارێزگای بانە لە ناو ئەردەڵان و خاکی بابان و موکریان جێگیر بووە.
لە قدیمەوە کۆتوویانە کە ئەمیران و پاڵەوانانی بە بانەیی لەقەب دراون(ئەتوانین لەم دێڕەدا بەو جۆرە تەعبیری کەینەوە کە بانە لەقەبی شانازی بوون بۆ خەڵک بووە).

حکوومەتی یونس خان:
یونس بەگ کوڕی ئەحمەد بەگ کوڕی حسین بەگ کوڕی سڵێمان بەگ بوو ( بۆ زانیاری خەڵکی بانە; سڵێمان بەگە لەگەڵ سڵێمان بەگی کوڕی میرزا بەگ حاکمی بانە یەکێک نیە)بە حاکمی بانە , بانە بە فەرمانی حاکمی سنە فەرمانڕوایی بانە بە ئەو سپێردرا و ناوی نا یونس خان.
یونس خان کە پەیمانی ڕاستی و ڕاستگۆیی و خزمەت کردنی بە خەڵک دا بوو پەیمانی خۆی بۆ کۆمەڵگاکەی بە کردار هێنای دی و خزمەتێکی ئێجگار گەورەی بە شاری بانە کرد ئەو کەسێکی ئازا و بوێر و عادڵ بوو و هەرگیز لە هیچ کارێکا بۆ خزمەتی خەڵک و شارەکەی کەم تەر خەمی نەئەکرد و هەرچی لە توانای دا بوو ئەیکرد. یونس خان بە عیلمی دینی لە شار و دێ پەرەی دا ، هەروەها یونس خان هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆری کرد بە نۆژەن کردنی مزگەوتەکان و فێرکاری عیلمی دینی خەڵکی بانەی ئاگادار کردەوە و لە سەر دەمی فەرمانڕوایی یونس خان زانایانی وەک سەید محەممەد کاژاوی ، مەلا محەممەد خەتیب، قازی محەممەد سەلیم و حاجی مەلا سەلام و سەید عەلی درگاشێخان سەیدای عیلمی دینی بوون.




شاعێری ناوداری کورد شێخ ڕەزا تاڵبانی، یونس خان بەم شێوە وەسف ئەکات:

من در این مملکت روم که بادا ویران — خوار و بدنام شدم، همچو عمر در ایران
نه به ایران بودم جای اقامت نه به روم — گشته ام زیر فلک همچو فلک سرگردان
شیخم و نیست مرا جای بر او تکیه کنم — نکنم تکیه مگر بر کرم یونس خان
ما به خدمت نرسیدیم ولی می شنویم — قهرمانی است در آن ناحیه کردستان


یونس خان پیاوی یاسا و دەست پێشەر بوو. بە تەواوی بەرەنگاری دزی و چەتەیی و گران فرۆشی ئەبووە. و ئەو مرۆڤانەی کە یاسایان ژێر پێ ئەخست زیندانی ئەکردن و بەسزای خۆیان ئەگەیاندن هەروەها دەستی دووکەسی بە هۆی دزی کردنەوە بڕیوەتەوە. عەداڵەت لە شاردا بڕێوە ئەچوو کە خەڵک زۆر دڵخۆش و بەختەوەر بوون و شانازیان بە فرمانڕوایەتی یونس خان وە ئەکرد. لە زەمانی فەرمانڕوایی یونس خان بە شێوێک کاروکاسپی شاری بانە پەرەی ستاند کە هەموو بازرگان و تاجرەکانی شارکانی هەمەدان و تەبرێز و موسڵ و کەرکووک و سلێمانی و بەغدا بۆ کڕینی توتن و مازوو ئەهاتن بۆ بانە.
بە دەنگدانەوەی دادپەروەری و عەداڵەتی یونس خان لەو پەڕی ئەمینداری و ئاسوودەیی خەیاڵ لە بانە تەجارەت و کار و کاسپیان ئەکرد بەو جۆرە ڕۆژگار دەگوزەرا. بەڵام تەمەعی تەخت و فەرمانڕوایەتی وای کرد

کە دووا ماوێک یونس خان بە دەستی برازاکەی فەتاح بەگ بە قەتڵ گەیشت و بانە کەوتە ئیختیاری حمەخان کوڕی یونس خان.

**وەرگرتنی ئیقامەی خەڵکی بانە لە لایان حکوومەتی عوسمانی:**

دووای کۆژرانی یونس خان ئەستەم بوو و ئاسایش و ئارامی لە شارا بوونی نەما. شەڕ و پێک دادان لە ناو بەگ زادەکانی بانە لە سەر فەرمانڕوایی شار، دەست بە دەست ئەکرا فەرمانڕوایی شار لەم بەگ زادە بۆ ئەو بەگ زادە باعیس بوو خەڵکی بەشەرەفی بانە بۆ خۆیان ڕێگە چارێک بدۆزنەوە.
لە ساڵی ١٣٢٠ کۆچی هەتاوی دەستەیەک لە کوێخاکان ڕاسپاردەی سلێمانی بوون و لە دەوڵەتی تورکیە عوسمانیان داوا کرد کە پەیڕەوی خەڵک قەبووڵ کات. دەوڵەتی تورکیە هەروەها کە چاوەڕوانی هەلێکی وا بوو بە خێرایی ڕەپاڵی ناردنی هێزێک بۆ شاری بانە بوو ئیقدامی کرد. ئەو جورە هەڵسووکەوتە دڵەخۆرپەی دەسەڵات دارانی ئێرانی دوو هێندە کرد.
ناسرالدین پاشا کە هەمووی ئەو نائارامیانەی ناوچەکە لە سیاسەت نادروستی ئەو سەرچاوەی گرت. کە لە ساڵی ١٢٨٤ کۆچی هەتاوی فەرهاد میرزا ( مامی) کردە حاکمی کوردستان و بە فەرمانڕوایەتی ئەردەڵان کۆتایی هێنا.
فەرهاد میرزا بە زۆرداری و تەمەع و چاو چنۆکی بناخەی نەزمی کوردستانی لە یەک پچڕاند، زۆر نگەران بوو و ئەو نگەرانیە لە نامیلکەی نووسراوەکانیا دێتە بەر چاو.

سەرچاوە
IT.BANEH.COM



بۆکان. موحەممەد حسێن پوور (ڕێزان)

لە ژێر چەتری شەوا  چاو پڕ گرینم
لەشی ناســـــک کڵۆڵە و زۆر خەمینم
بڕۆ بێ تۆ شەقام وێران و شار چۆڵ
لە خەرمانی خەمانـــت خۆشــە چینم

❋❋

قەتیس ماوە، لەئەوک و لەش هەناسەوڕوحی ئازادم
بە پشتێنی وەفای بەندم ،تەنافی گەردنەو شادم
ئەوەندەی دڵ شکێنە لام، ڕکێفە دڵ لەپێناوی
لەبن بێنن دوولێوانم، بڵێم، ڕەنج کێشی بەربادم.

❋❋

مەکـــە مەنعم لە تـــاوت بێ قــــەرارم
لە باوەشـــتا گوڵـــی، وەرزی بەهــــارم
کە لێم دوور بی ســـەغیرو ناهۆمـــێدم
ســـەڵایە بانــــگە هـــــاوارە  بـــەزارم

❋❋

لە دووریتا کە جێژن بوو چلۆن  گریام
تە وافی لێوی تۆم لابوو هە زار بریام
کە کە عبە ی دڵ ڕما ڕووخا نە ما ڕوی خاڵ
ئە من شەرتە نەکەم جێژن بگە فریام

## تەوار



سەید سمایل شاهۆیی

دڵ پەشێوە گرفە گرفی سۆزی گریانی هەیە
مەیلی لەنجە ولارە لاری سێوی پەریانی هەیە

هەڵدەچێ هەستی دەروون فرمێسک وتین دەرژێتە خوار
وەک تەواری کوردەواری مەیلی هەستانی هەیە

دڵ لە شاباڵی دەدا ودەفڕێ بەرەو کانگای ئەوین
وەک دیارە چەشنی شەمعێ مەیلی سووتانی هەیە

چاوی دڵ ئەسرین دەڕێژێ پڕ لە ناسۆر وگرین
مەستی خەممارە و خەیاڵی کۆڕی مەستانی هەیە

هەستە شاهۆ تاو دە باڵی پڕ لە تینی هەڵفڕین
بیری بەرز و هەستی پاکت کوانێ وەستانی هەیە



# نەورۆزم کەی دێ

سەردەشت , ناوچەی ئالان , بێتوش سابیر بێتوشی

پەڕەسێلکەکان ئەوسالیش بە خێر
هاتنەوە لە کۆچ گەڕی گەرمەسێر

بە خێر بێنەوە های دۆستی ساڵان
خانوە قوڕینەکەت ماوە لە داڵان

خۆزگەم بە خۆتان کۆن ناکەن هەوار
پاییز بۆ گەرمێن زۆزانان بەهار

ژینێکی ساکار سەر بەست و بێ خەم
موژدەی نەورۆزن بەبێ زیاد و کەم

قەدەمتان موژدەی بە خێری پێوە
سەر هەوەڵی نوێی وەرزن لە ڕێوە

موژدەی بۆ وڵات دێن بە ڕزگاری
لە بەندی سەرما و سۆڵە بە دیاری

هاوەڵ دەمێکە چاوم لە ڕێوە
موژدەی ئەو ڕۆژەم بۆ بێنن ئێوە

هەر لە من دیارە بێ خەمی و خەیاڵ
لە نەورۆزی من پێت نەبوو هەواڵ

گەلێ ماندوو بووی لە ڕێی دوور هاتی
تۆزێک پشوو دە شەکەت و ماتی

لە دوا پشوو دان ماندوو سانەوەت
چاوەڕێی تۆمە وڵام دانەوەت

لە تۆ دەپرسم لە نەورۆزی خۆ
بە دڵنیایی نەمکەی دەسخڕۆ

گەلێ گەڕاوی گەرمێن و کوێستان
شاخ و نزار و هەوار و بێستان

سۆراغت نەکرد لە هیچ کەنارێ
پرسیارت نەکرد لە هیچ ڕێبوارێ

**وڵامی پەڕەسێلکە :**

لە پەنا تۆ دا چەن ساڵە ماڵم
لە هەیوانی ماڵ سازە ئەحواڵم

لە من دەپرسی باسی نەورۆزت
گزنگی هیوای ڕزگاری هۆزت

لە زار پێشینیان ئەو ووتە باوە
لە کەسێ پرسە کە زۆر گەڕاوە

دیارە لە مێژە تۆ چاوە نۆڕی
ئاواتەخوازی پڕشنگی خۆری

بەڵام داخەکەم سپێدەی بەختت
گزنگی دوورە و درێژە ڕێی سەختت

پەرۆشم هاوماڵ بە داخو ماتی
دوور لە سەربەستی بێ دەسەڵاتی

زۆرە هۆکاری زار و ناسۆرت
گەلی خەمسار و مرۆی خۆخۆرت

مەکتەبت چۆڵە لە ئاوەز و بیر
گێژی کۆنیاکن بە ناو ڕوناکبیر

پەراوێزیان خست ئایین و کەلتوور
گوێ بۆ نەیارە شلە بۆ دەستوور

خوێندنیان بۆتە گۆنگەڵ و قومار
ڕێزی مامۆستا ترازاوە لە بار

هەر تەقڵە بازییە بۆ پلە باڕی
کوێرە زانست و حاڵی وازوازی

سۆزی نیشتیمان خەیاڵی خاوە
هەوای دوور وڵات بیری باداوە

دولینگە و پرچوو کەشمی ژنانە
جلکی بێگانەو ژیار نیشانە

سەماو ڕەشبەڵەک ئەو پەڕ هونەریان
بەرگی کوردی جوان نەما لە بەریان

بە چەپکە پارە دەدەن لە شاباش
بەڵام لە چاکە دەخزن پاشەوپاش

هێندە کاس و گێژ کۆناک و بیرە
بێ زار لە ژین و ئاقڵو تەگبیرە

شێری شێر گرت ووڕەی دۆڕاوە
شەیدای دۆلار و جاشکی دراوە

پارە لە خەڵکی بۆتە ئەسڵی دین
کەڵەکەی سامان بۆتە قینەقین

لە عیلم و هونەر مایە بەتاڵن
لە مێژووی دیری نەزان و کاڵن

هیچیان بە دس نیە هەر چاو لە دەستن
ژینی وا ژانە کە بێ مەبەستن

توک نەرم وخاوون بۆ گزی نەیار
پشتیان چەماوە بە باری بێگار

برا لە برا دەکا سیخووڕی
نۆکەری نەیار ئابڕووی دەدڕی

ناناسن گەلی هونەر و خاکی
پشت لە سەرۆک و نامۆن بە کاکی

دڵمەن نەبێ لێم لەو گوتارانە
بە چاوەڕوانی کار نەچارانە

مێژووی سەلماوە هەر کەس بۆ هاتی
دەبێ باجی داو خوێنە خەڵاتی

ئیتر نەورۆزت کەی خۆر هەڵاتی
لە دەس خۆتایە هات و نەهاتی




## باڵا بەرزەکەی لووتکەکان

ئیرەج عیبادی

چاو خشاندنێک بە تۆ و
نهێنی ئاویەر وتەنووری ئاوات و گونبەزی ئاڵ
و
بۆنی باڵات کە لەبیرم ناچێتەوە
بە هەڵمەتە جوانمێرییەکانت،
لە سەر ئەسپ و"دۆڵی ئەسپان"* و ئاگر
لە ئاوێنەی جوانی ڕاپەینی هەوەڵی شۆڕش دا
هاتیت
دڵتنگییەکانی باران دوایی نییە
کارەسات بە شوێن کارەسات
بەردە باران بە دووی بەردە باران
گوللەی وەیل بەشوێن گوللەی وەیلدا
کەوتنی خوارەوە چاو و دڵ و هەرا
لە ئاکامی بەرزاییەکانی چیا
تەفەنگی ناپیاو یانی نان بۆ نان دز
بۆ نان بڕ لە سەر جادەکانی جەردە
بەرگری لە ڕەشایی زەمان و سەرنیزە
یانی
مۆسیقای هەتاو زامدارە و
بە جلی ڕووناکی
لە لێرەوار بێ بڕانەوە
ئاواز دەخوێنێ
ئامێری چەک و قەڵەم
لە ڕۆخانەی ژیاندا
سەمفۆنیای ماسی وئاو ساز دەدەن و
باقە باقە گوڵە بەرۆژە
دەنێژین وسەر هەڵدێنن
تەمەنێکە بووم بە تۆ
لە گڕی مانگدا دەدرۆشایتەوە
تۆ دەبووی بە من
هیچ گوڵدانێک
بە قەوارەی گوڵەکانی دەنگت
شێعر نارازێنێتەوە
ئاهەنگی عەشق دووایی نیە
تا ئێمە عاشقی نەوەستانین.

• دۆڵێکی سەوز و جوان بە ڕەو ماماتکە لە بەرزاییەکانی ئاویەری سنەدا



## شنەی پشکووتن

ئەمین گەردیگلانی

کە هەور دەگری، ئەتۆ دەستی بە باڵا دێنی!
شیرنەمۆچرکی فڕینی بە خەیاڵ دێنی!

تۆ وەکوو ڕێژنە بزەی گەرمی بەیانی نەورۆز
دەس بە سەر یاڵوبژی نەرمی شەماڵ دێنی!

تۆ هەناسەی پەمەیی نەرمە شنەی پشکووتن
بە مل و سنگی سڕ و زەردەڵی ساڵ دێنی!

لە دەماری دەگەڕێ خوێنی کەسک، وردە چرۆ
کە شنەی وادە بە باخ و چەم و یاڵ دێنی!

تۆ وەکوو هەورەتریشقەی بە گوڕ و تینی بەهار
ڕەوەز و جەنگەڵ و کوێستان وەسکاڵ دێنی!

نیونیگای تیژی برووسکەی لە دەلاقەی هەورا
خەنجەری گڕ بە دەماری شەوی زاڵ دێنی!

وەکوو فرمێسکی چەمی هەوری، بە بێ جیاوازی
سەر بە سەر شانی گوڵاڵە و دڕووداڵ دێنی!

ئەو تروووسکەی، کە لە جێژوانی ئەوینا پشکووت
تیشکی هیوا بە دڵی تار و بەتاڵ دێنی!

تۆ بە ئاسۆگی خەمی زەردەپەڕا تێدەپەڕی
لێو بە سەر زامی چیای جەستە شەلاڵ دێنی!

بۆ ئەوین و گوڵی شۆڕان سەری خۆت دانانێی
لە حەوا دەم بە مەم و کوڵمی خەزاڵ دێنی!

تۆ شنەی سەوزی، قژی زەردی گەنم دادێنی
شەو بە ئاڵوە شنەی شاپەڕی ئاڵ دێنی!



## هەندێ خەسڵەت و تایبەتمەندیی هایکۆ

سمایل عەزەمی

هایکۆی کوردی:

(باشۆ) گوتوویەتی: "ڕێساکان فێر بن و لەبیریان کەن"، کە وایە بە بڕوای ئەو لە بەرا دەبێ هەموو ڕێساکان فێر بی.

لێرەدا هێندێک لە ڕێسای سونەتی و نوێی هایکۆ لە زمانی ژاپۆنی و زمانە ئورووپایەکان دەخوێنینەوە. بە دڵنیایەوە بەکار هێنانی هەمووی ئەوانە لە یەک بەرهەم دا مسۆگەر نابێ، چونکە هێندێک لەوانە دەگەڵ یەکتری ناتەبان. باشتری حاڵەت ئەوەیە کە لە نێوان ئەوانە دا ڕێساکانی خۆمان هەڵبژێرین و کەڵکیان لێ وەرگرین. هەر کاتێکیش لە هایکۆکانمان دا ڕێسای دووپاتەیی بەرۆکی پێ گرتین، دەتوانین ڕێساگەلی نوێ بێنینە ئاراوە.

خوێندنەوەی بەرهەمی گەورە شاعیران و ڕاهێنان دەگەڵیان، بەردەوام باشترین ڕێگەی زاڵ بوون بەسەر ڕێساکانە.

١ ـ بەردەوام هەژماری بڕگەی هایکۆکانی خۆتان بژمێرن.

٢ ـ حەڤدە بڕگە لە یەک دێڕ دا بنووسن.

٣ ـ حەڤدە بڕگە لە سێ دێڕ دا بنووسن.

٤ ـ حەڤدە بڕگە لە سێ هێڵی بە ڕیز پێنج و حەوت و پێنج بڕگەیی دا بنووسن. (قالبی ئیستانداردی ژاپۆن)

٥ ـ حەڤدە یا کەمتر لە حەڤدە بڕگە لە سێ هێڵی بە ڕیز کورت و درێژ و کورت دا بنووسن. (قالبی باو لە زمانە ئورووپایەکان دا).

٦ ـ سەراپای هایکۆیەک دەبێ بە یەک نەفەس بخوێندرێتەوە.

٧ ـ لە وەرزواژەکان (وشەگەلێک کە تایبەت بە وەرزێک لە ساڵن) کەڵک وەرگرن.

٨ ـ لە کۆتایی دێڕی یەکەم یا دووهەم دا ( بەڵام لە هەردووکیان دا نا) بێدەنگی مسۆگەر بکەن.

٩ ـ هیچکات مەهێڵن کە سێ دێڕی هایکۆکەتان بە شوێن یەک دا ڕستەیەکی تەواو ساز بکا.

١٠ ـ پێوەندی و بەرانبەری دێڕەکانی یەکەم و دووهەم وەها ڕۆبنێن کە دوای خوێندنەوەی دێڕی سێهەم خۆی وەدیار بخا.

١١ ـ بەردەوام لە زەمانی ئێستا کەڵک وەرگرن و سەبارەت بە ئێرە و ئێستا بنووسن.

١٢ ـ تا بۆتان دەکرێ لە کەڵک وەرگرتن لە ناوگەلی تایبەت و جێناوگەلی تاکەکەسی خۆ بپارێزن.

١٣ ـ تا بۆتان دەکرێ لە زەمانی ڕابردوو کەڵک وەرمەگرن.

١٤ ـ وا باشترە دوو دێڕی هایکۆکەتان (دێڕی یەکەم و دووهەم) پێکهاتەی ڕێزمانی وەک یەکی هەبێ.

١٥ ـ سەبارەت بە جێ و شوێنی وێنەکان کە هەر کام لە دێڕەکان بە دەستەوەی دەدا، لە هایکۆکە دا وای بنوێن کە دیمەنەکە لە دوورەوەیە، دواتر بەشێک لە دیمەنەکە نزیکتر و لە ئاکام دا زۆر نزیکتر بۆتەوە.

١٦ ـ کاکڵ یا پەیامی سەرەکی بۆ دێڕی ئاخر هەڵگرن.

١٧ ـ هەوڵ بدەن دێڕی یەکەم تا ئەو جێیەی بۆتان دەکرێ، دڵگر و سەرنج ڕاکێش بێت.

١٨ ـ بەردەوام سەبارەت بە شتە ئاسایەکان، بە شێوەی ئاسایی و بە زمانی ئاسایی بنووسن.

١٩ ـ سەبارەت بە فەلسەفەی زەن، موتاڵا بکەن و لێگەڕێن هایکۆکەتان ئاوێنەی باڵانوێنی شێوازی بێ دەنگی وێنەسازی بێت.

٢٠ ـ لە وێنەگەلی بەرچاو وزیندوو کەڵک وەرگرن.

٢١ ـ ئایین و فەلسەفەگەلی جۆراوجۆر بخوێنەوە و لێگەڕێن کاریگەری ئەوان لە هایکۆکانی ئێوە دا ڕەنگ بداتەوە.

٢٢ ـ هەوڵ بدەن بگەنە ئاستی چەند لایەنی بوونی مانا.

ئاستی چەند لایەنی بوون بریتین لە لایەنی دەرەکی و لایەنی ژوورەکی. لایەنی دەرەکی بریتیە لە وێنەگەلی ئاسایی و هەروەها لە ئاستێکی بە ناختر دا فەلسەفەی ژیان و ڕوانگەی ئێوەی تیا تێکەڵە.

٢٣ ـ لە وێنەگەلێک کەڵک وەرگرن کە هەست هەڵخرێنەوەی گۆشەگیری خۆویستانە وفەقیری خۆویستانە بێت.

٢٤ ـ لە وێنەگەلێک کەڵک وەرگرن کە هەست هەڵخڕێنەوەی نوستالۆژی ڕۆمانتیک بێت.
٢٥ ـ دژەبەرەکان بدۆزنەوە و لە هایکۆی خۆتان دا وێنەکانی بکێشنەوە.
٢٦ ـ سەبارەت بە شتە نامسۆگەرەکان، بە شێوەی ئاسایی بدوێن.
٢٧ ـ لە وێنەگەلی نواندنەوەی مانا بەرز و پیرۆزەکان کەڵک وەرگرن (باسی شەڕ وکوشت وکوشتار وبابەگەلی جینسی مەکەن).
٢٨ ـ تەنیا لە وێنەگەلی سروشتی کەڵک وەرگرن (لە ئاماژەی ڕاستەوخۆ بە گیروگرفتەکانی مرۆڤ خۆ بپارێزن).
٢٩ ـ ڕەحم و خۆشەویستی مرۆڤایەتی بە ئاماژە بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی سروشت بێنە گۆڕێ.
٣٠ ـ لە هەر جۆرە ئاماژەیەک بە خۆتان، لە هایکۆ دا خۆ بپارێزن.
٣١ ـ کەڵک وەرگرتن لە نیشانەگەلی وەک (خاڵ، وێرگول، خەتی تیرە،و....) لە هایکۆ دا بەربەستێکی بۆ نیە.
٣٢ ـ دەکرێ بۆ پڕمانا کردنی هایکۆ لەو نیشانانە(خاڵ،وێرگوول،خەتی تیرە،و...) خۆ بپارێزین.
٣٣ ـ لە هێنانی سەروا خۆ بپارێزن.
٣٤ ـ لە هێنانی کێشی غەیرە پەنجەیی وەک کێشی عەرووزی خۆ بپارێزن.
٣٥ ـ دووپات بوونەوەی پیتێک لە هایکۆ دا بایەخی دەباتە سەر.
٣٦ ـ زۆربەی جارەکان هایکۆکەتان بە نێوێک کۆتایی بێنن.
٣٧ ـ لە هەر جیگەیەک توانیتان، وردەواژە قرت بکەن وەک:(لە، دەگەڵ، ....)
٣٨ ـ ئاواڵ فرمانەکان قرت بکەن.
٣٩ ـ بۆ هەر ناوێک زیاتر لە ناسێنەرێک مەهێنن. (بۆ نموونە: ئەو وەسفانەی کە بۆ ناو دێن وەک ئاواڵ ناو.)

**چەند تایبەتمەندیی هایکۆی کوردی؛**

✔یەک ؛ هایکۆی کوردی لە ریفۆرمی خۆیدا هەوڵ بۆ گەڕانەوە و تێگەیشتن لە ناخی شتەکان ئەدات و شێوازێکی ڕوانینی تایبەتی هەیە بۆ خستنەڕووی بابەتەکان.

✔دوو؛ لە دۆخی پڕ ئاژاوەی ڕۆژهەڵاتی ناوین و دنیا و ئەو نائارامی و بێ ئوقرەییە کە ناخی ئینسانی کوردیشی تەنیوە ، هایکۆ هەوڵئەدات لایەنە لەبیرکراوەکانی ژیان وەک ئارامی و بێدەنگی و خۆشویستنی بوونەوەرەکان و ئینسانەکان بخاتەوە بەرچاوی مرۆڤ و لە توندوتیژی و بیری رادیکاڵ دووری بخاتەوە.

✔سێ ؛ لە ڕووی فۆرمەوە هایکۆی کوردی پێبەندە بە نووسراوەیەکی هەفدە بڕگەیی و کەمتر کە ئەم تایبەتمەندیانەی هەبێ

*لەسێ دێڕ پێکهاتبێ ." هەر دێڕ و کارکردی تایبەتی خۆی هەیە "
*زمان وەک بەشێک لە هایکۆیە و تەنیا بۆ دەربڕین و نیشاندانی مەبەست و وێنەی خوازراوی هایکۆنووسە
*داکۆکی کردن کە ژیان و خستنە ڕووی حاڵەت و شێوازی ژیان بەو شێوە کە هەیە،
*بەکارهێنانی وشە و ئیدیۆم و بەکگراوندەکانی نێو زمان و فەرهەنگی کوردی و بابەتە لۆژیکیەکان بۆ دەرخستنی لایەنە نەبینراو و نەنووسراوەکانی زمان و دەوڵەمەندکردنی.

✔چوار:بابەتی بنەڕەتی لە هایکۆدا نیشاندانی وێنەیەکە لە ژیان یان سروشت یان ئامراز و پێکهاتەکان، ڕەنگە هەر وێنەیەک کە ئەخرێتە بەر دەست ڕێگا بۆ شرۆڤە و باس و تێگەیشتن و ڕەخنە و تێبینی بکاتەوە بەڵام لە پێشدا مەبەست نیشاندان و نووسینەوەی بوون و ژیان و بابەتە لەبیرکراوەکان لە وێنەیەکی کورت و خێرادا.

✔ پێنج؛ ئەم بابەتانەی کە باسی کراوە پێشتر و لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردوو لەو هایکۆیانەی کە خوڵقاون و بڵاوکراونەتەوە ئەزموون کراون بەڵام لە داهاتوودا ئەتوانێ گۆڕانکارییان بەسەردا بێت و پوختەتر بن و تەواوتربن.

✔شەش:هایکۆ وەک فۆرمێک لە داڕشتن و ڕوانگەیەک بۆ بیرکردنەوە و شێوازێک لە ژیان لە ماوەی سەدساڵی ڕابردوو لە زۆربەی زمانە زیندووەکانی دنیا تاقیکراوەتەوە و ئیمڕۆژە بۆ ناسینی خێرا و ئاشنابوون لەگەڵ فەرهەنگ و بیرکردنەوە و ڕوانینی نەتەوەکانی دنیا، هایکۆکانیان ئەخوێننەوە و وەریئەگێرنەوە. لەسەر ئەو باوەڕە زمان و فەرهەنگ و ژیانی کوردەواری زۆر لایەنی هەیە کە جگە لە هایکۆ لە هیچ شێوە نووسین و شێوازێکی هونەری و ئەدەبی بۆی نیە بتوانێ نیشان بدرێت.

✔حەوت؛ هایکۆ لە ناخی خۆیدا بانگەشەی ئازادی و ئاشتی و ئارامی و پێکەوە ژیانی هەموو بوونەوەرەکان دەکات و وەک بابەتێکی سەردەمیانە بە نیشاندانی وێنە و چرکە ساتێکی خێرا لە ڕووداوەکان و ڕاستیەکان بە گژ شەڕ و وێرانی و پاکتاوی نەتەوە و سروشت و ئاو و هەوا ئەبێتەوە و مرۆڤەکان هان ئەدات زۆرتر ئاگاداری سروشت و بوونەوەر و داهاتوو بن.

✔هەشت: لە سەردەمی پاش مۆدێرنیتە و ڕوانینی رەخنەگرانەی مرۆڤ بۆ دەسکەوتەکانی مودێڕنیسم، هایکۆ وەک شێوازێکی ژیان و بیرکردنەوە هاندەری مرۆڤەکانە بۆ ئەوەی بەرژەوەندی خوازی لە پێناو ژیانەوەی دووبارە و گەڕاندنەوەی ئارامی و سەقامگیری بۆ هەموو دنیا وەلاوە بنێن و پێکەوە ژیان ببێتە دروشمی نەوەی داهاتوو..

**هایکۆ**

لای ئێواران<br>
دەنگی قورِبۆق و کەوەکان;<br>
هەموو تەنیا...

سمایل عەزەمی

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



## ماسی نەورۆز

محەممەد ڕەسووڵنیا

سێ ماسیم کڕی ئەمڕۆ بەیانی
سوور و بەڵەک و ڕەشی قەترانی

هەر یەک لە ڕەنگێ وەک خوشک و برا
بێ شەڕ و کێشە بێ دەنگ و هەرا

فرتەفرتیان بوو بەملا و بەولادا
هەر یەک بە جۆرێ خۆیان بادەدا

من وام دەزانی بەم شوێنە تازە
سەر و دڵخۆشن کەیفیان سازە

کوتم ماسی گیان تێر بکەن کایە
مەلە زۆر خۆشە کەیفی لە لایە

گوتیان جێکەمان ناخۆش و تەنگە
ماڵەکەی خۆمان گۆمێکی مەنگە

بۆ ڕزگار بوونە پەلەقاژێمان
ژینی نێو شووشە ناخۆشە پێمان

هەڵمگرتن و بردمنە چۆمی
لە نێو دەستمدا خزینە گۆمی

گوتیان هاوڕێ گیان نەژی بە پەستی
وا بە ئێمەت دا ژینی سەربەستی



## پەخشانێک بۆ نەورۆز

بانە. ئاروین ئەڵماسی(ئاگرین)

بەیانی باش!
من ناوم بەهارە
ئەوەی چەندین ساڵە
ئەبم بە جلێکی نوێ و
نیشتمان ئەمکا بە بەری خۆیا!
من ناوم نەورۆزە
ناو دەستی ڕۆژێکم پڕن لە گوڵ و
ئەو دەستی دیم
چەن پەخشانە شێعرێکە
لەسەر شانی چەپم
بۆنە عەترێکی بارانییە
و لە سەر شانی ڕاستیشم بولبولێکی گوڵخەندان
ئەجریوێنێ.
وا لە ناو شەقامەکانی بەفردا لە ڕێ دام.

من ناوم زستانە!
ئەوی چەندین ساڵە
ئەبم بە قەقنەسێکی بەژن سپی.
باڵێکم شین و ئەوی دی سوور
کاتێ لە گەڵ پرووشە،
دەست لە دەستی جەژنێکم و
بە ناو شەختە دا
شەپیورێک لێ ئەدەم
تا هەڵکەن پارچە ئایەرێ و
نازناز بخوێنن چریکەکانی هەڵبەست!
من ناوم نەورۆزە!
تا هەموو سەر ساتی ساڵێ
هەڵقرچێنم خەم و پەژارەی نیشتمان و
کاکۆنی ئازاری گەلێک بە با بەم لە کەشکەلانی ئازادی!
من ناوم نەورۆزە!
ئەوەی چەندین ساڵە
لە قەندیلێک،
نیشتمان ئەمکا بە شمشاڵێک!
و ئەمنێ بە لێوی باوە تا سرووده هەرمانی
"ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە"
بهۆنمەوە!...
من ناوم نەورۆزە!
من ناوم نەورۆزە!...

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

# بۆنی با( بۆ هەڵەبجە)



غەفوور ساڵحی

لە شەقام و کۆڵانانی هەڵەبجەکەم
خوێن و دووکەڵ، ئاوێتە بوون
سات و کاتمان
لە باری عادەتی دەرچوون
زەمان وەستا
مێهەنگی سەعاتەکان
قەتیس مابوون
ژیانەکان گشت تۆرابوون
****
کات و زەمان
مانایەکیان بۆ نەمابوو
لەپڕ قەوماو
ئەوەی هەناسەکانی ڕاگرت
بۆنی خەردەل، بۆنی بابوو
*
فریا نەکەوتین تێبگەین
کە خەریکە چی دەقەومێ
هەر جەستەبوون
تێکەڵ خێڵی نەماوان بوون
قافڵەیەک بەرەو نەمان
کەس دەرنەچوو
ئەوەی دەرچوو، ڕۆح و گیان بوون
**
دەستێک نەما
نامۆ نەبێ لە جەستەکەی
قاچێک نەما خۆی باتە ژێر
گەلێ سەنگین و خەستە بوون
گشت ڕۆحەکان
تۆراو و جیبا لە جەستە بوون
****
دەست و پێکان، ببوونە باڵ
گەنج و کیژانی کرچ و کاڵ
ژن و پیاو و پیرو منداڵ

بەرگ سپی، وەک فریشتە
جەستەکانیان لە کۆڵ نابوو
دەفرین بەرەو ناخی ئەزمان
تێکەڵ دەبوون
لە گەڵ بنەماڵەو کەس و خزمان
****
ئێستا ئیتر
کەسێک نەمابوو کە بمرێ
دایکێک نەمابوو بۆ مردن
ڕۆڵە نەما بە دەسرەکەی
چاوی تەڕی دایکی بسڕێ
عاشقانیش
لەڕێدا بوون بەرەو ئەوێ
لە سەر عەرز
جێیان نەبوو بۆ ژوانگەیێک
بەڵکوو لەوێ
جێگایەکیان وەبەر کەوێ
****
وا لێشاوی خێڵی ڕۆحە
ڕادەخوشێن بەرەو ئاسمان
هێندە زۆرن، لەوێش جێیان نابێتەوە
ئەوەی کە پێی نایە ئەم سەفەرە
هێندە دەڕوا، هێندە دەڕوا
دەڕوات و ناگەڕێتەوە
****
ئاسمانی وڵاتەکەم هەموو تەمە
داخۆ ئاسمانی هەموو جیهان
هەر ئاوا بێ
ڕەنجی لەمێژینەی ئێمە بە فەنا چوو
داخۆ ڕەنجی هەموو دونیا
هەر بەبا بێ
داخۆ ڕەنجی هەموو دونیا
هەر بەبابێ

## بەفر



ڕەبەت. غەفوور قادری(بڕوا)

لێت نایەتەوە ڕەنگی سپی
بریا ڕەش بای
وەک دەرونی سووتاوی من !
کە دەپرژای بەسەر بالای
ولاتی بێ خشپەی نەمان
دەتخستە ژێر چەپۆکی تالی زەمان
زەوی خنکاو!
هۆی بەفری سارد
ڕقت لە کێ داگرتووە
تەوژمی بەتینی تینووت
بۆ کام نێچیر ڕاخستووە؟
گەردەلولی بە سامی شەڕئەنگێزت
بۆ سەنگەری هەستی تازەی
کام شاعیر هەڵبەستووە؟
هۆ نیشتیمانی ئاوی گوڵ
بزەی لێوی گولاڵەی
چەن بەهارت
بە هاتنت قرتاندوە؟
جوانی چاوی چەن شاجوانت
لە سەر شانشینی زەوی
وەک شۆڕەسوار
ڕفاندووە؟

پەلە مەکە!
هۆ داگیرکەر
لەشکری زێڕینی هەتاو
بە لێزمەی تیشکی چاوانی
دەتکاتە ئاو
دەتکاتە ئاو

## سازی ناساز...

بانە. کامژین




ئەی نیشتمان
ئەمێستاکەش
ئاگرم دەسووتێ لە دڵ
هەر منداڵەکەی جارانتم!
گەر چی دیلی
خۆڵەمێشێکی ناکامی
نەورۆزانەی کوردەوارتم!
بەڵام پشکۆم
بە فوویەک دەگەشێمەوە
ئەو نەورۆزە
بۆ دارستانەکەی مێژووم دەگێڕمەوە

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



**تەخمیسی حاجی ماموستا مەلا ئەحمەد دافعی**
**لە سەر کەلامی ماموستا عەبدولکەریم فیدایی**



چاوی مەستی بازە یار سەیری شکارم بۆ دەکا
ڕۆژی مەیلی کوشتنی سەد خوێنەوارم بۆ دەکا
ئاهووە هەر فیکری میرگ و مێرغوزارم بۆ دەکا
دڵ کە یادی دڵبەری سیمین عوزارم بۆ دەکا
وەسفی ناڵەی بولبول و فەسڵی بەهارم بۆ دەکا

❋❋

بلبلێکم نەغمەخوانی شاخ و چڵ هەر لەحزەیێ
چاوەڕوانی مردنم یا وەسڵی گوڵ هەر لەحزەیێ
دوور لە هۆڵی عاشقان دەگریم بە کوڵ هەر لەحزەیێ
عیشقی حۆری جەننەتم دەڕوا لە دڵ هەر لەحزەیێ
شۆخەکەم ئارایش و نەقش و نیگارم بۆ دەکا

❋❋

چاوی جەززابی کە ڕۆژی هۆشی سەد عاقڵ دەبا
گەر مەلا بێ یا پرۆفسۆر دەس لە دینی بەردەدا
ئەو کە کوڵمەی سێو و زەردەبەی چەناگەی دەردەخا
ڕوومەت و ئەبرۆ و کاکۆڵی نیشانی من دەدا
یەعنی تەشبیهی گوڵ و دووپشک و مارم بۆ دەکا

❋❋

من کە شادی چاوی یارم نامەوێ ڕووی شایەتی
حەق نیە زاهید بە دڵ سووتاو بڵێ شێخایەتی
یار کە پڕ مێهر و وەفایە هەر ئەوین بروایەتی
شێخ مانێعمە لە عیشق و یار مەعنی ئایەتی
(قداحلوا قومهم دارالبوار)م بۆ دەکا

❋❋

خۆشە نازی عاشقی و وێردی لەبی نەشگفتە یێ
گوێ مەدە عاشق بە زاهید هەر چی بێڵێ مفتە یێ
یارەکەم ڕاستە لە ڕێگەی دڵبەریدا گوفتەیێ
باسی زاهید گەر بکەم دڵدار شەرحی نوکتەیێ
(علموالناس الخطایا والخسار)م بۆ دەکا

❋❋

زلفی کرژی وەک کەمەندی جەرگی ڕاکێشام بە تین
دوو برۆی میحرابی پاکان بوو لە عاشق کەوتە قین
دوو سەفی برژانگی چاوی کار و پیشەی دڵ درین
تیری تیژی دوو مژۆڵی وا لە چاوی من چەقین
دێتە مەیدانێ شەڕی ئەسفەندیارم بۆ دەکا

❋❋

نوقمی گێژاوی غەمم جەزری نییە مەددی بکەم
ئاو لە چاوم دێتەخوارێ چۆن دەبێ سەددی بکەم
هێند برینداره دەر و ژوور ناکرێ حەددی بکەم
دەردی سینەم سی نیە تاکوو بە سی عەددی بکەم
کیژی عەییارم حیسابی سەدهەزارم بۆ دەکا

❋❋

گەر بە لەنجە دێتە کانی و ڕێگە مەڕ خاتوونی من
دڵ دەلەرزێ ڕووح بە مۆلەق بوو لە نێو کانوونی من
بۆنی عەتر و نکهەتی زاری بە بای دا بوونی من
خەرمەنی غەم شەن دەکا برژانگی بێ قانوونی من
ئەشکی وی ئیزهاری ڕازی جەرگی زارم بۆ دەکا

❋❋

ئەی خودا چۆن کەم لە ئەم بێ شەرتە چاری بۆ بکەم
چاو لە من ناکا دەمێ سەد بەزم و یاری بۆ بکەم
ڕووی لە پاییزە کە من باسی بەهاری بۆ بکەم
من کە لادێیم ئەگەر تەعریفی شاری بۆ بکەم
ئەو بە عیشوە و ناز و غەمزە زەممی شارم بۆ دەکا

❋❋

شۆخی عەییارم ئەوەند لابە و مەکە جەور و جەفا
تووشی کردم عاقیبەت ڕۆیشتم و سەبرم نەما
(دافعی) دەردی گرانەچۆن هەڵی دەگرێ خودا
فکری خۆشی و لەززەتی دونیا نەکەی گەر تۆ(فیدا)
یار تەدبیری دەڕرە و کێو و هەوارم بۆ دەکا!

(کوێستانی بەردووکەی پاراستان ـ ١٣٤٩/٦/٦)



## ناوبژیوان

**بانە. ژیرۆ**

تازە ژنم هێنا بوو زۆر کەیفم ساز بوو. تازە ببوومە پیاوێک کە حیسابم لە سەر دەکرا و زیاتر لە جاران ڕێزم دەگیرا.

دوانیوەڕۆیانە کە لە کار دەهاتمەوە دەچووم بۆ پیاسە کردن تا پارک. دوو کۆڵان لەو لای ماڵەکەمان بوو. ئەو ڕۆژەش، ڕۆیشتم بۆ پارک. کەواوپانتۆڵێکی یەخەباز م پۆشی بوو و جووتێک کڵاشم لە پێ دا بوو. هەستم دەکرد کەس نییە لەم دنیایە دا بێجگە لە من! بۆ خۆم بە پارکەکە دا دەگەڕام. دیمەنی پارکەکە زۆر جوان و سەرنج ڕاکێش بوو حەوزێکی گەورەی پڕ لە ئاو. پڕ لە ماسی ڕەنگا و ڕەنگ. لەو لاوە چەند مراویەکی گەورە و بچووک.

پارکەکە چەندها داری جۆراوجۆری تێدا بوو. پەرتووکخانەی گۆشەی پارکەکە بە هێما جوانەکەیەوە سەرەنجی هەمووانی بۆلای خۆی ڕا دەکێشا بەدەم گەڕانەوە کتێبێکی (مارک منسون)م دەخوێندەوە.

مناڵ و لاو و پیر تێکەڵاو، ئیستراحەتی خۆیان دەکرد.

منێش ماندوو ببووم لە گەڕان هاتم دانیشتم و چایەکم خواردەوە و بەرەو ماڵ ڕێکەوتم ئێوارە کاتژمێر پێنج و دە خوولەک بوو. چەند جۆر کەل و پەلی خۆراکیم پێویست بوو. لە سوپێرمارکێت کڕیم.

کاتێ گەیشتمە کۆڵانەکەی خۆمان دیتم لە ناوەڕاست کۆڵانەکە شەڕێکی گەورەیە. بە پەلە، کەل و پەلم لە حەوشەکە دانا و بەرەو پیری شەڕ ڕۆیشتم. بە قسەی خۆم دەچووم ناوبژی بکەم. جۆرێک بە سام و هەیبەت دەڕۆیشتم کە دەتگوت ڕۆستەمی زاڵم. کەسێک سڵاوی لێ کردم وتی :چچچچۆۆچۆۆنی کا بببراییم

جورێک وتی کا برایم، کەری نێر نەی دەکێشا! تۆزێک خۆم فش کرد !

وڵامم دایەوە: عەلەیکە سڵاو. پرسیم(تۆزێک زمانی گیر بوو) ئەوە خەبەر و باس چیە؟

وتی:هیییییییچچچچچ نننننیە ئەەەەەەەوە کککککککا عەباسسسسس ووووو کککککا عووووومممبەەەەەرە لەلەلەلە سەر شۆشۆشۆشۆشۆخی شەڕیان ببببببووەە

چوومە جەنگەی شەڕەکەوە. خۆ ماشاڵڵە دانەیێک دوان نەبێ ئەوەی دیکە دەت وت سەیری فیلمی (مەردانی ئیکس) دەکەن. بەدەنگی بەرز وتم: ماڵتان نەشێوێ خۆ مناڵ نین تەواوی کەن عەیبە بۆئێوە.

عومەر دانەیێکی قەپەگۆڵەی ورگ زلە بوو ڕێک وەک شرێک!

عەباسیش هیچی لەو کەمتر نەبوو بەڵام دەموو چاوی وابوو کە دەگریا دەت وت پێدەکەنێ!

هەر چیم کرد عومەرم بۆ نەدەگیرا. چووم باوشم بە عەباس دا کرد تا بەشکو دەست نەکاتەوە. لەو لاوە عومەر بەس جنێوی دەدا. پێنج هەزار جنێوی پێدابێتم بە جنێوێک بوو دەی وت دە دەت... مەرەخەستی کە بزانم چی ئەکا و...

ژن و مناڵی عەباس، عومەر و ژنو مناڵی عوومەریان جنێو باران دەکرد!

ژن و مناڵی عومەریش دەستە کەمێکیان لەوان نەبوو. شەڕە جوێنێک بوو هەر مەپرسە!

جنێوی ناموسی بە ڕەگبار بوو.

لەو بەینەدا کە باوشم بە عەباس دا کردبوو عومەر یەک مشتی لە پشتم دا حەوت ئەستێرەم دیت!

سەگباب دەستی دەست نەبوو بێڵە ئاسن بوو. سەری خۆمم نەهێنا هاوارم کرد کاکە بێن ئەو برادەرە بگرن بۆ خاتری خوا با شەڕەکە گەورەتر نەبێ. عەباس کە دوو ڕۆژ لەوە پێش لە زەماوەندەکەم دا شاباش لە بەر ئەو بەر نەدەکەوت، کە دەیوت بەس بۆ زاوائەمرۆ پێی دەوتم: بلە شێت! بەرم دە با بچم... دەت ...

وەزعەکە کەمێک ئارام بۆوە. عەباس بە جوێن دان هیچی نەهێشتبوو. عومەر پەنا بەخوا دەت وت ئۆڕاڵە بە غار هات و یەخەی عەباسی گرت وەک هەویر شێلای!

ویژدانم قەبووڵی نەکرد چوم وتم دەیگرم ناهێڵم چیتر لێی بدات.

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

عەباسی فەقیر دەت وت گورەویە بە دەستیەوە پێچی ئەخوارد دەستی عومەرم گرت و باوشم پیا کرد و بەرەو دواوە پاڵم پێوە دەنا.
هەر ئەوەندەم زانی شەقێکی لە بەر سکم هەڵدا و خۆ ئەمجارەیان ئیزڕائیلم دی بە سەر سەرمەوە! دەنگم بۆ دەر نەدەهات بە هەر پەلەپڕووزەیەک بێت بە گاگۆڵکە خۆم نەجات دا. لە عەیبەتی خۆم دوای کاتژمێرێک ڕۆیشمەوە بۆ ماڵ.
باوکم وتی: بەس بۆ نێوبژیوان. باشی کاک ڕۆستەم نایەی بچین بۆ نەخۆشخانە؟
وابزانم بژاردبووی چەن شەقم خواردوە!

بانە. ژیرۆ

### بەهار

گەر خەزانیش
گەڵا کانمان بوەرێنێ
بۆ شەختە و چلەی جستانیش
ڕیشەی دارمان هەر دەمێنێ
بەهار دیسان چرۆ دەکا
گزنگ گزنگ
ئازادیمان دەپشکوێنێ

### شێعر

شێعرەکانم
نمە بارانی بەهارین
بە سەر ڕوومەتی شۆخت دا
دەبارێنم
قاسپەی کەوی کویستانانن
بە دەوری بەژنی جوانت
دەخوێنم
گەر تۆنەبی لەم دیارە
چۆن بتوانم پیت و وشە
بلاوێنم؟



# ئـــاڤـــان

ک.د.ئازاد

یەکەم ڕۆژ کە دیم، دڵم توندتر کەوتە لێدان!

کچێکی ئارام. جوان و ڕوومەت گەش. دوو چاوی ڕەشی قەترانی. مژۆڵی درێژ. قژەکانی لە ناوەڕاستەوە کردبوو بە دوو کەرت! ڕەش و بریقەدار!

جانتایەکی بە شانەوە بوو. بێدەنگ و ئارام هەنگاوی دەنا!

هەر لە یەکەم دیدار دا دڵم لای خۆم نەما!

بە کتێبخانەکە دا گەڕا و لە بەشی ئەدەبی کتێبێکی هێنا دەر و چوو لە پشت مێزێک دانیشت و دەستی کرد بە خوێندنەوەی کتێبەکە!

لە دانشگا، بۆ ئەوەی گوشار نەکەوێتە سەر شانی بنەماڵەکەم، کتێبداری دانشگام وەئەستۆی خۆم گرتبوو. بۆ من باش بوو! هەم داهاتێکی هەبوو کە بۆ خەرجی ڕۆژانەم لە سەریشم زیاد بوو، هەم لەوێ خەریکی موتاڵا و خوێندنی دەرسەکانم بووم!

هەڵبەت لەو کتێبخانە، کتێبدارێکی تریشی لێ بوو،کە هەرکاممان لە پشووی خۆمان دا دەهاتین و کتێبخانەکەمانم دەگێڕا!

ئەو ڕۆژە یەکەم جار بوو ئەو کچەم دەدی. پێشتر نەم دیبوو یان لە شیفتی من دا نەهاتبوو. ئەو خەریکی خوێندنەوە بوو ومن لەسووچێکەوە بە دزیەوە چاوم لێ دەکرد.

زۆربەی کچان و کوڕانی دانشجوو دەهاتن بۆ کتێبخانە، بەڵام زۆربەیان کتێبەکەنی دانشگایان دەخوێندەوە! ئەو کتێبی شێعر!

دوو سێ جار بە لایدا تێپەڕیم و لە نیزیکەوە چاوم لێ کرد. بە خۆم نەبوو، گرفتاری بووم!

ئەو خەریکی خوێندنەوەی شێعر بوو و منیش خەریکی سەیر کردنی!

لە کاتی ڕۆیشتن دا بۆ چەن چرکە هەر دووکمان چاومان لە چاوی یەک هاڵقا!

بزەیەک هاتە سەر لێوی و سوور هەڵگەڕا و بە پەلە سەری داخست و ڕۆیشتە دەر!

ڕۆژانی دواتر ئەم هاتووچوونە بەردەوام بوو. کتێبێکی شێعری دادەگرت و دەچوو لە جێی هەمیشەیی دەستی دەکرد بە موتاڵا!

من لە دوورەوە سەیرم دەکرد و ئەویش جارجار سەری هەڵدەبڕی و لە منی دەڕوانی!

زۆر جارانیش هەر دووکمان بە بزە سڵاومان لە یەکتر دەکرد!

**

ڕۆژێکیان، وایت بۆردێکی بچکۆلەم هێنا و لە لای خۆمەوە دامنا. ڕوو بە شوێنی موتاڵای دانشجوەکان و دانیشتنی ئەو!

لە سەر وایت بۆردەکە، شێعرێکم لە سەر دەنووسی!

**تەژی**

**چاوەکانم؛**
**جووتێ پیاڵەن!**
**چۆن حەز دەکەی**
**لێورێژیان کەی:**
**عەشق و بەڵێن**
**یان ئەشک و خوێن؟**

ڕۆژی هەوەڵ کە چاوی پێ کەوت، خێرا قەڵەمەکەی دەرهێنا و شێعرەکەی منی لە دەفتەرەکەی خۆی دا نووسیەوە!

ئیتر لەوەبەولا، هەموو ڕۆژێ، من شێعرێکی کورتم دەنووسی و ئەویش دەیخوێندەوە و یادداشتی دەکرد!
دانشجوەکانی تریش، هەموو ڕۆژێ پێش موتاڵا سەرێکی وایت بۆردەکەیان دەدا و شێعرەکەیان دەخوێندەوە و پاشان خەریکی کاری خۆیان دەبوون!
ڕۆژێک ئەم شێعرەم نووسیبوو:

**ئارەزوو**

**پێم خۆشە بچمە وڵاتێک؛**
**وەک، باوەشت مێهرەبان بێ**
**وەک، چاویشت پڕ لە مەستی!**
**لەوێ، هەرگیز تاوان نەبێ،**
**ماچ و،**
**شێعر و خۆشەویستی!**

کە هات و لێی پرسیم: ئەو شێعرە خۆشانەی دەیان نووسی هی کێن؟
ـ نازانم! ڕەنگە هی شاعیرێکی شێت و عاشق بن!
بە دەم پێکەنینەوە وتی: بە ڕاستی زۆر بە سۆزن!
لە زمانی شێعر، بە باشی حاڵی بووا!
وردە وردە پردێک لە خۆشەویستی لە نێوان شێعرەکان و ئەو دا پەیدا بوو. جۆرێک پێوەندی نادیار و سێحراوی! منیش لەو سۆزە بێ بەش نەبووم! هەر ڕۆژێک دەهات یەکەم کاری ئەوە بوو کە خێرا چاوی لە وایت بۆردەکە دەکرد! دوایی شێعرەکەی لە لای خۆی دەنووسیەوە!
زۆر کەم لە گەڵ یەک دا قسەمان دەکرد. قسەی دڵمان هەر بە ئیشارە و بزە، بۆ یەکتر بەیان دەکردا!
ساڵی کۆتایی خوێندنم بوو. دۆستەکانم کە بەو ڕووداوەیان زانیبوو و چیرۆکی خۆشەویستی من، سەرسامی کردبوون، گەڕابوون و ناونیشانی ئەو کچەیان بۆ هێنام!
وتیان: ناوی ئاڤانە و ساڵی یەکەمی خوێندنیەتی و ...!

**

دوایین ڕۆژی من لە کتێبخانە ئەم دوو کورتە شێعرەم نووسی:

**ڕیسوایی**

**عاشق بووین!**
**قەرار بوو کەس پێ‌نەزانێ**
**هەتا دەمرین!**
**بەڵام،**
**شێعر ڕیسوای کردین!**

**پرد**

**پردەکانی،**
**گەڕانەوەم دەڕووخێنم!**
**تا هەتایە، لات دەمێنم!**

ئەو ڕۆژە زۆر چاوەڕوان بووم نەهات. بە کتێبدارەکەی دوای خۆم سپارد کە ئەو شێعرانە نەسڕێتەوە!

**

دوای تاقیکاری، من دانشگام تەواو کرد و گەڕامەوە شارەکەی خۆم!
دوایی لە دۆستانم بیست: ئاڤان، هەموو جارێ کە دەچێ بۆ کتێبخانە، پێش هەموو شتێک، کورتە شێعرێک، لە سەر وایت بۆردەکە دەنووسێتەوە و لە ژێر شێعرەکەش دا ناوی شاعیرەکە دەنووسێ: ک.د.ئازاد!



بانە. ئەسرا ئەحمەدپوور

که ڕۆژی زەردەپەڕ ئاڵای شەکاوە
دەڵێن کیژی کەژت یاری هەتاوە
بە تیریژی مژۆڵەی خەم ڕەوێنی
گەزیزەی گەش لە دەسماڵی ڕواوە
لە ناو شیوێ بە ڕێگەی ڕوو بە ڕووگەت
گەلی بەفرن کە دەستنوێژیان شکاوە
لەسەر چۆپی سەمای باغی هەوارت
ڕەقیبی دەم بە هاوارت بەزاوە
لە کۆڕی هەڵپەڕینا چەپڵەڕێزان
لە ئەستۆی باڵەکانی مەل خراوە
کە دارێ کۆرپەکانی دێنە خەندە
کە بەفری سەر کەمەر هەولی شەتاوە
هەڵۆ نامەی هەژاری هۆزە کوردی
لە لا پیرۆزە چون هێمای هەناوە
ترووپکی، ڕۆڵە ئازادی خەباتە
بە ناو و خاکەوە سەربەست ژیاوە
ئەوا گوڵ هاتە دەر سەرمەست و چاوڕەش
دەڵێی چارۆکەکەی ناو خێن گلاوە
شەماڵی خاوەنی شمشاڵەکەی چڵ
لەگەڵ نەغمەی گەلێ مەل تێکەڵاوە
کە بولبولێ بە کوردوستانەکەم دا
بەدەم ئاوازەکەی زیرەک گەڕاوە
تەواوی لاشەکانی چڵ بە هیوای
بڵێسەی گڕ بە ماچێ دامراوە
ئەوا بووکی بەهار چاوی هەڵێنا
بە خەندەی پەلکە زێرینەی چیاوە
چلۆن شوکرانە ناکا ئەو دڵەی من
وەڵاتم بە بەهاری شاد کراوە

## پێنووسی شاعیر



بۆکان. محەممەد بێهڕەوان

نووکی پێنووسی شاعیرە، بۆ دوژمن وەک شێری ژیانە
ڕێبەری فەرهەنگی گەلە، چقڵی چاوی نامەردانە

پێشینەو مێژووی هەر گەلێ، ئەهلی قەڵەم دەیپارێزێ
هونەر بۆ میللەت دەسووتێ، وەکوو ئاوری ئاگردانە

ئەگەرچی خەڵکی ئەوڕۆکە، سەری لە قالبی خۆی ناوە
بێخەبەرە لە پێناسە، خەریکی خۆ فریودانە

بوومە شێتی ئەوینی دڵ، وەکوو مەجنوون کەوتمە کێوی
لەیلا هۆی شێتی مەجنوون بوو، شێتی من هۆی نیشتیمانە

گەلێ سەروەریی قەڵەم بێ، مێژووی وێنەی چیا بەرزە
دوژمنی ئەو نەتەوەیە، دایمە گێژو سەرگەردانە

شەهید هەڵگری ئاڵایە، بە خوێن وەتەن دەپارێزێ
پێشەنگی ئازادی گەلە، ڕێبەری دین و ئیمانە

شەرتە منیش هەتا مردن، ڕێی سەربەرزی بگرمە بەر
تا سەربەستی نەیەتە جێ، بەرنەدەم ئەو ڕێگاوبانە

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

## سەفەرێک لە قاچەکانمدا



مەریوان. عوسمان شێرزاد

کەسێک ساڵەهایە چاوەڕوانمە و
ساڵەهایە لە دوورەوە بانگم دەکات
کەسێک کە من بە دڵ و گیان ئەیبیستم
کەسێک لە چەشنی ئارەزووەکانم
چاوەڕێم دەکات و
چاوەڕوان...

*


شەڕوانێک لە ناخمدایە و
ڕێبوارێکی نەسرەوتوو لە قاچەکانمدا و
سەفەرێکی دوور...
تاگەیشتن بە ئازادی

*

کەسێک لە چەشنی خۆم
چاوەڕوان لە خۆمداو
ماندوو لە چاوەڕوانیدا...
من کۆتایی ئەو سەفەرەم ئەدۆزمەوە
وەک ئەو کچە شەرڤانانەی
بە لێوی وشک مەتەرێزی بەرخۆدانی
پاراستووە.

*

شەرڤانێک لە مندایە
چاوەڕوان
ولاتێک لە مندایە
ماندوو
سەفەرێک لە قاچەکانمدایە
لە چەشنی سەر هەڵدانێکی نوێ و
ژیانێک لە دەستەکانمدایە
لە چەشنی ڕاموسانی جەستەی ئازادی ...!!



ئارمردە. ڕامین فەرەجی

درۆکانت لە بەر درگای ماڵی ئێمە
کەوتبوون دەستم برد
کۆیان وەکەم بیرم هاتەوە
بەڵێنمان دابوو بە یەکتر
چاو پۆشی لە یەکتر بکەین

**

ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان
تۆم خۆشویست
هەڵەم نەکرد
تەنیا نەدەبوو
لە پاییز دا
عاشقت بوومایە

**

نەورۆز
نازانم لە هەرلایەکەوە سەیر دەکەم
ئازارێک سەری هەڵداوە
نەورۆزیش بێ دەنگە ئەمساڵ
خەمی خەڵکی لەبەرچاوە



بۆکان. پەروین نازری

دارێ قیژاندی،
پڕ لە هێزی بێدەنگی،
تێکەڵاوی هاژەهاژی با...،
لاوێچ لاوێچ گریا
هاوڕێی خرمەخرمی شەستەباران،
دڵۆپدڵۆپ جۆاناویی ڕشت
ئاوێتەی تنۆکتنۆکی خوناو...،
نەکەس بیستی کێ قیژاندی
نەکەس زانی کێ گریاندی
پاساری سەر لقەکەشی،
بەپەلە،
شەونمی هەڵگرتو ڕفاندی...
لە ئامێزی کازیوەیێک
لەبەرەبەیاندا،
هێدی و بێدەنگ
دارێ گیانی دا...
ئێوارانی پاییز،
جارێ وایە...
پەرەسیگاری دڵتەنگی
تەنگ هەڵدەچنێ بە تووتنی دڵ،
دەتخاتە نێو خۆی،
دەتپێچێتەوە و
دەگەڕێ، دەگەڕێ لە بیانوویێ،
سکڵێکی بچووک،
داتدەگیرسێنێ و هێورهێور،
دەتکاتە مشتێ خۆڵەمێش و
پڕی هەناسەیێک دووکەڵ...
ئێوارانی پاییز،
پڕن لە بیانوو...!!!
هەنگی دڵتەنگی،
بارتەقای چرکەکانی ژیان
گوڵی دڵمی چزاند...
ئێستە دڵم بۆتە بێژنگ و
دادەبێژێ...
خۆڵەمێشی یادەکان...!!!

## شێعری بێ خاڵ

بۆ یەکەم جار



سەردەشت. گزنگی خۆڕ

گوڵلەی گەرم سەر و دڵمی دڕی
گەڵا گەڵای، داری عومرم وەری

هەڵۆی ورەی سەرم مکووڕە
ڕووگەم هاواری دوورو سوورە

لە دۆڵی گورگەسوور دە دۆڕێ
هەوای سڕی سەردەوار دەگۆڕێ

ئاو وهەوای دەوارساردو سوکە
هەڵاڵە ڕووی سوورە وەک گڵووکە

دڵم گەردەلوو، ساردی ساڵە
سەدها ساڵە سەما و ئاسوم کاڵە

هاواری گەل لە کوولەکە دا مەحاڵە
ڕوحم سەرسامی سەری ساڵە

ڕا دەماڵم گورگ و مار وداڵم
هەڵودای سرووودی سەری ساڵم



## بەڵێ گەورەم

بانه. قادر خدرزاده

دەوران دێت و دەچێت ( لە وەتا وەبیرم دێ) خۆر ساڵەهای ساڵە لە لایەک دەردەکەوێ و لە لایەکی دیکە ئاوا دەبێت وبە وتەی هێگل ڕەورەوەی ڕۆژگار و مێژوو بێ بەزەییانە بە سەر لاشە و تەرمی بوونەوەر و مرۆڤەکان دا دەڕوات و دەیانهەنجنێ و تێکیان دەهاڕێ ، سەرەڕای ئەم هەموو سەگ سەگێن و چەرمەسەرەیەی کە مرۆڤ لە ژیانی کورتی بە سەری دێت ، تاقمێک بە نێوی خان و گزیر و کوێخا و زەعیم و چەکمە ڕەق ژیانی هێندەی دیکە لێ تاڵ دەکەن و بە ڕەخساندنی هەل و مەرج و کەش و هەوای پڕلە ترس وکوشت و برین و تۆقاندن دەبنە هۆکاری ئەوەی کە خەڵکی بێ دەرەتانی بن دەست دایم و دەرهەم بە بەژن و باڵایان دا هەڵبڵێن و دووعای سەلامەت و هەرمانیان بۆ بکەن، وەک دەزانن ساڵەهای ساڵ خان و قێخا و..... تەنگیان بە کۆمەڵگا هەڵچنی بوو ، ژیانی خەڵکی هەژاریان کردبوو بە ژەقنەمووت و هەنگوینی شەمەترێنکەیان لە زاریان کردبوە ژاری مار، دیوەخان جمەی بوو لە مرۆڤی بێ دەرەتان و ڕەنجبەر کە بەرو بوومی شان و پیلی بۆ جەنابی خان بوو ،مام هێمن وتەنی:

تاکەی وابم تاکەی وابم
دەست بەتاڵ و ڕەنج بە بابم
تاکەی ڕەنجی شان و پیلم
بۆ دژمن بێ بۆ من دیلم

بەڵێ بە هەزاران ساڵ مرۆڤ ئێستاشی لە گەڵ بێ دیل و ژێر چەپۆکی تاقمێکی دیکەی گۆپاڵ بە دەست بووەو بەرهەمی ڕەنج و عارەقی جەستەی هەلاهەلای بۆ جەنابی (قوربان) بووە ، کەسێک کە تەنیا دەسەڵاتە پێدراوەکەی لە لایەن خەڵکی لێقەوماوەوە بە بیانووی بەر گری و پاراستنیان لە دوژمن بووە هۆی باڵا دەستی ئەو،

بێ گومان داستانی کەرەکەی عەبدوڵلا پەشێوتان بیستووە کە ڕۆژگارێک کابرایەک بۆ کاروان کەرێکی پێش خۆدابوو لە شیوو دۆڵێک کەرەکە گوێی قووت کردن و پڕ بە دۆڵ زەڕڕاندی، کابرا کوتی کەرە گیان مەکە خۆت ئاشکرا مەکە با جەردەو چەتە پێتنە زانن ، چونکە من لە کەر و بار دەبم و تۆش جەردە دەتبەن و زەوتت دەکەن، کەر بە کەری خۆیەوە بەم وتە پێکەنی و گوتی جا من کە قەڵەمی سەربووەدەو سەرنویشتم کەری و بارەبەری بێ لە چی بترسم، من هەتا دەمرم باری خۆم هەر لە خۆمە.

کورد دەڵێ قسە قسە دێنێت و عەرەب دەڵێ : الکلام یجرالکلام وا چاکە ئە م وتە ی وەگێڕین کە گوایە لە وڵاتی بریتانیا پاشایەک بە نێوی ئیدواردی حەوتووم بە سەر دانێک بۆ گوندێک چووە قوتابخانەی دێکەو و مامۆستا بە گەرمی پێشوازی لێکرد و بۆ دڵ خۆشی ئیدوارد یەکێک لە قوتابیە زیرەکەکانی بانگ کرد و گوتی سێ پاشای مەزنی بریتانیا ناو بێنە ، منداڵە کە وتی مەلەکە ویکتۆریا و......و......،

مامۆستاکە بە سرکە وتی بڵێ بەڕێز ئیدواردی حەوتوومیش مناڵەکەش وەک تووتی وتەی مامۆستای کاوێژ کرد ، ئیدوارد کە ئەوەی بینی بزەییکی هاتێ وتی دەتوانی یەکێک لە کارە باشەکانی کە بۆ وڵات کردووویەتی بڵێی ؟ مناڵەکە لە شەرمان عارەقی کرد و چی نەگووت، بەڵام ئیدوارد بۆ خۆی بە هێمنی دەستێکی بە سەری مناڵەکە دا هێناو گوتی خەمێ مەخۆ چونکە کەس نازانێ وتەنانەت ئیدوارت بۆ خۆشی نازانێ.

لە کۆتایی دا تۆش و منیش و ئەویش هەتا ماوین تەنیا شتێکمان لە دەست دێ ئەوەش ئەوەیە:

بەڵێ قوربان، بە سەر هەردوو چاوم قوربان

ئەوەی تۆ دەیڵێی و دەیکەی بێ کەم وکوڕ بێ چەند و چۆن جوانە قوربان وایە قوربان .

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



# خرتیل ( نەزیلە )

عەلی مەحموودی (ئاودێر)

تەمەنم شەش ساڵ بوو لەگەڵ هاوڕێکانی هاوتەمەنم وەک هەموو شەوانی دیکە تامەزرۆی گوێبیستی نەزیلە و ئەفسانە خۆشەکانی پوورە خاتوون بووین ؛ هەر بۆیە بڕیارماندا لە دەوری ئەو گەنجینە بۆ جارێکی تر کۆ وەبین و گوێ ڕادێری وشە بە نرخەکانی بین لە شەوانی ڕابردوودا چەند نەزیلە و حکایەتی خۆشی وەک ئەحمەد پاشا، پەریزادەی چین، دێوەی دزێو ، قاسم شەونەوێر و... بۆی گێڕا بووینەوە چێژێکی خۆشی پێ بەخشی بووین.
پوورە خاتوونی بەتەمەن ( پتر لە ٨٠ساڵ ) وەک هەمیشە بە ڕوویەکی خۆشەوە پێشوازی لێ کردین و لە لامان دانیشت ئێمەش وەک هەنگ پوورەمان دا و داوای گێڕانەوەیەکی دیکەمان لێ کرد.
–باشە بۆتان دەگێڕمەوە بە مەرجێک ئەمشەو یاری ( گزگل بە فوو ) بکەین ( گزگل بە فوو یاریەکی سەرنجڕاکێش و بە گوڕوتینە کە لە وەرزی زستانە زۆرتر لە ناوچەی بانە باو بووە بەڵام ئەمێستاکە بە داخەوە بەڕێوە ناچێ وەک هەموو یاریە کلتووریەکانی کوردەواری لە بەستێنی لە ناوچووندایە ) بە دڵەوە ئامادەبوونی خۆمان ڕاگەیاند و بازنەیەکمان درووست کرد ئەویش گزگلێکی هێنا و تەلێکی سەر ئاڵقەیی تێچەقاند و خستیە زۆپاکەوە تا جوان سوور بۆوە پاشان بە هەودا بەنێکی مەحکەم بە میچێکەوە هەڵی واسی، یاڵا دەست پێ بکەن وەی لەوەی ئازا بێت و نەسووتێت ئێمەش فوومان لێ دەکرد لە چوارلاوە تاکوو لە لێومان نەدرێت و نەی سووتێنێت، کاتێک هەناسە دەکێشی گزگلەکە دێت بۆ لای دەم ، دەبێت زوو فووی لێکەیت تاکوو لە لێوت نەدرێت دووای ماوەیەکی زۆر بەربەرەکانی و کێبەرکێ کۆتایی بە یاریەکە هێنا و براوەکەی خەڵات کرد.
ئەمجار نۆرەی نەزیلە گێڕانەوەیە، هەبوو نەبوو ساڵانێکی زوو کابرایەکی بە تەمەن و ڕیشسپی ژنێک و سێ کچی عازابی هەبوو لەگەڵ کەرێکی شەل کە بژێوی ئەو ماڵەی لە سەر پشت بوو،کات بەرەو زستان دەڕۆیشت دەبوو بۆ بژێوی ڕۆژانی سەخڵەتی گەنم زمهاڕ کەن کابرا پیرە بەیانییەک زوو لە خەو هەستا کەرەشەلی کورتان کرد و لەگەڵ کاروان کەوتە ڕێ ، دووا ڕێگابڕینێکی زۆر بۆ پشوودانی شەو لایان دایە ئاشەکۆنێک و دەستیان کرد بە ئاگرکردنەوە و چایی‌لێنان تا شەو بەلادا هات قسە و نەزیلەی خۆشیان بۆ یەک گێڕاوە و بۆ ڕۆشتنی بەیانی تەکبیر و ڕای خۆیان لێ کرد کە بە قازانجی مامەپیرەی خاوەن کەرەشەل نەبوو هەر کەس لە عاست خۆی لێی خەوت و مامەپیرەی ماندوو عەرزی ڕاخست و ئاسمانی بە خۆیا دا و سەری کردە سەر جەواڵەکەی، ئەستێرەی ڕۆژێ سەری لە کەل دەرهێنابوو کاروانچیێکان دانەدانە یەکتریان خەبەر کردەوە و ملی ڕێگەیان گرت چوون مامە خۆی پیر و کەرەکەی شەل بوو بە جێیان هێشت.
هەتاو لە سوێیان سەری دەرهێنا و گزنگەکانی مامەپیرەیان داپۆشی بوو لە خەوی شیرین ڕاچەنی و بۆ ئەملاولای ڕووانی کەسی لێ نەماوە لەو چۆڵ و هۆڵەدا بە تەنیا ماوەتەوە ترسێکی بێوادە یەخەی گرت و گریانێکی غەریبانە قووڕگی فشار ئەدا دووای ماوەیەک ترس و دڵەڕاوکێ بە خۆیا هاتەوە و دەست لە دەست و قووەت لە خوا سەر ڕێ کەوت بەڵام نەی دەزانی بۆ کوێ دەچێ و چی بە سەر دێ، پاش چەند کاتژمێر خوولانەوە بە دەوری خۆیا ئەی بینی خرمانێک لە دوور سوور دەکاتەوە وتی: ئەمە خوای گەورە بۆ منی ناردەوە با بڕۆم بە پیریەوە هەر ئەڕۆشت و نەی دەگەشتێ تا ئێوارەی بە سەردا هات دووای پڕکردنی هەر دوو تێلیسەکەی لە گەنمی پاکراو بەنی پێنە بوو بیان درویێ پاش گەڕانێکی زۆر لەو دەوروبەرە لە گوێ ئەستێرە ئاوەکە سەری بەنێکی دۆزیەوە هەر هەڵی کرد و هەڵی کرد تاکوو بوو بە گڕۆلەیەکی تەواو لە دووایدا دێوێکی ڕەش و دێز بە سەری بەنەکەوە لە ئاو هاتە دەر و مۆڕەی لە کابراپیرە کرد و وتی: چت داوە بە سەر ماڵ و خەلە وخرمانی من هەر ئێستا ئەتکەم بە تۆزی بانان دەرخوارد باد ئەدەم.
مامە پیرە کەوتە پاڕانەوە بیکە بە خاتری خوا پیرێکی هەژارم ژن و منداڵەکانم چاوەڕێی دەستی منن سێ کچی بە شوووم هەیە لە دارای دنیا هیچ شک نابەین ئەو کەرەشەلە نەبێ ڕەحم و بەزەیت پێمانا بێت.
دێوە کەوتە فێڵبازی و گوتی: باشە ناتکوژم و گەنمەکەشت لێناستێنمەوە هەرچیشت بوێت لە مالی دنیا پێت ئەدەم بە مەرجێک کچێکم لەو سێ کچە بدەیتێ و بیکەم بە هاوسەری خۆم تۆش لە هەژاری نەجات ئەدەم
مامە پیرە بە لێوەلەرێ و ترسەوە گوتی: دێوە! خوا قەبووڵی نییە کچی من بۆ تۆ نابێت وازم لێبێنە با بڕۆم

دێوەسوور هەڵگەڕا و وتی: کەواتە خۆت بگرە چڕنووکێکی گەیاندێ تا سەر ئێسقان پێست و گۆشتی هەڵدڕی و مامەپیرە بێهۆش کەوتە سەر زەوی کاتێک هۆش خۆی هاتەوە دێوە سەرەوخوار لە دارجوخێنەکەی بەستەوە و خەریکە ڕیخۆڵەی لە دەمیەوە بێنەدەر، بانگی دێوە دەکا و ڕازی دەبێت بە مەرجەکەی و ئەڵێ: باشە چۆن دێیت بە شوێنیا چۆن لەگەڵ خۆت ئەیبەیت خۆت ئەزانی لەگەڵت نایە تۆ دێوەی بۆگەن و پیسی کچی من داوێنپاک و خاوێنە  تا ئێستا دڵم نەهاتەوە دڵی بشکێنم.

دێوە دەڵێ: کاتێک چوویتەوە ماڵ و تێر حەسایتەوە دەستی کچەکەت بگرە بڵێ وەرە بەر ئەو بەڕۆژە ڕیشم بۆ بدۆزە لە ناکاو هەورێکی ڕەش دێ و هەڵی ئەگرێ بۆ ئێرە منیش ئەی بەم مارەی دەکەم و ئەیکەم بە هاوسەری خۆم.

مامەپیرە کەرشەلی لە گەنم بار کرد و بەرەو ماڵ گەڕایەوە هەر ئەڕۆشت و فرمێسکی ئەڕشت و  بۆ بەختی ڕەش و چارەنووسی شوومی کچەکەی لە بەر دیوانی خوادا ئەکڕووزایەوە و دووعای بەخێری بۆ دەکرد، دەمەو ئێوارە بوو خۆر بەبێدەنگی و بە ڕەنگی زەردەوە کە لە بەر چاوی مامەپیرە لە خۆرەکەی ئێوارانی ڕابردوو نە دەچوو لە سوێیان ئاوا بوو، مامەی دڵ بە خوێن و نیگەران بارە گەنمی بە عەرزادا و ژن و منداڵەکانی بە پیریەوە چوون هەر کە چاوی بە کچەگەورەکەی کەوت دای لە قوڵپی گریان بۆ ئەوەی پرسیاری لێ نەکەن وتی: ئەوە گریانی خۆشییە کە چاوم بە ئێوە کەوتەوە ئاخر ماوەی مانگێکە لێتان دوورم و زۆر بۆتان بێتاقەت بووم، ئەو شەوە چاوی لە سەر کچەگەورەکەی هەڵنەدەگرت وەک شەوانی دیکە پێکەنین و قسەی خۆش و نەزیلەی پێ نەبوو مات و مەلوول سەری کردە سەر باسکی و خەو بردیەوە تا بەیانی هەر لە داڵغەی ئەو کارەدا بوو لە سەر خەم و ئازارەکانی ئەتلایەوە جاری وابوو لە ناکاودا یەک بە خۆ ڕادەچەنی و هەڵ ئەستا هەردوو ئەژنۆی لە ئامێز دەگرتن، لەکاتی هەتاو گرمبوونا دەستی کچەکەی گرت و پێی گوت: ڕۆڵە وەرە بەڕۆژێ ڕیشم بۆ بدۆزە ماوەیەکە بۆت نەدۆزیوم بۆ دەستەکانت بێتاقەتم دەمێکە تێر تماشای چاوە جوانەکانتم نەکردەوە

کچە وتی: بابەگیان بە سەر چاوم با بڕۆین منیش دەمێکە گوێم لە بالۆرەکانت نەگرتووە ئیتر نابێت بە جێمان بێڵی و لێمان دوور وەکەوی.

لە گەرمەی ڕیش دۆزین و قسەی خۆشدا بوون کە هەورێکی چڵکن و ڕەش لوول بۆوە و کچەی هەڵگرت و بردی بۆ لای دێوەی ساحێب کۆشک و تالار، دێوە دەستی کچەی گرت و بە هەموو قەسر و دووکانەکاندا گێڕای کە پڕ بوو لە تەڵا و جەواهێر و خۆراک و جلوبەرگ وهەرچی لە دنیادا شک دەبەی لەوێش هەبوو پاشان زیندان و قەتڵگای نیشان دا کە هەر کچ و ژن بوو بە مەمک و قژ هەڵاوەسرابوون وتی: ئەزانی ئەوانەم بۆ هەڵاوەسیون چوون بێ ئەمری منیان کردەوە و درۆیان لەگەڵ کردووم ئەگەر تۆش بێ ئەمری من کەی بە قژ هەڵتەواسم. پاشان ئەیباتە دیوەخانی خۆی لە قوتوێکی جەواهێردا زەکەرێکی بۆ دەردێنێ و پێی دەڵێ: بەیانی زوو من دەچم بۆ ڕاو تا دێمەوە دەبێ بە کاڵی بیخۆی دەنا سەزاکەت بە قژ هەڵاوەسینە.

کچە دەپاڕێتەوە و دەڵێ: ئەوە کەی خۆراکی منە تکا دەکەم زۆریم لێ مەکە منت بۆ هێناوە بۆ ئێرە من ڕازی نیم شوو بە تۆ بکەم مەرەخسم بکە با بڕۆمەوە بۆ لای باوکم ئێستا ئەوەندە گریاوە چاوی کوێر بووە، دێوە مۆڕەیەکی لێدەکا و دەڕوات بۆ شکار کچە هەرچی دەکا و دەیهێنێ و ئەیبا بێزی نایات بیخوات ئەچێت چاڵێکی قووڵ لەبەر دەرگاکە هەڵدەکەنێت و ئەیخاتە ئەوێ و دای دەپۆشێت ئەڵێ: جا چووزانێ کە هاتەوە بەلای ناخێری ئەڵێم خواردوومە، لای ئێوارە دێوە دێتەوە ئەڵێ: خواردووتە ڕاستم پێ بڵێ کچە لە ژێر لووتەوە ئەڵێ: بەڵی خواردوومە بانگ دەکا زەکەرەکە لە کوێی جواب ئەداتەوە ئەوە لە چاڵێدام لە بەر دەرکێ دەچێ دەری دێنێتەوە و کچە دەبا بە قژ هەڵی واسێت.

دووای ماوەیەک مامەپیرە بەگیر دێنێ و ئەڵێ: کچەکەت نەخۆشە منی ناردەوە بە شوێن کچە نێونجیەکەتدا دەبێت بە زووترین کات بیبەم بۆ لای دەنا لە ئەگەری مردندایە، مامەپیرەی دڵشکاو زۆر ئەپاڕێتەوە و پێی دەڵێ: تکات لێدەکەم لەوە زیادتر ماڵم وێران مەکە با لە خەفەت و مەراقی خۆم سیل هەڵ نەهێنم ئەو کچەشم لە بەین مەبە بەڵام دێوەی بێبەزەیی و بێڕەحم ئەو قسانەی سەر ناچێ و کچە لەگەڵ خۆی دەبا بۆ کۆشک و تالارەکەی ئەویش بە وێنەی خوشکەگەورەکەی بە دووکان و بازاڕەکەدا دەگێڕێ و هەموو جوانیەکانی ئەو قەسرە خۆشەی نیشان ئەدا کچە سەری سووڕ دەمێنێ لەو هەموو زێڕ و زیوە، ئەو هەموو جلوبەرگە جوانە لە دێوە دەپرسێ: ئەی خوشکم لە کوێیە؟ بۆچی دیارنییە؟ چی قەوماوە؟

دێوە دەستی دەگرێ و ئەیبا بۆ ژووری ئیعدام و خوشک و هەموو ئەو ژنانەی هەڵاوەسراون بە قژ و مەمک نیشانی ئەدا و پێی دەڵێ: ئەگەر تۆش درۆم لەگەڵ بکەی ئەوە چارەنووسی تۆش ئاوای لێدێ و بە مەمک هەڵت دەواسم ئەوانەی لێرە ئەیانبینی هەموو درۆیان لە گەڵ کردووم منیش کەسێک لەگەڵم ڕاست نەبێ لێی خۆش نابم.

کچە دەڵێ: دەبێ من چیبکەم کە تۆڕازی بیت و من نەکوژی؟

دێوە ئاخێک دەکێشێ و نەعرەتەیەکی لێوە دێت و دەڵێ: من دەچم بەلای خەلە و خرمانەوە و سەردانی دەکەم تا ئێوارە دێمەوە دەبێ ئەو زەکەرە بەکالی بخۆی کە لەم جەعبەدایە ئەگەر درۆم لە گەڵ بکەی و نەیخۆی ئەوە بە سزای خۆت دەگەیەنم هەر وەک چۆن خوشکتم بە تاوانی خۆی گەیاند، دێوە دەڕوا و کچە هەرچی دەکا بۆی ناخورێ و تەبیعەتی نایبا دووای بیرکردنەوەیەکی زۆر بەو ئەنجامە دەگا بیسووتێنێ و ئەچێ تەندوورەکە دا ئەخا وئەیخاتە ناو ئاگرەکە بە خەیاڵی خۆی دێوە پێ نازانێ کە چی بە سەرهاتەوە.

ئێوارە دێوە بە میشەمیش دێتەوە بە کچە دەڵێ: زەکەرەکەت خوارد؟

کچە بەترسەوە دەڵێ: بەڵێ هەر دووای ڕۆشتنی تۆ خواردم.

دێوە بانگ دەکا: زەکەرەکە لە کوێی؟ وڵام ئەداتەوە  لە ناو خۆڵەمێشی تەندوورێم دێوە ئەڵێ تۆ بەڵێنت پێ دام درۆم لەگەڵ نەکەی ئێستا بە سزای تاوانباریت دەگەیەنم ئەویش ئەبا لە پەنا خوشکەکەیدا بە مەمک هەڵدەواسێ.

دووای ئەو کارەساتەش دێوە پیلانێکی دیکە دا ئەڕێژێت بۆ بەدەسهێنانی کچە چکۆلەکەی و ئەڕوات بۆ لا مامەپیرە و پێی ئەڵێت: کچەکانت لە سەفا و خۆشیدان و زۆر بەختەوەرن منیان ناردەوە بە شوێن خوشکە چکۆلەکەیان تاکوو ئەویش کەمێک خۆش بگوزەرێنێ لە دووایدا بە یەکەوە دێنەوە نیگەران مەبە، مامە پیرە سەر ڕائەوەشێنێ و لە فێڵ و تەڵەکەی حاڵی دەبێ بەڵام دەسەڵاتی نییە و هیچی بۆ ناکرێ لەگەڵ دێوەی یاخی و بێڕەحم ناچار تەسلیمی ئەبێت و کچەچکۆلەی لە ڕادەبەدەر خۆشەویستی ئەداتێ و پێی ئەڵێ دایکیان لە تاو کچەکانی هەر دوو چاوی کوێر و زەلیلە ڕەحمت هەبێ بیان هێنەوە با لەوە زیاتر شەرمەندەی نەبم.

دێوەئەڵێ: بەسەر چاو.

لەگەڵ کچە کە ناوی خرتیل و پشیلەیەکی لە باخەڵدا ئەویش هەر ناوی خرتیل دەبێ بەرەو کۆشک دەکەونە ڕێ لە نزیک ماڵ پشیلە ئەمیاوێنێ و دێوە هەست بە مەترسی دەکا و ئەڵێ: ئەوەچیە خرتیل لەگەڵ خۆت هێناوتە؟ خرتیلی زانا و هۆشیار ئەڵێ: ئەوە هاورێمە کاتێک بێتاقەت دەبم یاری لەگەڵ دەکەم.دێوەی خاوەن کۆشک و تالار خرتیل دەبات بە هەموو دووکان و بازاری قەسردا دەیگێڕێ و گشت کۆشکی پێ ئەناسێنێ لەو ماوەدا خرتیل، دێوە پرسیارپێچ دەکا و ئەی هەوێ سەر لە هەموو ڕازی کۆشک دەربێنێ بەو هۆکارەشەوە دێوە زۆر خۆشی لە خرتیلی زرەنگ دێ هیوا دەخوازێ درۆی لەگەڵ نەکا و ببێتە هاوسەری ڕاستەقینەی هەر بۆیە بەزووترین کات ئەیباتە قەتڵگا و تەرمی هەڵاوەسراوی خوشکەکانی نیشان ئەدا و ڕووداوەکانی بو باس دەکات و ئەڵێ: ئەگر تۆش درۆم لەگەڵ بکەی بەو شێوە ئەتکوژم.

خرتیل ئەڵێ: چت لە من دەوێ با بەرێوەی بەرم، بێکەم  و زۆر ئەیهەوێ متمانەی دێوە بە دەست بێنێ و تۆڵەی خوشکەکان و ئەو هەموو جەنایەتانەی لێبکاتەوە.

دێوە زەکەرەکەی ئەداتێ و پێی ئەڵێ: من دەڕۆم بۆ شکار تا دێمەوە ئەبێت بە کاڵی بیخۆی و ببیتە خاوەن کۆشک و تالار خرتیل بە خێرایی تووربێن و نان و کەوانی بۆ دە پێچێتەوە و ڕەوانەی دەکات هەر خێراش زەکەرەکە ورد ئەجنێ و دەرخوارد پشیلەکەی ئەدا  کاتێک دێوە لەڕاو دێتەوە  بە خرتیل دەڵێ: زەکەرەکەت خوارد؟ خرتیلی جوان و ڕازاوە ئەڵێ: بەڵێ هەر دووای تۆ ئەمرەکەتم بەجێ هێنا، دێوە بانگ دەکا زەکەرکە لە کوێی؟ وڵام ئەداتەوە ئەوە لە ناو سکی خرتیل دام دێوەی سەرمەست لە خۆشحاڵیدا خرتیل لە باوەش دەگرێ و ئەوەندی ماچ دەکا تا دەبووریتەوە و بە لایا دێ.

ماوەی چەند ڕۆژ دەگوزەرێ دێوە هەوای زەماوەند لە کەلەی ئەدا بە خرتیل دەڵێ: من دەچم بە شوێن پوورمدا دوو ڕۆژێکم پێدەچێ تا دێمەوە ئاگاداری کۆشک و باڵاخانەکان بە دەرگاکان مەحکەم گاڵە دە ڕێگا بە کەس نەدەی بێتە ناو کۆشکەوە هەموو دار و نەدارم ئەسپێرم بە تۆ خەیانەتم پێ نەکەی خرتیل کە لەو ماوە کورتەدا تەواو متمانەی دێوەی بە دەست هێنا بوو بەڵێنی پێ ئەدا کە هیچ ڕوو نادا و ئاگاداری ئەوزاع دەبێت.

کەڵەشێری بەیان لە بانگی دا و دێوە بەرەو ماڵی پووری ڕێ دەکەوێ لە بەر خۆیەوە ورتە ورت دەکا و جارناجارێکیش لە خۆشیاندا جووتڕکەیەک لێ ئەدا.کاتێک بۆگەنی دێوە دەبڕێ و گۆڕی خۆی ون دەکا خرتیل

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

دەست بەكار دەبێ لە پێشدا بە دارتاش دەڵێ کۆلارەیەکم بۆ سازکە لەم بەند و عەزابە نەجاتت ئەدەم، هەر زوو دەست بەکار دەبێ و خۆی رزگار دەکات پاشان لە لای خەییات جلێکی جوان ئەدووڕێ و دەچێ بۆ لای زێڕنگەر تەڵا و جەواهێراتێکی زۆر هەڵدەگرێ و خۆی لە ئاوی زێڕ هەڵدکێشێ دووای ئازادکردنی هەموو کۆیلە و یەخسیرەکان سوار کۆلارە دەبێت و دەڕوا لە نیوەی ڕێگا چاوی بە دێوە دەکەوێ کە شانبەشانی پووری بەرەو کۆشک دەگەڕێتەوە لە ترسانا دەکەوێتە خوار ڕاست بۆ سەرڕێگا، دێوە هەڵی دەگرێتەوە ئەڵێ: بەڕاستی جوانە دەیبەمەوە بۆ خرتیل با یاری لەگەڵ بکا خرتیل لە ترسان میز بە خۆیا دەکا دێوە ئەڵێ: ئەی لەم بۆچەکە جا ئەوە کەی بۆ خرتیلی تەڕ و تەمیزی من دەبێت تا هێزی تیا دەبێ تووڕی ئەدا.

خرتیلی داچڵەکاو دووای ڕۆشتنی دێوە لە کۆلارە دێتە دەر و دەکەوێتە ڕێ لە نزیک شار شوانێکی تووش دەبێ و پێی دەڵێ: مەڕێکم بۆ سەر ببڕە هەر پێست و ڕیخۆڵەکانم دەوێ گۆشت و جەرگودڵەکەشی بۆ خۆت هەر چەندەش داوا بکەی ئەتدەمێ، شوانە مەڕێکی جوان و قڵەوی بۆ دەگرێ و ئەیداتێ ئەویش ورگو پێستەکەی لە بەر دەکات و ڕیخۆڵەکانی لە سەر دەپێچێ جوانی ڕووخسار و بەژنی شووشی دەشارێتەوە و خۆ بە ناو شاردا دەکا و جاڕ ئەدا شوانەقەل کۆلفەتی کوڕی شا بەزەی پیا دێت ئەیکات بە شوانەقەل و کۆلفەتی دایکی دووای چەند ڕۆژ داوا لە شاژن دەکا شانە و سابوونی بداتێ بچێ لە چەمی خۆی بشوا شازادە لەو ماوەیەدا لێی مەشکوک دەبێت کە بەو شێوو خۆی داپۆشیوە دەچێتە سەر چنارێک خۆی لێ دەگرێ کاتێک پێست و ورگ و ڕیخۆڵەکان لە خۆی دەکاتەوە جوانێکی لە ڕادەبەدەر دەبینێ کە تا ئێستا نەی دیوە بەژنێک داڕژاو بە تەڵا و جەواهێر ئەندامێکی سپی و ناوسک سەری سووڕ دەمێنێ لە جوانی ئەو بابان وێرانە سووک لە چنارەکە دێتە خوار و ئەڕواتەوە بۆلای دایکی و ئەڵێ: شەو دەبێت ئەو کۆلفەتە نانم بۆ بێنێ بۆ دیوەکەی خۆم دایکی پێی سەیر دەبێ بەڵام هیچ ناڵێ خرتیل دوای خۆشۆردن دەگەڕێتەوە بۆ خزمەت شاژن و ئەڵێ: خاتوون ئەمرت بەچییە ببورە درەنگ گەڕامەوە و شەوم بە سەردا هات، خاتوونی گەورەی ماڵ پێی دەڵێ: شازادە ئەمری کردەوە دەبێت تۆ نانی شێوی بۆ بەری بۆ دیوەخان خرتیل ڕەنگێک ئێنێ و ئەبا هەموو لەشی سەر لەرزین دەکەوێ و ئەڵێ: من کاری واناکەم چۆن بێزی دێ بەدەست شوانەقەلێک نان بخوات ئەو تا ئێستا هەر بە دەستی مەلەکەی ماڵ نانی خواردەوە. شاژن دەڵێ ئەگەر ئەمری بەجێ نەهێنی ئەوە زمانت ئەبڕێ بەناچار تەسلیم ئەبێت و نانەشانە لە سەر دەستان دەگرێ و دەچێتە ژوور شازادە ئەڵێ: ئەو دەرگایە پێوە دە و ئەو شتانەی لە خوت پێچاوە لایان ببە خرتیل بێ ئەمری دەکا و دەکەوێتە کرووزانەوە ئەڵێ: وازم لێبێنە ئەڕۆمەوە ماڵی باوکم نەریتی ئێمە هەر وایە دەبێ ئەوانە لە بەر کەین شازادە خەنجەر هەڵئەکێشێ و لە سەر بۆ خوارەوە هەڵی ئەدڕێ و هیچی لە بەردا ناهێڵێ لە زریکە و هاوار هاوار دایکی شازادە خۆ بە ژوورا دەکا و بەبینینی ئەو شۆخ و شەنگە لە جیی خۆیدا دەعەبەسێ دەمی دەبێتە تەڵەی تەقیو کوڕەکەی ئەڵێ: دایەگیان تماشاکە چ مانگێک لە ژوورەکەمدا هەڵ هاتووە من لە دوانیوەڕۆوە ئارام و قەرارم لێ براوە شێت و شەیدای بووم دەبێت بیکەی بە هاوسەرم. دووای سێ شەو و سێ ڕۆژ گۆڤەند و شایی خرتیل لە شوانەقەل و کۆلفەتییەوە دەبێتە شاجوانی کۆشک و ژنی شازادە.

دێوە کە دەچێتەوە کۆشک ئەبینێ دار بەسەر بەردەوە نەماوە بە هەردووچەپۆک ئەکێشێ بە سەر خۆیدا و ئەڵێ: ئەی خرتیل چۆن ماڵت وێران کردم تۆڵەی هەر دوو خوشکەکەت لێکردمەوە ئەی ماڵوێران خۆم ئەی قوڕ بە سەر خۆم  دەست دەکا بە گریان و باوکەڕۆ و خۆی لە خاک وەر ئەدا پووری دڵخۆشی ئەداتەوە و پێی دەڵێ: ڕەسمی دێوان وەهایە تا تۆڵەی خۆیان نەکەنەوە ئارام ناگرن و واز ناهێنن هەستە تۆش بڕۆ بە شوێنیدا و بیدۆزەرەوە ئەوکات بڕیاری خۆتی لە سەر بدە چۆن ماڵی وێران کردووی ئاواش درووستی کاتەوە منیش نەختێک ئەم دەر و هەیوانەت بۆ هەڵ ئەپەرژێوم.

دێوەی ساحر کولەکەی جادوو هەڵدەگرێ و بە شار و دێیاندا دەگەڕێ دووای دوو ساڵ ڕۆژێک لە ڕۆژان بە کۆڵانی ماڵی پادشادا ئەڕوات و هاوار ئەکات خەنە بۆ پێ، خەنە بۆ پێ خرتیل گوێی لێ دەبێ لە پەنجەرەوە سەر دەکێشێ و پێدەکەنێ دێوە بە دیانە زەردەکەی کە خۆی بۆی درووست کردەبوو ئەی ناسێتەوە ئەڵێ: خوشکەکەم ڕێگام ئەدەی ئەمشەو میوانتان بم خرتیل کە ژنێکی لێهاتوو و زرەنگ دەبێت ئەکەوێتە شک و گومانەوە ئەڵێ: نەخەیر پیاومان لە ماڵ نییە، ئێوارە کە شازادە دێتەوە دێوە خاهیشی لێدەکا بۆ شەو سەر تەنوورێکی باتێ ئەویش بەزەیی پیا دێت و ئەی باتە ماڵەوە خرتیل ئەڵێ: ئەمە سیخووڕ و پیاو خراپە ڕێگەی مەدە تکات لێدەکەم  بەڵام شازادە بە قسەی ناکات.

لە نیوەی شەودا دێوە ڕۆحی هەرچی زیندەوەری ئەو شارەیە ئەگرێ و ئەیانخاتە ناو کوولەکەی جادوو هەموو بێهۆش و بێ ئیختیار ئەبن ئەمجار دەچێتە ژووری خرتیل و پێی دەڵێ: کاتمان کەمە هەستە خۆت حازرکە با بڕۆین دووساڵە بە شوێن تۆدا دەگەڕێم ئەگەر ئێستا بێدەردەسەر لەگەڵم بێیت ئەوە ئەت بەخشم دەنا لێت خۆش نابم.
بەڵام خرتیل بە قسەی ناکات و هەڕەشەی لێدەکا و ئەڵێ: ئەگەر نە چیتەدەر لەم ژووورە ئەوە هەمووشتێک بە شازادە ئەڵێم و ئەتدا لە سێدارە
دێوە ئەڵێ: چارەت ناچارە بانگی شازادەکە بڕۆرە دەر بە هێزی خۆت هاوارکە کەس نا توانێ یارمەتیت بدا تەنیا ڕێگایەک کە بۆت ماوەتەوە ئەوەیە لەگەڵم بێیت.خرتیل هەرچی بانگ لە مێردەکەی دەکا و لە دەرەوە ئەقیژێنێ بێهۆ دەبێ ئەمجار لە دێوە دەپاڕێتەوە و ئەڵێ: بیکە بە خاتری خوا دوو منداڵم هەیە ئەوان چی لێ بکەم.
دێوە ئەڵێ: ئەگەر بە قسەم نەکەی ئەوە هەر ئێستا هەر دوو کوڕکەت سەر دەبڕم بەڵام خرتیل بە قسەی ناکات و هەر ئەکرووزێتەوە دێوەی بێدین کوڕە گەورەکەی سەر دەبڕێ و ئەڵێ: ئەمجارەش مۆڵەتت پێ ئەدەم بڕۆرە دەر بە هێزی خۆت هاوارکە بزانە کەس فریاد دەکەوێ؟ دەچێتە دەر هەرچی هاوار دەکا کەس بە هانایەوە نایە ئەمجار کوڕە چکۆلەکەشی سەر دەبڕێ و ئەڵێ: هەر نایەی لەگەڵم؟ بڕۆ تا سێ کەڕەت لە دەرەوە هاوارکە ئەگەر کەس بە هاناتەوە نەهات ئەوە بۆ خۆشت سەر ئەبڕم و ئەڕۆم، لە کاتی چوونە دەرەوەدا مێروولەیەک پێی دەڵێ: خاتوون لەو قوڕاوە وەمپەڕێنە بە کەڵکت دێم ئەی پەڕێنەتەوە و مێروولە بە دیوارەکەدا سەر دەکەوێ و کوولەکەکە کون دکا و هەمووخەڵقی شار ڕۆحیان بە بەردا دەکرێتەوە کاتێک هاوار و ڕۆ دەکا شازادە خەبەری دەبێتەوە و ئەبینێ ئەوە هەر دووکوڕەکەی سەربڕاون و خەڵتانی خوێنن دێوە چاوی دەرتۆقاندەوە و چەقۆیەکی بە دەستوەیە خرتیل پێی ئەڵێ: مەگەر نەمگوت ڕێگای مەکە ئەوە پیاو خراپە چاوت لێیە چیمان بەسەر هاتووە؟
دێوە بە شازادە دەڵێ: مەمکوژە هەموو شتێکت لە نووکەوە بۆ دەگێڕمەوە، هەموو ڕووداوەکەی بۆ باس دەکا کە چۆن بڕیاری هاوسەری پێداوە و ماڵ وێرانی کردووە داوا دەکا قازی و دادوەر داوەری هەر دوو لابێت و حوکمیان بدات خرتیلیش بۆی دەگێڕێتەوە کە چۆن دوو خوشکی بە قژ و مەمک هەڵا وەسیوە و لە سێداری داون ئامانجی تەنیا تۆڵە کردنەوە بووە نەک هاوسەرگیری.
بەیانی وێڕای شازادە دەچن بۆ لای دادوەر دێوە ڕووداوەکە پێچ ئەدا و ئەڵێ: من هیچ تاوانێکم نەکردەوە بۆخۆی دوو کوڕەکەی سەر بڕیوە ویستوویەتی لەگەڵم بێتەوە بزانن چەقۆی خوێناوی لە گیرفانی کامماندایە؟ کە گیرفانی خرتیل دەگەڕێن چەقۆکە لە وێدایە و مەحکوم دەبێت.
خرتیل ڕوودەکاتە قازی و دەڵێ: ئەگەر لە پشت ملەوە سەر بڕابن ئەوە کاری منە ئەگەریش لە پێشەوە سەربڕابوون ئەوە کاری دێوەیە.
بەو جۆرە دێوە مەحکوم دەبێت بە کوشتن، جاڕ لێ ئەدەن هەموو خەڵکی شار کۆ دەبنەوە و لە مەیدانێکی گەورەدا ئەی بەستن بە کلی ئەسپێکی تۆڕەوە

منیش هاتمەوە و هیچیان نەدامێ......



## پێشکەش بە منداڵانی کوردستان

باوکی نیشتمان

### گۆرانی

کام گۆرانی ناوازە
لەبەردڵان و شازە

خۆزگە و خەون و ئاواتە
پێشکەش بێ بەم وڵاتە

پڕ لەنەغمە و ئاوازە
لە شوێنی تر جیاوازە

پڕ لەمۆسیقا و جوانی
قەڵبەزەی بەفراوانی

زێدی زەنوێری کوردە
دەشتایی و شاخ و هەردە

سەرانسەر دارستانە
نیشتمان کوردستانە

### سیروان

من رووباری سیروانم
باڵابەرز و چاوجوانم

سەرتۆپی هەورامانم
سامانی کوردستانم

دراوسێی دارستانم
هێما بۆ نیشتمانم

رێگەم دوور و درێژە
پێچاوپێچی ناو گێژە

هەرچی بەفراوی هەردە
کانی و ئاوی بن بەردە

ئەرژێنە ناو باوەشم
بەم بەختەمە دڵگەشم

### تەبلێت

باوکەگیان گوێ بگرە لێم
بزانە چیت پێ ئەڵێم

یەک داواکاریم لێتە
حەزم زۆر لەتەبلێتە

بۆ فێربوونی زانیاری
یان بۆ جۆرەها یاری

بۆ فیلم و کارتۆن بینین
بیستنی دەنگی شیرین

مۆسیقای پڕ لەجوانی
نەخمە و بەستە و
گۆرانی

توخوا دڵم مەشکێنە
تەبلێتێکم بۆ بێنە

باوکە گیانی بەرێزم
مەرجە جوان بیپارێزم

بە شارژی جاربەجارە
بەیانی تا ئێوارە

ناهێڵم پەکی کەوێ
یان باتریەکەی خەوێ!

بۆی ئەبم بەسەرپشکێ
ناهێڵم هەرگیز بشکێ

### کاکە بچکۆل

کاکە بچکۆلە
ئەو خڕ و خۆڵە

ئەمشەو تا بەیان
لە گەڵ ئەستێران

هات و چۆیان بوو
گفت و گۆیان بوو

بە یاری و کایە
لەئەو دونیایە

دڵخۆش و شادبوون
لە خەم ئازادبوون

تریفەی مانگ و
قووڵایی مەنگ و

چی لەئاسمان بوون
لەناو باسیان بوون

کە شەو تێپەڕی
لە خەو ڕاپەڕی

زانی خەو بووە
لەدەستی چووە

ئای کە چەن خۆش بوو
زۆر بۆی پەرۆش بوو

هەر ئەیوت بریا
سەر لەنوێم بدیا

ئەو شوێنە شازە
ناوازە و نازە



## وەرگێڕانی گوڵبژێرێک لە شێعرەکانی : ک.د.ئازاد
## ( ١ )

وەرگێڕ: دوکتۆر مەولوود خوانچە زەرد ـ بۆکان
( ڕۆژنامە نووس، شاعیر ، نووسەر و وەرگێڕ)

من نازانم لە کوێ دەمرم؟
نازانم کەی ،
ئەجە لە ئەدا لە دەرگاکەم؟
نازانم چۆن؟
بە کام شێوە؟
بەرە و ڕووی مەرگی خۆم دەبم!
نازانم ؟ ...نا!
بە لام لێم ڕوونە ئەو کاتەش لە سەرمایە ،
سەودای عەشقی نیشتمانم
لە دڵمایە ،
خۆشەویستی کوردستانم!

### ترجمه فارسی

نمی دانم ، کجا خواهم مرد؟
نمی دانم اجل ،
کی در خانه‌ام را خواهد کوفت؟
نمی دانم چگونه
با مرگ روبه‌رو خواهم شد؟
نمی دانم ...نه!
اما یقین دارم
در آن هنگامه
سرم پر از سودای میهن و
دلم لبریز
از عشق کُردستان است!

### ترجمه آلمانی

Ich weiß nicht,wo ich werde sterben?
Und ich weiß nicht, wann mein Tod wird kommen?
…, wie ich werde meinem Tod begegnen?
Das ist mir zu hoch,
Ich weiß nicht …. Nein!
Aber das ist eine klare Sache,
Auch an einem solchen Tag,
Ich werde mich verlieben in meine land,
Und mit Lieb und Seele,
Ich werde lieben: Kurdistan!

### ترجمه عربی

لا أدری أين أموتُ؟
لا أدری أيضا
متی أو کيف
أواجهُ مَوتي
في حياتي مُواجَهَة؟
لا أدری ... لا!
لکنّي أدری جدّاَ
في ذلکَ الوقتِ أيضاَ
إنّي واقِعٌ في حُبّ الوَطَن
و مِن صَميم القلبِ
إنّي أعشق کوردستانَ!

### ترجمه انگلیسی

I don’t know where I will die?!
I don’t Know when fate overtakes me?
I don’t know …. No!
How and in what way?
But I am sure,
If it comes such a day,
Again, I’ll be in love with my land,
And from the bottom of my heart,
I’ll love Kurdistan!

وەرگێڕ: دوکتۆر مەولوود خوانچە زەرد ـ بۆکان        وەرگێڕانی گوڵبژێرێک لە شێعرەکانی : ک.د.ئازاد
( ٢ )

## دژایەتی

خوێنمان بە جۆیەک دا ناڕوا
دوورین لە یەک
وەکوو ؛ بەفر و گوڵە هێرۆ
عەرز و عاسمان
غەم و شادی!
ئەوان،
خەویان لە من دەوێ
من ڕاپەڕین!
ئەوان،
تامەزرۆی بێدەنگین
من ئازادی!

### ترجمه فارسی

**ضدیت**

آبمان در یک جوی نمی رود
از هم دوریم
همانند: برف و گل ختمی
زمین و آسمان
غم و شادی
آنان ز من خواهند خفتن و بیدارنشدن
اما من جنبش و انقلاب را
آنان عاشق سکوتند
اما من آزادی!

### ترجمه آلمانی

**Gegeneinander**

Mit denen,
Ich sind der gleichen meinung nicht,
Weit voneinander entfernt:
Wie der Schnee und der Eibisch
Die Erde und der Himmel
Die Traurigkeit und das Glück.
Sie mir wollen die Schlaffheit,
Aber ich möchte das Erwachen und die Revolte,
Sie wollen, dass ich hülle mich in Schweige,
Weil meine Schweigen ist ihres Wunsch,
Aber ich liebe liberal und die Freiheit!

### ترجمه عربی

**المُخالَفة**

أنا تَئِقٌ وَ أَنْتَ مَئِقٌ فَكَيْفَ نَتَّفِقُّ.
أفكاري بعيدةٌ جِدّاً عنهم
أين الثرى و أين الثريّا:
كَـــالثَّلج و زَهرة خطمى،
الأرضِ و السَّماء،
الحُزنِ و الفَـرَحِ..
يريدون مِنّي النّومَ وَ الغفلة
لكنني مُهتَمٌّ بــالوَعي و الاستيقاظ و والثورة
إنَــهُم مَفتُونُونَ بـِسـُـكوتـي
لكِنّي مَفتُــونٌ بـــالحُريـَّة...

### ترجمه انگلیسی

**The opposition**

We will never go in double harness
I don't think like them
Far apart from each other:
Like snow and hollyhock
The earth and the sky
Sadness and happiness
They want me to sleep and not wake up
But I'm interested in awakening, rising up and revolution
They like me to be silent forever
But I love freedom!

**بانە ۲۶ی ڕەشەمە ۱۳۹۹ (۱۶ مارس ۲۰۲۱) ئێوارە شێعرێک بۆ هەڵەبجە لە لایەن ئەنجومەنی ئەدەبی بانە**
**بە هاوکاری ئەنجومەنەکانی: هاژە،کانی و بەڕۆژە**

















